# ئەو رۆژەی کە ونبووم

## هەڵبژاردەی چیرۆکی جیهانی

و:حەمە کەریم عارف

چاپی یەکەم

٢٠٠٦

# دیوار

چیرۆکی: جان پۆل سارتەر

دەڵـەکیان داینـە نـاو ژوورێکـی ساردی سـپییەوە. تیشـکی روونـاکی لەچـاوی دابـووم و رێشکەوپێشکەی دەکرد. ئەوجا مێزێکم بینی کە چوار کەسی لە پشتەوە بوو، ئەمانـە جلکی مـەدەنیان لەبـەر بـوو و هەنـدێ کاغـەزیان تەمەشـا دەکـرد. زنـدانیانی دیکـەیان لـە بـنی ژوورەکەدا کۆکردبووە، ئێمە دەبوایە سەرانسەری ژوورەکە تەی بکەین تـا بگەینـە لای ئـەوان. زۆریانم دەناسی بەڵام هەنـدێکی تریـان غـەریب بـوون. دوو نەفـەریان کـە لـە بـەردەمی منـدا بـوون، مـووزەرد و کەللـەخڕ بـوون، لێکـدی دەچـوون: بەمەزەنـدەی مـن فەرەنسـاوی بـوون. بچووکەکەیان لێکدا لێکدا پانتۆڵەکەی هەڵدەکێشا: تورە بوو.

نزیکەی سێ سەعاتان بوری، من گێژ و وڕ بوو بـووم و سـەرم خـاڵی بـوو، لـێ ژوورەکـە تـەواو گـەرم بـوو و مـن گەرمییەکـەیم لـە گیـان خـۆش بـوو چونکە ٢٤سـەعاتی بـەردەوام بـوو کـە هەڵدەلـەرزیم. پاسـەوانەکان، حەپسـەکانیان یـەك بـە یـەك دێنایـە بـەر مێزەکـە. ئـەو چـوار نەفەرەی پشت مێزەکە ناوو کاریانیان دەپرسی. بەزۆری یا هیچی تریان لێیان نەدەپرسـی، یـا بۆ نموونە ئەم جۆرە شتانەیان دەپرسـی: "تـۆ لـە خراپکارییەکـەی جبەخانەکـەدا بەشـداریت کـردووە؟" یـا "رۆژی نۆیـەم بەیانییەکـەی لـەکوێ بوویـت و چـیت دەکـرد؟" گوێیـان بـە وەڵامـەکان نـەدەدا یـا وایـان دەنوانـد کـە گـوێ نـادەن. تۆزێـك بێـدەنگ دەبـوون و ڕاسـت دەیانڕوانیە بەردەم خۆیان، ئەوجا دەستیان بە نووسین دەکرد. لە (توم)یان پرسی ئایا ڕاستە کە لە تابوری نێو نەتەوەییدا خزمەتی کردووە، تۆم نەیدەتوانی نکۆڵی بکات، چونکە هەنـدێ کاغەزیان لە گیرفانی گرتبوو. هیچیان لە جون نەپرسی، بەڵام هەر کە ناوی گوت، ماوەیـەکی زۆر خەریکی نووسین بوون. جۆن گوتی: (جوزیەی برام بابایـەکی شۆڕشـخوازەو بـەخۆتان لـە من باشتر دەزانـن کـە لێـرە نییـە، مـن لـە هـیچ حزبێکـدا نـیم، مـن هـەرگیز خـۆم لـە قـەرەی سیاسەت نەداوە.) ئەوان وەڵامیان نەدایەوە. جون دیسان گـوتی: "مـن هیچـم نـەکردووە. مـن نامەوێ باجی خەڵکانی دیکە بدەم."

لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد. پاسەوانێك بێدەنگی کرد و بردی. نۆرە هاتە سەر من:

- ناوت پابلو ئابییتایە؟

گوتم: بەڵێ

کابرا سەیری کاغەزەکانی کرد و گوتی:

- رامونگری لەکوێیە؟

- نازانم

- تۆ لە رۆژانی ٦ تا نۆزدەی مانگ ئەوت لەماڵی خۆتاندا شاردۆتەوە؟

- نە.

بۆ چەند ساتێك مژولی نووسین بوون و پاسەوانەکان کردیانمە دەرەوە. تۆم و جون لە دالانەکەدا لەنێوان دوو پاسەواندا چاوەنوارِ بوون. هەرکە جولاین تۆم لە یەکێك لە پاسەوانەکانی پرسی:

"باشە، دوای ئەمە؟"

پاسەوانەکە وەڵامی دایەوە:

- چی دوای ئەمە؟

- باشە ئەمە لێ پێچینەوە بوو یان دادگایی؟

پاسەوانەکە گوتی:

- ئەمە دادگایی بوو.

- باشە چی لە ئێمە دەکەن؟

پاسەوانەکە بەساردی وەڵامی دایەوە:

- لە زینداندا ڕای دادگاتان پێ ڕادەگەیەنن.

ئەو زیندانەی کە بۆ ئێمە تەرخان کرابوو یەکێك بوو لە ژێرزەمینەکانی خەستەخانە. دنیا زۆر سارد بوو.. بە درێژایی شەو هەڵ لەرزی بووین و بە رۆژیش وەزعمان باشتر نەبووبوو. من پێنج رۆژی پێشووم لە دەخمەی سەرای ئارشوك بەسەر بردبوو، ئەم بینایە جۆرە قەلایەکی پشتگوێ خرابوو کە لە سەدەکانی ناڤینەوە مابووەوە: چونکە ژمارەی زندانیان زۆر و جێگە کەم بوو، هەر شوێنێکیان دەستکەوتبووایە زیندانیەکانیان تێدەپەستا. من لە زیندانەکەی خۆم ڕازی بووم: سەرما ئەزیەتی نەدەدام بەلام تەنیا بووم، تەنیایی قەڵسی دەکردم. لە سەردابەکەدا هاودەمم هەبوو، جون هیچی نەدەگوت: چونکە دەترسا. ئەمە جگە

لەوەی کە لەوە گەنجتر بوو بتوانێ ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕێ: بەڵام تۆم چەنەباز بوو و زمانی ئەسپانی زۆر چاك دەزانی.
کەرەویتەیەك و چوار گونیەکا لە سەردابەکەدا بوو. کە ئێمەیان گەڕاندەوە، دانیشتین و بەبێ دەنگی کەوتینە چاوەڕوانی. دوای تۆزێك تۆم گوتی:
- "حیسابمان ڕۆییوە.
گوتم: منیش پێم وایە، بەڵام بەڕای من هەقیان بەسەر ئەم لاوەوە نابێ.
تۆم گوتی: چونکە براکەی شۆڕشخوازە ناتوانن سەرنگومی بکەن."
نیگایەکی جون-م کرد: پێدەچوو گوێ لە ئێمە نەگرێ. تۆم گوتی: "دەزانی لە ساراکوس چ دەکەن؟ خەڵکی لەسەر جادە پاڵدەخەن و بە ئوتومبێلی باری بەسەریاندا ڕەت دەبن، کابرایەکی مەراکشی هەڵاتوو بۆی گێڕاینەوە. دەڵێن لەبەر تەقەشوڕ تەقەمەنییە."
گوتم: "ئەدی تەقەشوڕ بەنزین نییە."
من لە تۆم دلگیر بووم: نەدەبوو ئەم قسەیە بکات. دووبارە گوتی: "ئەفسەرانێك دەست لە گیرفان و بەدەم جگەرەکێشانەوە لە جادەکاندا بۆ گرتنی خەڵکی دەگەڕێن. تۆ باوەڕ دەکەی کە نیوە گیانانش دەکوژن؟ بژنەف و باوەڕ مەکە. ئەوانە بە دەقی خۆوە بەجێدێڵن تا بەدەم هاواری ئازارەوە بتلێنەوە. هەندێ جار یەك سەعاتی تەواو درێژە دەکێشێت. کابرای مەراکشی دەیگوت: کە یەکەم جار ئەم دیمەنەم بینی خەریك بوو بڕشێمەوە.
گوتم: "ئەگەر بەڕاستی فیشەکیان لەکەمی نەدابێ، باوەڕ ناکەم کە ئەم کارە لێرەش بکەن."
روناکی رۆژ لە چوار کلاو رۆژنەو دەلاقەیەکی بازنەیی لای چەپی بن میچەکەوە کە لەوێندەرەوە ئاسمان دەبینرا، دەهاتە ژوورێ. لەم دەلاقە بازنەییەوە بوو کە زوخاڵیان دەڕشتە ژێر زەمینەکەوەو سەرەکەیان دەنایەوە. رێك لەژێر دەلاقەکەدا یەك دنیا خاك و خۆڵی زوخاڵ کەڵەکە بوو بوو کە جاران بۆ خەستەخانەکە بەکار دەهێنرا، بەڵام لە سەرەتای جەنگەوە ئیدی نەخۆشەکانیان دەرکردبوو و ئەو زوخاڵە بێ کەڵکە لەوێندەر مابوونەوەو هەندێ جار باران لێی دەدا، چونکە بیریان چووبوو کە سەری دەلاقەکە بنەنەوە. تۆم کەوتە لەرزین و گوتی:
"ئۆف دیسان دەستی پێکردەوە. دەلەرزم". هەستاو کەوتە سووکە وەرزش. لەگەڵ هەر جوڵەیەکدا یەخەی کراسەکەی لەسەر سینگە سپی و توکنەکەی دەکرایەوە. بەپشتا ڕاکشاو لاقەکانی لە شێوەی قەیچی دا بەرز کردە: سمتە قەڵەوەکانیم دەبینی کە دەلەرزی. تۆم

کەسێکی تۆکمـە بـوو بـەڵام بـەزی زۆر بـوو. مـن لای خۆمـەوە وام هەسـت دەکـرد کـە گوللـەی تفەنگ یان سەرەنێزە بەو زووانە ئەم خەرمانە نەرمە گۆشتە دەبڕێ و وەکو قاڵبە کە شەقی دەکات. ئەگەر لە ڕو لاواز بووایە ئەو هەستەی لا دروست نەدەکردم.

ئەوی ڕاستی بێ من سەرمام نەبوو، بەڵام هەستم بە شان و بازووەکانم نەدەکرد. هەندێ جار وام دەهاتە بەرچاو کە شتێکم گوم کردووە، دەورووبەری خۆم بـۆ پاڵتۆکـەم دەگـەڕام و پاشـان لە پڕ بیرم دەکردەوە کە پاڵتۆیان بەمن نەدابوو. ئەم هەستە بەسوێ بـوو. جلـەکانی ئێمـەیان بە سەربازەکانی خۆیان دابوو و تەنیا کراسمان لەبەردا بوو، ئەویش ئـەو دیزداشـە کەتانانـەی کە نەخۆشان لە چلەی تاوساندا لەبەری دەکەن. دوای تۆزێك تۆم هەستاو بە هانکە هانـك لـە پاڵ مندا ڕۆنیشت.

- گەرمت بووەوە؟

- نە، تەنیا هەناسەبڕکێم پێ کەوت.

دەورووبەری سەعات هەشتی شەو ئەفسەرێك لەگەڵ دوو سەربازی فاشیست دا وەژوور کـەوت، پەڕە کاغەزێکی بەدەستەوە بوو. لە پاسەوانەکەی پرسی:

- ناوی ئەم سێ نەفەرە چییە؟

پاسەوانەکە گوتی: شتین بوك، ئابییتاو میربال.

ئەفسەرەکە عەینەکەکەی لەچاو کرد و روانییە کاغەزەکەی خۆی.

-شتین بوك... شتین بوك... تۆ مەحکوم بەمەرگی سبەی بەیانی تیرباران دەکرێی.

نیگایەکی دیکەی کردەوەو گوتی:

- ئەو دووانەی دیکەش هەروان

جون گوتی: مەحاڵە من نیم.

ئەفسەرەکە بە سەرسامی سەیری کرد: ناوت چییە؟ گوتی: جون میربال.

ئەفسەرەکە گوتی: ناوی تۆش لێرەدا هەیە، تۆ مەحکومی.

جوان گوتی: من هیچم نەکردووە.

ئەفسەرەکە شانەکانی هەڵتەکاند و رووی کردە من و تۆم: ئێوە خەڵکی باسك-ن؟

- ئێمە باسکی نین.

- بە بێتاقەتییەوە گوتی: بە منیان گوت کە سێ نەفەری خەڵکی باسکن. بەهەرحاڵ مـن کـاتی خۆم بەوەوە بەفیڕۆ نادەم. ئێ، خۆ کەشیشتان پێویست نییە؟

ئێمە وەڵاممان نەدایەوە. ئەو گوتی: هەر ئێستا دکتۆرێکی بەلچیکی دێت. بۆی هەیە کە شەوێ لەگەڵ ئێوەدا بێ.

سڵاوێکی سوپایی کرد و وەدەر کەوت.

تۆم گوتی: پێم نەگوتی حیسابمان ڕۆییوە.

گوتم: بەڵێ، بەڵام سەبارەت بەم لاوە بێ ئەخلاقیان کرد.

ئەم قسەیەم لە رووی ئینسافەوە کرد دەنا ئەم لاوەم خۆشنەدەویست. دەموچاوێکی زۆر ناسکی هەبوو کە ترس و ئازار شێواندبووی و سیمای گۆڕابوو. سێ ڕۆژ لەمەپێش منداڵێکی تەڕ و بڕ و زیتەڵە و جوان بوو بەڵام ئێستا بوو بوو بە جلە کۆنێکی بێ کەڵ و وام هەستدەکرد ئەگەر بەرەڵلاشی بکەن هەرگیز جارێکی دی ناچێتەوە دۆخی لاوی خۆی. پێویستی بە هەندێ سۆز و بەزەیی هەبوو، بەڵام من دڵم لە بەزەیی و ڕەحم تێك هەڵدەهات. تەقریبەن لێی دەترسام. لاوەکە ئیدی هیچی نەگوت ڕەنگی کەوەیی بوو بوو. دەموچاو و دەستیشی کەوەیی بوو. دانیشت و بەچاوانی زەق ڕوانییە زەوییەکە. تۆم کەسێکی بە بەزەیی بوو، ویستی بازووی بگرێ بەڵام جون بەتوندی بازووی بردە دواوەو دەموچاوی دا بەیەك دا. من بە ئەسپایی گوتم: "وازی لێبێنە، هاکا کەوتە گریان و ڕۆڕۆ." تۆم بە نەبەدڵی وازی هێنا، تۆم لەبەر خۆی دەیویست دڵی جون بداتەوە تا بیر لە حاڵی خۆی نەکاتەوە. بەڵام بیری مەرگ بۆ من زەحمەت بوو، تا ئێستا قەت بیرم لێنەکردبووەوە، چونکە وەزعم وای ئیجاب نەکردبوو، بەڵام ئێستا وەزعەکە ئیجابی دەکرد و هیچ کارێکم لەدەست نەدەهات. ناچار بووم بیری لێ بکەمەوە.

تۆم دەستی بە قسان کرد و لە منی پرسی: " تۆ کەست کوشتووە؟" من وەڵامم نەدایەوە. ڕوونی کردەوە کە لە هەوەڵی مانگی ئابەوە شەش کەسی کوشتووە. تۆم ئاگای لە وەزعەکە نەبوو، من بە باشی دەمبینی کە نەیدەویست ئاگاداری وەزعەکە بێ. منیش هێشتا نەمدەتوانی بەتەواوەتی پەی پێ ببەم. لە خۆمم دەپرسی کە ئاخۆ ئازاری زۆرە؟ بیرم لای گوللەکان بوو، دەمهێنایە بەرچاوی خۆم کە چۆن گوللە گەرمەکان بە لەشما دەچزن، هەموو ئەمانە خەیاڵ بوون، بەڵام من هێمن و ئارام بووم: چونکە بە درێژایی شەو دەرفەتم هەبوو کە ئەم بابەتە تاوتوێ بکەم. دوای تۆزێك تۆم بێدەنگ بوو و من بەدزییەوە نیگام دەکرد، سەیرم کرد ئەویش ڕەنگی کەوەیی بوو، و حاڵەتی گریان نیشتە سەر سیمای، لەدڵی خۆدا گوتم: "خەریکە دەست پێدەکات." هێشتا سەرەتای شەو بوو، ڕووناکییەکی تاریك و لێڵ لە

دیـواری کـلاو رۆژنــەکان و لــە کۆمەڵــە زوخاڵەکــەوە دادەچــۆڕاو پەڵەیــەکی گــەورەی لــەژێر ئاسماندا دروست دەکرد. لە کونی میچەکەوە یەك ئەستێرەم دەبینی: شـەوێکی سارد و سامالْ دەبیّ.
دەرگا کرایەوەو دوو پاسەوان وەژوور کەوتن. پیاوێکی موو زەردی جل خاکییان لەگەڵدا بـوو. سلاوی لە ئێمە کرد و گوتی: "مـن دکتـۆرم و بـۆم هەیـە لـەم جـۆرە تەنگانەیـەدا یارمـەتیتان بدەم."
دەنگی خۆش و دلگیر بوو. پێم گوت:"تۆ هاتووی چ بکەی؟"
"هاتووم لە خزمەتی ئێوەدا بم و تا باری قورسی ئەم چـەند ساتەی سـەر شانی ئێـوە سـووك بکەم و هەرچیم لەدەست بێ دریّغی ناکەم."
- "بۆچی بۆلای ئێمە هاتووی؟ خەڵکانی دیکەش هەن، نەخۆشخانەکە پڕە."
بەشێوەیەکی ئالۆز وەلامی دایەوە :"منیان بـۆ ئێـرە نـاردووە." بەپەلـە مەسـەلەکەی گـۆڕی و گوتی: "دەتانەوێ جگەرە بکێشن، ها؟ من هەم جگەرەم پێیە و هەم لەف."
جگەرەی ئینگلیزی و جگەرەی ئەسپانی بۆ ڕاگـرتین، بـەلام ئێمـە رەتمـان کـردەوە. مـن چـاوم بڕییە دوڕ چاوی و وەك بلّێی شەرم گرتی. پێم گوت: "یانی تـۆ لەبـەر میهرەبـانی و دلۆڤـانی بۆ ئێرە نـەهاتووی. مـن تـۆ دەناسـم. ئـەو رۆژەی کـە منیـان گـرت تـۆم لەگـەڵ فاشیستەکاندا لەنێو حەوشی سەربازخانەکەدا بینی."
ویستم شتی تریش بلێم، بەلام لە پڕ گۆڕانێکم بەسەردا هات، بەخۆیشـم کەوتمـە سەرسـامی، یانی لە پڕێکا حزووری ئەم دکتۆرەم لا پووچەڵ بووەوە. من کاتێك کـە بەسـەر کەسـێکدا زالْ دەبم و قسەم بەسەریدا سوار دەبێ ئیدی دەستبەرداری نابم، کەچی ئارەزووی قسەکردنم لـەلا نەما، شانەکانم هەڵتەکاند و نیگام لێی گواستەوە. دوای تۆزێك سەرم هەڵبڕی و بینیم زۆر بـە سەرنجەوە لێم دەڕوانی. پاسەوانەکە لەسەر یەکێك لە گونیە کایەکان دانیشتبوو. پدرۆی لـۆق درێژی لە ڕو لاواز کەڵەموستەکانی بـەدەوری یەکدیـدا دەسـوڕاند، ئـەوی تـر بـەردەوام سـەری دەجووڵاند تا خەو نەیباتەوە.
پدرۆ لە پڕ بە دکتۆرەکەی گوت: "چرات گەرەکە؟" ئەو بە ئاماژەی سەر وەلامـی دایـەوە کـە: "بەڵێ" پێم وایە کە "پدرۆ" هەر بە ئەندازەی کۆتـەرە دارێـك هـۆش و گۆشـی هـەبوو، بـەلام بنیادەمێکی خراپ و ناڕەسەن نەبوو. چاوە شین و ساردەکانی ئەوەیان نیشان دەدا کـە ئەگـەر خراپەیەکیش بکات لە نەزانی و نەفامییەوەیە. پدرۆ وەدەر کەوت و بە چرایەکی نەوتییـەوە

گەڕایەوەو لە سووچێکی کەرەوێتەکەدا داینا. روناکی چراکە کز بوو، بەڵام لە هیچ باشتر بوو: شەوی پێشوومان بە تاریکی قەتاند. ماوەیەك روانیمە ئەو روناکییە بازنەییەی کە چراکە بە بن میچەکەوە دروستی کردبوو. گێژ بووبووم. پاشان هەر کە لە پڕ وەئاگا هاتمەوە روناکییە بازنەییەکە نەمابوو. و هەستم کرد لە ژێر بارێکی قورس دا پلیشاومەتەوە ئەم هەستە زادەی بیری مەرگ یان ترس نەبوو. شتێکی ئاڵۆز و نادیار بوو. گۆناکانم گریان لێ دەبووەوە و تەپڵی سەرم دەیەشا.

تەکانێکم دایە خۆم و روانیمە دوو هاوڕێکەم. تۆم سەری نابووە نێو هەردوك دەستی. ملە قەڵەوو سپییەکەیم دەبینی. جۆنی مندالکار حاڵی خراتر بوو بوو. زاری کرابووەوەو پەڕەکانی کەپووی دەلەرزین. دکتۆر چووە لایەوەو وەکو دڵدانەوەیەك دەستی خستە سەر شانەکانی ئەو: لێ چاوەکانی سارد بوون. پاشان بینیم کە دەستی کابرای بەلچیکی بەسەر بازووی جون دا تا مەچەکی داخزی. جون بێ تاقەت بوو و هیچ کاردانەوەیەکی نەنواند. کابرای بەلچیکی وەکو گێژان مەچەکی ئەوی بە سێ قامکان گرت. لە هەمان کاتدا کەمێ چووە پاشەوە و پشتی کردە من. بەڵام من ڕوانیمە پشتەوەو بینیم کە سەعاتەکەی هێنایە دەرێ و هەر بە هەمان دەقەوە کە دەستی ئەوی گرتبوو روانییە سەعاتەکەی. پاشان دەستی سڕی ئەوی بەرداو چوو و پشتی بەدیوارەکەوە دا. ئەوجا وەکو ئەوەی شتێکی گرینگی بیر کەوتبێتەوە پێویست بێ یەکسەر تۆماری بکات، دەفتەرێکی چکۆڵەی لە بەرکی دەرهێناو چەند دێڕێکی نووسی. من کە پەست بوو بووم بیرم کردەوە: "چەپەڵ! ئەگەر بێت نەبزی من بگرێت، دەکێشم بە دەم و قەپۆزی شوومیا."

ئەو نەهات بەڵام هەستم کرد کە دەڕوانێتە من. منیش سەرم هەڵبڕی و روانیمە ئەو. بە دەنگێکی بێ نموود پێی گوتم:

"تۆ هەست ناکەی کە لێرەدا مرۆڤ لەرز دەیگرێ؟" وا دەهاتە بەرچاو کە سەرمایەتی و رەنگی شین بوو بووەوە. لە وەڵامیا گوتم:

"- من سەرمام نییە."

بەردەوام بە نیگای دژوار دەیڕوانییە من. لە پڕ وەئاگا هاتم، دەستم بە دەموچاومدا هێنا بینیم لە ئارەقەدا هەڵکشاوم. لەم سەردابەدا، لەم ژێرزەمینەدا، بە چلەی زستان، لەناو جەرەیانی هەوادا، عەرەقەم هەڵدەڕشت. دەستم بەنێو قژمدا کە لە ئارەقەدا پێکەوە نووسابوو، کرد. سەیرم کرد کراسەکەم تەڕەو بە لەشمەوە نووساوە: بەلای کەمەوە سەعاتێك

دەبوو کە ئارەقەم دەڕشت و هیچ هەستم پێنەدەکرد. بەڵام لە نیگای ئەم بەرازە بەلچیکییە پەنهان نەبوو. دڵۆپە ئارەقەی بەسەر گۆناکانمەوە بینی بوو و پێی وابوو کە: ئەم دیاردەی حاڵەتی ترسە، جۆرە حاڵەتێکی نەخۆشییە، هەستی بە ساغی و سەلامەتی خۆی دەکرد و بەوەوە دەنازی کە سەرمایەتی. ویستم هەستم و بڕۆم دەموقەپۆزی بشکێنم بەڵام هەرکە تەکانم دایە خۆ شەرم و توڕەییەکەم ڕەوییەوەو بەبێ تاقەتی لەسەر کەرەوێتەکە دانیشتم.
قەناعەتم بەخۆم کرد کە بە دەستەسڕ سەرو گەردنم بسڕم چونکە هەستم دەکرد کە ئارەقە لە قژی سەرمەوە بەسەر گەردنمدا دەڕژێ و ئەزیەتی دەدام. بەڵام هەر زوو ژێوان بوومەوەو دەستبەرداری سڕینی سەرو گەردنم بووم، چونکە بێ فایدە بوو. دەستەسڕەکەم لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، و بەردەوام ئارەقەم دەکردەوە. ڕانەکانم ئارەقەیان کردبووەوەو پانتۆڵە تەڕەکەم بە کەرەوێتەکەوە نووسابوو. لە پڕ جونی چکۆلە گوتی:
"- تۆ دکتۆریت؟"
کابرای بەلچیکی وەڵامی دایەوە:- بەڵێ.
- بنیادەم ئازار دەچێژێ، ئازاری زۆرە؟
کابرای بەلچیکی بەدەنگێکی باوکانەوە گوتی: "-ئۆ! کەی.. کێ؟ نە، زوو تەواو دەبێ".
"بەڵام من... بیستوومە... دوو جاران دەست ڕێژت لێ دەکەن."
کابرای بەلچیکی سەری بۆ لەقاند و گوتی:- هەندێ جار، چونکە لە گوینە یەکەم دەستڕێژ بەر شوێنە هەستیارەکان نەکەوێ.
- کەواتە دەبێ دووبارە تفەنگەکانیان پڕ بکەنەوەو دووبارە سێرە بگرنەوە؟
پاش هەڵوەستەیەك بەدەنگێکی گڕ گوتی:
- ئەمە زۆر دەخایەنێ!
زۆر لە ئازارەکەی دەترساو بەپێی تەمەن هەموو هۆش و گۆشی لای ئەو ئازارە بوو. من زۆر لە بیری ئەمەدا نەبووم و لە ترسی ئازار نەبوو کە ئارەقەم کردبووەوە.
هەستام و چووم بۆلای کۆمەڵە زوخاڵەکە. تۆم کە وەنەوزی دەدا وەئا هاتەوەو نیگایەکی توڕەی کردم: لە دەنگی پێڵاوەکانم قەڵس دەبوو. لە خۆم دەپرسی ئایا دەموچاوی منیش وەکو دەموچاوی ئەو شین هەڵگەڕاوە یان نا، سەیرم کرد کە ئەویش ئارەقی کردووەتەوە. ئاسمان بەسام بوو، هیچ ڕووناکییەك نەدەهاتە ناو ئەم کونجە تاریکەوە، ئەوەندە بەس بوو کە سەر هەڵبڕم تا حەوتەوانەی گەورە بدینم، بەڵام زۆر لە جاران جیاوازتر بوو: شەوی

پێشوو، لەناو زیندانەکەمەوە لە سەرای ئارشوك، دەمتوانی بەشێکی گەورەی ئاسمان بدینم و دیتنی ئاسمان لە هەر سەعاتێکی رۆژدا جۆرە خەیاڵێکی لا دروست دەکردم. بەیانی کاتێ کە ئاسمان زۆر شین بوو دەکەوتمە بیری بلاجەکانی کەناری ئۆقیانووسی ئەتڵەس، نیوەڕۆ هەتاوم دەبینی و دەکەوتمە بیری مەیفرۆشێکی شاری سوویل کە لەوێندەر شەرابی مانزا نیلا-م دەخواردەوەو ماسی ئانشوام بە زەیتوونەوە دەخوارد، پاش نیوەڕۆ کەوتبوومە بەر سێبەرێکەوەو کەوتمە بیری سێبەرێکی چڕ کە نیوەی مەیدانەکانی پێشبڕکێی گرتبووەو نیوەکەی تری لەبەر هەتاودا دەدرەوشایەوە: بەڕاستی ناخۆشە کە بنیادەم ببینێ هەموو زەوی لە ئاسماندا عەکس ببێتەوە. بەڵام ئێستا دەمتوانی بەدڵی خۆم تەماشای دنیا بکەم. ئاسمان هیچ شتێکی وەبیر نەدەهێنامەوە، من ئەم حاڵەتەم پێ خۆشتر بوو. چووم لەلای تۆم دانیشتم. ماوەیەك بوری.

تۆم بەدەنگێکی نزم دەستی بە قسان کرد. ئەگەر بە بەردەوامی قسەی نەکردبا نەیدەتوانی کۆنترۆڵی بیری خۆی بکات. وابزانم قسەی بۆمن دەکرد بەڵام تەمەشای منی نەدەکرد. بێگومان دەترسا کە ڕەنگی بزڕکاو و ئارەقەکەی من بدینێ، ئێمە بۆ یەکدی نەك هەر بوو بووین بە ئاوێنە بەڵکو لە ئاوێنەش خراتر بووین. ئەو دەیڕوانییە کابرای بەلچیکی و دەیگوت:

- تۆ شتێك دەزانی؟ من ئەقڵم بە هیچ کوێ ناگات. منیش بەدەم تەماشاکردنی کابرای بەلچیکییەوە دەستم بەقسان کرد:

- چ شتێك؟ چی بووە؟

- ئێمە شتێکمان بەسەردێ کە من ناتوانم لێی حاڵی ببم. بۆنێکی سەیر لە دەورووبەری تۆمەوە دەهات. هەستم دەکرد بەرانبەر بە بۆن زۆر هەستیار بووم. ژارخەنێکم بۆکرد:

- بەم زووانە حاڵی دەبی.

بە توڕەیی گوتی:

- دیار نییە، من دەمەوێ ورەی خۆم بەرز بکەمەوە. یان بەلای کەمەوە دەبێ بزانم... گوێ بگرە، دەمانبەنە ناو حەوشە، باشە. خەڵکانێك لە بەردەممانـدا ریز دەبن، تەسەور دەکەی چەند نەفەر بن؟

- من نازانم لە پێنج تا هەشت نەفەر زیاتر نین.

- چاکە، هەشت نەفەرن، پێیان دەڵێن "تەقە" بکەن. من هەشت لوولەی تفەنگ دەبینم کە روویان کراوەتە من. پێم وایە دەبێ بچمە ناو دیوارەکەوە، بە هەموو هێزێکەوە گوشار لە دیوارەکە دەکەین، دیوارەکە لە جێی خۆی ناجولێ، رێك وەکو مۆتەکە: دەتوانم هەموو ئەمانە تەسەور بکەم. ئاه! خۆزیا تۆ دەتزانی چۆن دەتوانم ئەمانە بەرجەستە بکەم.

گوتم: وێڵی کە! منیش تەسەوری دەکەم.

بەنائومێدییەوە گوتی:

- پیاو سەگتۆپ دەکەن. دەزانی فیشەکەکان بە دەم و چاوەوە دەنەن تا بنیادەم لە بنیادەمی بخەن. من لە ئێستاوە هەست بە زامەکان دەکەم، یەك سەعاتە سەروگەردنم دەبلاچێنێ. ئازاری راستی راستی نییە، لە ئازاری راستی خراترە: ئەو ئازارانەیە کە سبەی بەیانی هەستی پێدەکەم، بەڵام پاشان؟

من باش دەمزانی دەیەوێ چ بڵێ، بەڵام نەمدەبردە سەرخۆم، بەڵام سەبارەت بە ئازارەکان، منیش وەکو ئەو بووم هیچ کارێکم لەدەست نەدەهات، منیش وەکو ئەو بووم بەڵام گوێم نەدەدایێ.

بە توندی وەڵامم دایەوە:

- پاشان دەبی بەخاك و خۆڵ.

لەگەڵ خۆیدا کەوتە قسە، لە حاڵێکا کە چاوی بڕیبووە کابرای بەلژیکی، لەوە نەدەچوو ئەو گوێ بۆ قسەکانی ئێمە بگرێ، من نەمدەزانی بۆچی هاتووە! ئەو بیری ئێمەی بەلاوە گرنگ نەبوو! هاتبوو تەمەشای بەدەنمان بکات، ئەو بەدەنانەی کە زندوو بوون و لە حاڵی مەرگ و گیانەللادا بوون.

تۆم دەیگوت: "وەکو کابوسە، پیاو دەیەوێ بیر لە شتێك بکاتەوە. پیاو هەمیشە هەست دەکات هەرکە سەرەداوێك پەیدا بوو، چەمکێك بەدەستەوە هات زوو دەخزێ و هەڵدێ و دووبارە دەکەوێت. بەخۆم دەڵێم، ئیدی چ هەواڵێك نییە و تەواو. بەڵام نازانم چ مانایەك دەدات. هەندێ جار پێدەچێ بمەوێ تێبگەم، و دووبارە دەکەوێ. دیسان دەکەومەوە بیری ئازار و گوللەو تەقینەوە. من دڵنیات دەکەم کە لە پەیڕەوانی فەلسەفەی مەتریالیم: شێت نەبوومە بەڵام... جەستەی خۆم دەبینم: هەڵبەتە زۆر دژوار و زەحمەت نییە بەڵام ئەوە منم کە بە چاوانی خۆم دەیبینم. دەبێ تۆزێ هۆشم کۆبکەمەوە... وا بیر بکەمەوە کە هیچ شتێك نابینم، و ناژنەفم و ژیانی خەڵکانی دی بەردەوام دەبێ. مرۆڤ بەجۆرێ دروست نەبووە کە

بەم جۆرە بیر بکاتەوە. وانییە پابلو؟ باوەڕ بکە: هەندێ جاران وا ڕێك کەوتووە کە بە درێژایی شەو بەدەم چاوەڕوانی شتێکەوە بێدار بم و نەخەوم. لێ پابلۆ ئەمە شتێکی دیکەیە. ئەمە لە پشتەوە یەخەی پیاو دەگرێ و ناشێت پێشتر پێشبینی بکەیت.

گوتم: دەرکی هەمبانەکەت بگرە، دەخوازی کە شیشێکت بۆ بانگ بکەم کە ئیعتراف بکەی؟

وەڵامی نەدایەوە. پێشتر ئاگادار بووم کە پێغەمبەرانە منی بە پابلو گاز دەکرد و دەنگی بێ لایەنانە بوو. من زۆرم حەز لەم رەفتارانە نەبوو، بەڵام وا دەهاتە بەرچاو کە هەموو ئیرلەندییەکان واهین، بۆنی میزی لێدەهات. ئەوەی راستی بێ زۆر هاودەردی تۆم نەبووم هیچ مانای نەبوو لەبەر ئەوەی کە پێکەوە دەمردین هاوڕێ و دۆست بین. خەڵکانێکی دی هەبوون گەر لەگەڵ ئەواندا بووایەم حاڵەتەکە فەرقی دەکرد. بۆ نموونە رامونگری، بەڵام لە نێوان تۆم و جون دا هەستم بە تەنیایی دەکرد. ئەمەشم پێ خۆش بوو: لەوەیە ئەگەر لەگەڵ رامونگری دا بووایەم دڵم بسووتایە. بەڵام لەم ساتەدا بەجۆرێکی غەریب دڵم رەق بوو بوو و دەمویست بە دڵرەقی بمێنمەوە.

تۆم بە حەواسپەرتییەوە کەوتە ورتە ورتە. بۆیە لەبەر خۆوە قسەی دەکرد تا بیر نەکاتەوە، تا بیرکردنەوە لە مێشکی خۆی بتارێنێ، وەکو کەسێك کە نەخۆشی میزەچوڕکێی بێ بۆنێکی تیژی میزی لێدەهات. هەڵبەتە من لەگەڵ ئەودا هاوباوەڕ بووم، ئەوەی ئەو دەیگوت منیش دەمتوانی بیڵێم: مەرگ ئاسایی نەبوو و لەوساوە کە بەمەرگ مەحکووم بوو بووم، هیچ شتێك ئاسایی نەدەهاتە بەرچاوم: نە کۆمەڵە خەڵوزەکە نە کەرەویتەکە نە دەم و قەپۆزی شوومی پدرو. ئەوەی بێ تاقەتی دەکردم و لە زەوقی دەدام ئەوە بوو کە بیرم لە هەمان ئەو شتانە دەکردەوە کە تۆم بیری لێ دەکردەوە، چاك دەمزانی کە بەدەم ئەو بیرانەوەو بەدەم ئارەقە کردنەوەو هەڵ لەرزینەوە شەو دەبەینە سەر. بە دزییەوە تەمەشام کرد، بۆ یەکەم جار غەریب هاتە بەر چاوم: مەرگی ئەو لە سیمایدا دەخوێنرایەوە. پێم ناخۆش بوو: بیست و چوار سەعات بوو کە بەلای تۆمەوە بووم و گوێم لە قسەکانی گرتبوو، و دەمزانی کە هیچ خاڵێکی هاوبەشمان لە نێواندا نەبوو. و ئێستا وەکو دوو برای لفانەمان لێهاتبوو، تەنیا لەبەر ئەوەی پێکەوە دەمرین. تۆم بێ ئەوەی تەمەشام بکات دەستی گرتم:

- پابلو من لەخۆم دەپرسم... لەخۆم دەپرسم ئایا راستە کە مرۆڤ فەوت و فەنا دەبێ؟

من دەستم لە دەستی دەرهێناو وتم:- چەپەڵ تەمەشای ناولنگت بکە.

بەئەندازەی یەك حەوز ئاو لە بەینی پێیەکانیا بوو و ئاو لە پانتۆڵەکەی دەچۆڕا.

بە شپرزەیی و ترسەوە گوتی: ئەمە چییە؟
گوتم بە پانتۆڵەکەتدا میزیوی.
خۆی داچەڵەکاند و گوتی:- ڕاست نییە، من نامیزم، من هەست بە هیچ ناکەم.
کابرای بەلچیکی نزیك بووەوەو بەدەنگێکی پڕ دڵدانەوەی ساختە پرسی:
- حاڵت باش نییە؟
تۆم وەڵامی نەدایەوە. تۆم هەستاو چوو لە سۆچێکدا میزی، بەدەم داخستنی دوگمەی پانتۆڵەکەیەوە گەڕایەوە. دووبارە دانیشت و بێدەنگ بوو. کابرای بەلچیکی شتی دەنووسی. ئێمە سەیری ئەومان دەکرد، جونی لاویش دەیڕوانییە ئەو: هەرسێکمان سەیری ئەومان دەکرد چونکە زندوو بوو. ڕەفتاری کەسێکی زندووی هەبوو، هەلومەرجی کەسێکی زیندووی هەبوو، ئەو لەم سەردەبەدا دەلەرزی وەکو چۆن زندووان دەبێ بلەرزن، ئەو خاوەنی لەشێکی هەستیار و قەڵەو بوو، ئێمە هەستمان بەبەدەنی خۆمان نەدەکرد- یان بەلای کەمەوە وەکو ئەو هەستمان نەدەکرد. دەمویست دەست بەنافەکی پانتۆڵەکەمدا بێنم بەڵام زاتم نەدەکرد، تەمەشای کابرای بەلچیکی-م دەکرد کە بەسەر لاقە خوارەکانییەوە وەستابوو و دەیتوانی بیر لە سبەینێ بکاتەوە. ئێمە لەوێدا وەکو سێ سێبەری بێ گیان و خوێن تەمەشای ئەومان دەکرد و وەکو دێو ژیانی ئەومان هەڵدەلووشی. ئەنجام چووە لای جونی لاوەوە، ویستی دەست بە گەردنیدا بێنێ، ئیدی بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی هونەری بوو یا لە ڕووی دڵسۆزییەوە بوو. ئەگەر لە رووی بەزەییەوە بووبێ یەکەمجار بوو کە بە درێژایی شەو ئەم ڕەفتارەی دەنواند. دەستی میهری بەسەر و گەردنی جونی لاودا هێنا، جون بێ.. هیچ کاردانەوەیەك دەیڕوانییە ئەو، ئەوجا لە پڕ دەستی گرت و بە شێوەیەکی سەیر نیگای کرد. دەستی کابرای بەلچیکی خستبووە بەینی هەردوو دەستی خۆی و ئەم دوو پلایسە کەوەییە کە ئەم دەستە خرپنە سورەیان دەگوشی دیمەنێکی جوانی نەبوو. من دەربارەی ئەو ڕووداوەی کە لە گوین بوو ڕوویدات بەگومان بووم، تۆمیش بەگومان بوو: بەڵام کابرای بەلچیکی ئەم ڕەفتارەی بەزادەی هەڵچوونی دەروونی ئەو دەزانی و بەشێوەیەکی باوکانە دەخەنی. جونی لاو دوای تۆزێك قامکە خرپن و سوورەکەی بۆ دەمی برد و ویستی گازی لێ بگرێ. کابرای بەلچیکی بەتوندی دەستی ڕاپسکاند و بەلەقەلەق ڕۆیی و پاڵی بەدیوارەکەوەدا. بۆ ساتێك بەترس و شڵەژاوییەوە ڕوانییە ئێمە، لە پڕ پەی بەوە برد کە ئێمە خەڵکانێکی وەکو ئەو نین. من دەستم بە پێکەنین کرد، یەکێك لە پاسەوانەکان لەخەو ڕاچڵەکی. یەکێکی تریان کە

خەوتبوو چاوەکانی کرابوونەوەو سپێنەکەی دیار بوو. من هەم ماندوو بووم و هەم شپرزە. نەمدەویست چیتر بیر لە سپێدەو مەرگ بکەمەوە. تەنیا ڕووبەڕووی ووشە یان بۆشایی دەبوومەوەو بیرەکانی خۆمم بۆ نەدەدرایە دەم یەکەوە. بەڵام کە دەمویست بیر لە شتێکی دیکە بکەمەوە، لوولەی تفەنگەکان دەکرانە من. ڕەنگە بیست کەڕەت ڕێورەسمی ئیعدامەکەی خۆمم بەرپا کردبێ و هەروەها جارێك وام هێنایە بەرچاوی خۆ کە ئەم مەسەلەیە ئەنجامدراوەو براوەتەوەو بۆ یەك سات خەوم لێنەکەوت. ئەوان بۆلای دیوارەکە بکێشیان دەکردم، منیش پەلەقاژەم دەکرد و لەگەڵیاندا نەدەچووم. لەخەو ڕاچڵەکیم و روانیمە کابرای بەلچیکی: دەترسام بەدەم خەوەوە هاوارم کردبێ. بەڵام ئەو سمێڵی بادەدا، هیچی دەستگیر نەبووبوو. ئەگەر بمویستبایە پێم وابوو دەتوانم بۆ ساتێك بخەوم: چل و هەشت سەعات بوو کە بێدار بووم و لە گیانی خۆم وەرز بوو بووم. لێ نەمدەویست دوو سەعاتی ژیان لەدەست بدەم: ئەوان لەگەڵ گەردی بەیانیدا خەبەریان دەکردەوە، منی گێژی بێخەوی، دوایان دەکەوتم، و بێ ئەوەی دەرفەتی (ئاخ و ئۆفێك) هەبێ داد و بێدادم دەکرد، من ئەمەم پێ پەسند نەبوو. نەمدەویست وەکو حەیوانێك بمرم، دەمویست هۆشم بەخۆم بێ. ئەمە جگە لەوەی لە مۆتەکەو کابوسیش دەترسام. هەستامە سەرپێ بە درێژی و بەپانی ژوورەکەدا کەوتمە هاتووچۆ و بۆ وەی بیرکردنەوەی خۆم بگۆڕم کەوتمە هەڵدانەوەی لاپەڕەی ڕووداوەکانی ژیانی رابردووم. کۆمەڵێك یادگاری تێکەڵ و پێکەڵ لە بەرچاومدا بەرجەستە بوو. یادگاری باش و خراپ پێکەوە بوون-و یان زیاتر عادەتم وابوو کە وایان ناو بنەم، سیماو ڕووداویان تێدا بوو. سیمای لاوێکم هاتەوە یاد لە رۆژی جەژندا لە شاری والانس دا لە مەیدانی گابازی دا ورگی هەڵدڕا. سیمای یەکێك لە مامەکانم و سیمای رامونگری-م هێنایە بەرچاو. کۆمەڵێك پێشهات و ڕووداوم هاتەوە یاد. کە چۆن لە ساڵی ١٩٢٦دا سێ مانگ بێکاریم کێشاو خەریك بوو لە برسیەتی دا بمرم. کەوتمە یادی شەوێك کە لە شاری (گرناد) لەسەر تەختێك بەسەرم برد. سێ رۆژ بوو هیچم نەخواردبوو، تورە دەبووم و نەمدەویست بمرم، کە ئەمەم بیر کەوتەوە بزە گرتمی. چەند سوور بووم لەسەر بەختەوەری، بەدووی دا غارم دەدا، دووی ژنان و دووی ئازادی دەکەوتم. لەبەر چی بوو؟ دەمویست ئەسپانیا رزگار بکەم، ستایشی پئی مار گاڵ-م دەکرد، چووبوومە ڕیزی شۆڕشگێڕانەوەو لە مەیدانی گشتیدا گوتارم دابوو: هەموو ئەم شتانەم بە جددی گرتبوو. لە تۆوایە هەتاهەتایە دەژیم و نامرم.

لەم ساتەدا هەستم کرد کە هەموو ژیانم دەبینم، و بیرم کردەوە "چ درۆیەکی پووچە!" ژیانم هیچ بایەخێکی نەبوو چونکە تەواو بوو بوو. لەخۆم پرسی چۆن توانیومە کە لەگەڵ سۆزانیاندا بگەڕێم و دنیا بدەمە بەر کلکان: ئەگەر دەمزانی بەم جۆرە دەمرم، هەرگیز قامکە تووتەی خۆیشم نەدەبزواند. ژیانم وەکو کیسەیەکی داخراوو دەمبەستراو لە بەردەممدا کەوتبوو بەڵام ناواخنی تێدا نەبوو. بۆ ساتێك ویستم قەزاوەتێکی لەبارەوە بکەم. دەمویست بەخۆم بڵێم: ژیان خۆشە بەڵام نەدەکرا هیچ داوەرییەك دەربارەی ژیانی من بکرێ چونکە تەنیا نەخشەیەك بوو، من کاتی خۆم بەئومێدی ئەبەدیەت سەرف کردبوو. هیچ حاڵی نەبوو بووم، هیچ کەسەرێکیشم نەبوو: دەمتوانی کەسەر و داخ بۆ زۆر شتان هەڵکێشم وەکو تامی شەرابی مانزانیلا یان ئەم مەلەیەی کە هاوینان لە حەوزێکی بچکۆلەی نزیکی قادسیەدا دەمکرد. بەڵام مەرگ هەموو کەیف و لەزەتێکی ئەو شتانەی لەنێو بردبوو. کابرای بەلچیکی لەپڕ بیرۆکەیەکی بە مێشکدا هات و گوتی:

- هاوڕێیان- ئەگەر ئیدارەی سوپایی رازی بێ- من دەتوانم ئەگەر پەیامێکتان هەبێ، بە دۆستان و کەسوکارتانی بگەیەنم. تۆم منگەمنگێکی کرد کە: هیچ کەسێکم نییە

من هیچ وەڵامێکم نەدایەوە. تۆم کەمێك لە فکران ڕاچوو پاشان نیگایەکی پرسیار ئامێزی کردم و گوتی:

- تۆ هیچ پەیامێکت بۆ کونشا نییە؟

- نە.

من لەم جۆرە مجامەلانە بێزار بووم: خەتای خۆم بوو، دوێنێ شەو باسی کونشام بۆ کردبوو: دەبوایە دەمی خۆم بگرتبایە. ساڵێکی ڕێك بوو لەگەڵ ئەم ژنەدا بووم. دوێنێ ئەوەندەم بیردەکرد ئامادە بووم کە باسکێکم بە تەوران ببڕنەوە بەمەرجێ پێنج دەقیقەیەك بیدینم، لەبەر ئەمە قسەم کردبوو. بەدەستی خۆم نەبوو. ئێستا هیچ حەزم لە دیتنی نەدەکرد، هیچ قسەیەکم نەبوو پێی بڵێم و هیچ حەزم لێ نەبوو لە ئامێزی بگرم: من لە بەدەنی خۆم دەترسام چونکە کەوەیی بوو بوو و ئارەقەی دەکردەوە. دڵنیا نەبووم کە لە بەدەنی ئەو ناترسم.

ڕەنگە هەواڵی مەرگی من کونشا بخاتە گریان و بۆ چەند مانگێك لە ژیان وەڕز ببێ. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە ئەوە من بووم کە دەمردم. کەوتمە بیری چاوە جوان و دلگیرەکانی، کە سەیری دەکردم شتێك لەوەوە بۆ من دەهات. بەڵام هەستم دەکرد ئەم مەسەلەیەش تەواو

بووە: و ئەگەر لەم ساتەدا سەیری بکردمایە نیگای لە چاوی خۆیدا دەمایەوەو هیچ کارێکی لەمن نەدەکرد. من تەنیا بووم.
تۆمیش تەنیا بوو، بەڵام بەمجۆرە نا. بە چینچکانەوە دانیشتبوو و بەدەم بزەیەکی ئاڵۆزەوە دەیڕوانییە کەرەوێتەکە. جۆرێك لە واق وڕمانی پێوە دیار بوو. دەستی هێناو بەپارێزەوە بە تەختەی کەرەوێتەکەیدا هێنا، لەتۆ وایە دەترسێت شتێك بشکێنێ، ئەوسا دەستی بەتوندی کێشایەوەو لەرزی. ئەگەر من لە جیاتی تۆم بووایەم کەیفم بەدەست لێدانی کەرەوێتەکە نەدەهات، ئەمەش جۆرە کۆمیدیایەکی ئیرلەندی بوو، شتەکان بەلای منیشەوە حاڵەتێکی سەیریان هەبوو، بەزۆری چووبوونە خانەی نەبوونەوە، لەتۆوایە سەنگی خۆیان لەدەست داوە. دیتنی کەرەوێتەو چراکەو کۆمەڵە خەڵوزەکە بەس بوو بۆ ئەوەی هەست بکەم کە بەم زووانە دەمرم. هەڵبەتە ئاساییە کە نەمدەتوانی بە ئاشکرا بیر لە مەرگی خۆم بکەمەوە بەڵام لە هەموو شوێنێ لەبەرچاوم بوو، لە هەموو شتەکاندا دەمبینی. تۆم مەرگی خۆی لە کەرەوێتەکەدا دەبینییەوە.
لە وەزع و حاڵەتێکدا بووم، ئەگەر بهاتبایەن و بیانگوتایە کە دەتوانم بە دڵنیایی بۆ ماڵ بڕۆمەوەو ژیانم پارێزراو دەبێ، ئەم خەمساردییەی لێ کەم نەدەکردمەوە: کاتێ مرۆڤ خەیاڵی ئەبەدییەتی لەدەست دا، ئیدی چاوەڕوانی، چ چەند سەعاتێك بێ و چ چەند ساڵێك فەرق ناکات. من دڵم بە هیچەوە نەبوو، بەڵام هێدی و ئارامیش بووم. بەڵام ئەم ئارامییەیە ترسناك بوو، بەهۆی جەستەمەوە بوو: بەچاوانی جەستەم دەمبینی و بە گوێیەکانی دەمژنەفت بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو و ئیدی جەستەی من نەبوو. جەستەم بە تاقی تەنێ ئارەقەی دەکردەوەو دەلەرزی و من نەمدەناسی. من ناچار بووم دەستی لێ بدەم و نیگای بکەم تا لە حاڵی ئاگادار بم، لەتۆ وایە جەستەیەکی دیکە بوو. جارجارێك هێشتا هەستم پێی دەکرد، هەستم بە خزینی دەکرد، داکشانی کوت و پڕی بەسەردا دەهات وەکو ئەو کاتانەی مرۆڤ لەناو فڕۆکەدایەو فڕۆکەکە دادەکشێ یان هەندێ جار هەستم بە ترپەی دڵم دەکرد.
بەڵام ئەمەش هیچ دڵخۆشیەکی نەدەدامێ. ئەوەی لە جەستەمدا هەستم پێ دەکرد پیس و مایەی گومان بوو. زۆربەی کات جەستەم مات و ئارام بوو، جگە لە جۆرە هێز و سەنگێك و بوونێکی چەپەڵ کە لەگەڵ مندا لە کێشمانەکێشدا بوو هەستم بە هیچی دیکە نەدەکرد، هەستم دەکرد کە مێروویەکی موزیڕی گەورەیان پێوە بەستووم. هەندێ جار دەستم بە

پانتۆڵەکەمدا دەهێناو هەستم دەکرد کە تەڕە، نەمدەزانی لە ئەنجامی ئارەقە کردنەوەدا تەڕ بوو بوو یا بەخۆدا میزتبووم، ئەوسا هەر بۆ ئیحتیات دەچووم لەسەر کۆمەڵە خەڵوزەکە میزێکم دەکرد.

کابرای بەلچیکی سەعاتەکەی دەرهێنا، تەمەشایەکی کرد و گوتی:

- سەعات سێ و نیوی پاش نیوەشەوە.

نەگریس! لەوەیە هەر بە ئانقەست ئەم کارەی کردبێ. تۆم راچڵەکی: ئێمە ئاگامان لە تێپەڕ بوونی کات نەبوو، شەو وەکو تارماییەکی بێ شێوەو تاریك تێمان ئالا بوو، من سەرەتای شەوم بیر نەدەهاتەوە.

جونی لاو کەوتە هات و هاوار، دەستەکانی هەڵدەگلۆفی و گریەوزاری دەکرد:

- من نامەوێ بمرم، من نامەوێ بمرم.

بە درێژایی سەردابەکەدا کەوتە غاردان و دەستەکانی بەرز کردبووەوە. ئەوسا لەسەر یەکێك لە گونیە کایەکان کەوت و هۆن هۆن گریا. تۆم بەچاوانی لێڵەوە تەمەشای دەکرد و تاقەتی نەبوو دڵخۆشی بداتەوە. هەڵبەتە ئەو زەحمەتەشی نەدەهێنا: جونی لاو لە ئێمە پتر هەراو زەنای نابووەوە، کەمتر کاری لەو دەکرد: ئەو وەکو نەخۆشێك وابوو کە بەهۆی تاوە بەرەڤانی لە نەخۆشییەکە دەکرد. بەڵام کاتێ کە تایەکەش نەبێ ئەوا زۆر زەحمەتترە.

ئەو دەگریا: هەستم دەکرد کە بەزەیی بە خۆیدا دەهاتەوەو مەرگی لەبیر نەبوو. منیش بۆ یەك سات، تەنیا یەك سات گریان گرتمی، دەمویست لە رووی بەزەییەوە بۆ حاڵی خۆم بگریم، بەڵام بە پێچەوانەوە شکایەوە: نیگایەکی جونی لاوم کرد، شانە لە روو لاوازەکانیم بەدەم گریانەوە بینی، هەستم کرد زۆر بێ بەزەییم، من نەمدەتوانی نە سەبارەت بە کەسانی دیکە میهرەبان بم نە دەربارەی خۆم. بەخۆم گوت: من دەمەوێ ساف و سادە بمرم. تۆم هەستا، چووە ژێر دەلاقە بازنەییەکەو سەیری رووناکی رۆژی کرد. من خۆم ساغ کردبووەوە، من دەمویست ساف و سادە بمرم و تەنیا لە بیری ئەمەدا بووم. بەڵام پاش ئەوەی دکتۆر سەعاتەکەی پێ گوتین زەمان دڵۆپ دڵۆپ دەتکاو دەڕۆیی.

هێشتا دنیا تاریك بوو کە گوێم لە دەنگی تۆم بوو:

- ئەرێ تۆ هیچ دەژنەفی؟

لە حەوشەوە دەنگی پێ دەهات.

- دەبێ چ کارێکیان هەبێ، خۆ ناتوانن لە تاریکیدا دەستڕێژ بکەن.

دوای تۆزێك هیچ دەنگێك نەما. بە تۆمم گوت:

- بەیانی داوە.

پدرۆ بەدەم باوێشکدانەوە هەستاو فوویەکی لە چراکە کرد و بە هاوڕێکەی گوت:

- سەرمایەکی لاسارە؟

سەردابەکە ڕەنگی خۆڵەکەوەی گرتبوو. دەنگی دەستڕێژێك لە دوورەوە هات.

بە تۆمم گوت: دەستی پێکرد، لەنێو حەوشەکەی پشتەوە ئەم کارە دەکەن.

تۆم داوای جگەرەیەکی لە دکتۆر کرد. من پێویستم نەبوو، من نە جگەرەم دەویست و نە مەشرووب. لەم ساتە بەدواوە لێکدا لێکدا دەستڕێژیان دەکرد.

تۆم گوتی: ئاگات لێیە؟

ویستی شتێکی دیکە بڵێ بەڵام بێدەنگ بوو و چاوی بڕییە دەرگاکە. دەرگا کرایەوە ئەفسەرێك و چوار سەرباز وەژوور کەوتن. تۆم جگەرەکەی فڕێ دا

- شتین بوك!

تۆم وەڵامی نەدایەوە. پدرۆ تۆمی نیشان دا

- جون میربال!

- ئەوەیە کە لەسەر ئەو گونیە کایە کەوتووە.

ئەفسەرەکە گوتی: هەستە!

جون لە جێی خۆی نەجوڵا، دوو سەرباز باڵیان گرت و هەڵیان ساند. بەڵام هەر کە دەستیان لێ بەردا دووبارە کەوتەوە.

سەربازەکان دوودڵ مان

ئەفسەرەکە گوتی: ئەمە یەکەم کەس نییە کە وای لێ بێ، ئەم دووەتان بیبەن، لەوێ حاڵی چاك دەبێ.

ئاوڕی لە تۆم دایەوەو گوتی: لەگەڵ مندا وەرە. دوو سەرباز تۆمیان دایە بەین و چوونە دەرێ. دوو سەربازەکەی دیکە کە باڵی جون-یان گرتبوو، بەدوای ئەواندا ڕۆیشتن. ئەو لە هۆش خۆی نەچووبوو، چاوەکانی زەق زەق بوو بوو فرمێسك بە گۆنایدا دەڕژا.

من کە ویستم وەدەرکەوم ئەفسەرەکە بەردەمی گرتم و گوتی: تۆ ئابیتای؟

- بەڵێ

- لێرەبە هەر ئێستا دێن بە شوێنتا.

ئەوان ڕۆیشتن، کابرای بەلچیکی و دوو زیندانەوانەکە وەدەر کەوتن.. من بە تەنێ مامەوەو نەمدەزانی چم بەسەر دێ بەڵام حەزم لێ بوو تا زووترە کارم یەکلایی بکەنەوە. ناوبەناو گوێم لە دەنگی دەسڕێژ دەبوو و لەگەڵ هەر دەستڕێژێکدا رادەچڵەکیم.
دەمویست بلورێنم و قژی خۆم دەسکەنە بکەم. بەڵام ددانەکانم لێکدی دەسوو و دەستەکانم لە گیرفانەکانم نابوو و دەمویست هیچ سەرپێچییەك نەکەم.
پاش سەعاتێك بەدوومدا هاتن و بردیانم بۆ ژوورێکی بچکۆلە کە بۆنی جگەرەی لێ دەهات و هێندە گەرم بوو هەناسەم سوار بوو. دوو ئەفسەر لەوێ بوون کە لەسەر کورسی دانیشتبوون و جگەرەیان دەکێشاو یەکی کۆمەڵێك کاغەزیان لەسەر ئەژنۆ بوو.
- ناوت ئابییتایە؟
- بەڵێ.
- رامونگری لەکوێیە؟
- من نازانم.
ئەو کەسەی پرسیارەکانی لێ دەکردم کابرایەکی کورتە باڵای خڕپن بوو. لە پشت عەینەکەکەیەوە نیگای تووڕە دیار بوو. پێی گوتم: وەرە پێشەوە.
چوومە پێشەوە. هەستا، بازووی گرتم، بەجۆرێ لێی دەڕوانیم کە خۆزیام دەخواست زەوی قووتم بدات. بە هەموو هێزێکییەوە نوقورچەی لە ماسولکەی بازووم دەگرت- ئەم کارەی بۆ ئەوە نەبوو کە من ئازار بدات، دەیویست سامی خۆیم بەسەردا بنوێنێ و بە پێویستی دەزانی کە هەناسەی بۆگەنی خۆی بەسەر و چاوی مندا بکات.. ماوەیەکی کەم بوری، بەڵام ئەم کارە پتر هێنامیە پێکەنین تا ترسان. دەبوایە فێڵێکی باشتری بەکار بێنایە تا بتوانێ کەسێك کە بەو زووانە دەمرد، بترسێنێ. ئەم فەند و فێڵە بێ سوود بوو. بە توندی دەڵەکی دام و دووبارە دانیشتەوەو گوتی:- ژیانی تۆ بەوەوە بەندە، ئەگەر پێمان بڵێی لەکوێیە گیانی خۆت رزگار دەکەی.
ئەو دوو نەفەرە وێرای نیشانەو میداڵی بە بریق و باق و شەلاق و چەکمەش هەر خەڵکانێك بوون کە دەمردن. تۆزێك دوای من، زۆر دوای من نا. سەرگەرمی ئەوە بوون کە هەندێ ناوی خەڵکی لە شڕە کاغەزەکانیانا بدۆزنەوەو تاقیبیان دەکردن تا بیانخەنە زیندانەوە یان بە ئیعدام کردنیان بدەن. ئەمانە هەندێ بیرو باوەڕیان بە ئایندەی ئەسپانیاو بڕێ بابەتی دیکە

هەبوو، هەڵسوکەوت و رەفتاریان لە زەوقی بنیادەمی دەدا و بەلای منەوە مایەی پێکەنین بوو. من نەمدەتوانی خۆم لە جێگەی ئەوان دابنەم و ئەوان وەکو شێت دەهاتنە پێش چاوم. پیاوە کوڵە خرپنەکەیان بە بەردەوامی سەیری منی دەکرد و بە قامچیەکەی دەستی دەیکێشا بە چەکمەکانی دا. هەموو ئەم جموجوڵانەی پێشتر تاقی کردبووەوە تا وەکو گیانلەبەرێکی زندووی درندە بنوێنێ.

- باش حاڵی بووی؟ ئایا تێگەیشتی؟

وەڵامم دایەوە: نازانم گری لەکوێیە. رەنگەلە مەدرید بێ.

ئەفسەرەکەی دیکە بەبێ موبالاتییەوە دەستە رەنگ زەردەکەی بەرز کردەوە. ئەم بێ موبالاتییەش بە ئانقەست بوو. من هەموو وردەکارییەکانی ئەوانم دەبینی و پێم سەیر بوو کە خەڵکانێك هەبن دڵیان بەم شتانە خۆش بێ.

بە ئەسپایی گوتی: ماوەی چارەکە سەعاتێکت دەدەمێ تا بیر بکەیتەوە . بیبەن بۆ ژووری "رەختدارخانە" و پاش چارەکێك بیهێننەوە، ئەگەر دیسان حاشای کرد ئەوا یەکسەر ئیعدامی دەکەن.

ئەوانە گەمەکەیان دەزانی، بە درێژایی شەو منیان بەدەم چاوەڕوانییەوە راگرتبوو، یەك سەعاتی دیکەش، پاش ئەوەی تۆم و جون-یان تیر باران کرد، منیان لە ژێرزەمینەکەدا بەدەم چاوەڕوانییەوە راگرت و ئێستاش منیان لە ژووری "رختدارخانە"دا حەپس دەکرد. لەوە دەچوو لە دوێنێوە نەخشەی خۆیان کێشابێ. بەخۆیان دەیانگوت کە چاوەڕوانی، مرۆڤ لە بن دێنێ و بەتەمابوون بەم شێوەیە قسەم لێ دەربێنن.

ئەوان بە هەڵەدا چووبوون، من لە رختدارخانەکەدا لە سەر چارپایەیەك دانیشتم، چونکە هەستم بە ماندووبوونێکی زۆر دەکردلە فکران ڕاچووم بەڵام بیرم لە پێشنیازەکەی ئەوان نەدەکردەوە. هەڵبەتە من شوێنەکەی "گری"م دەزانی: لەلای کوڕە مامەکانی لە چوار کیلۆمەتری شاردا خۆی شاردبووەوە. ئەمەشم دەزانی. کە شوێنەکەی ئەو ئاشکرا ناکەم مەگەر ئەشکەنجەیان دابام (بەڵام پێنەدەچوو خەیاڵێکی وایان هەبێ) هەموو ئەم بابەتانە بەتەواوی روون و ئاشکرا بوون و بە هیچ جۆرێ بایەخم نەدەدانێ. تەنیا دەمویست هۆی رەفتاری خۆم بزانم. من حەزم دەکرد بمرم و خەبەر لە "گری" نەدەم. بۆچی؟ من رامونگری-م خۆشنەدەویست. دۆستایەتی و خۆشەویستی من بۆ ئەو کەمێك بەر لە سپێدە مردبوو- هەمان ئەو کاتەی کە عەشقی کونشاو ئارەزووی ژیان لە مندا مردبوو، بەڵام

بێگومان هەمیشە ڕێزم بۆی هەبوو، چونکە بنیادەمێکی ئازا بوو. بەڵام ئەمە بەو مانایە نەبوو کە قاییل بم لە جیاتی ئەو بمرم. ژیانی ئەو وەکو ژیانی من هیچ بایەخێکی نەبوو، هیچ ژیانێك بایەخی نەبوو. نەفەرێکیان لە پاڵی دیوارێکدا دادەناو هێندەیان فیشەك پێوە دەنا تا دەبوو بە سەرەنگ و بێژنگ. ئیدی ئەم نەفەرە هەر کەسێك بوایە، من بوایەم یان گری یان کەسێکی دی فەرقی نەدەکرد. من دەمزانی کە بۆ لایەنگری لە ئەسپانیا، بوونی ئەو لە بوونی من پێویست تر بوو بەڵام ئەسپانیا و شۆڕشگێڕانی ئەسپانیاشم لە بەرچاو کەوتبوون: هیچ شتێك بەلامەوە بایەخی نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا من لەوێندەر بووم و دەمتوانی لە ڕێگەی تەسلیم بوونی گرییەوە گیانی خۆم ڕزگار بکەم لەگەڵ ئەمەشدا نەفسم نەیدەهێنا. پێم سەیر بوو لە دڵی خۆدا گوتم ڕەنگە عینادی بێ "ئایا ئەم عینادییە دێنێ؟:: "شادییەکی سەیر بە دڵ و دەروونمدا گەڕا. هاتن و منیان بردەوە بۆ لای دوو ئەفسەرەکە. مشکێك بەژێر پێماندا دەرپەڕی. پێکەنین گرتمی. ئاوڕم لە یەکێك لە سەربازە فاشیستەکان دایەوە و گوتم:- ئەو مشکەت بینی؟

وەڵامی نەدایەوە، چارەی دابوو بە یەکدا و خۆی گرژ و مۆن کردبوو. پێکەنین گرتمی بەڵام بە تۆبزی خۆم گرت، چونکە دەترسام ئەگەر لە سەڵای پێکەنین بدەم ئیدی نەتوانم جڵەوی خۆم بگرم. سەربازە فاشیستەکە سمێڵی هەبوو. دیسان پێم گوت:

- گەوجە دەبێ سمێڵت بتاشی.

پێم سەیر بوو کابرایەکی زندوو قاییل بێ بەوەی موو دەم و چاوی داپۆشێت. خێرا پەلەپیتکەیەکی لێدام و بێدەنگ بووم.

ئەفسەرە قەڵەوەکە گوتی:

- باش بیرت کردەوە؟

من بە واق وڕماوی تەمەشام دەکردن. لەتۆوایە تەمەشای مێروویەکی دەگمەن دەکەم و پێم گوتن:

- دەزانم لەکوێندەرە، لە قەبرسانەکەدا خۆی شاردۆتەوە. لە سەردابێکدایە، یان لە دەخمەی قەور هەڵکەنەکاندایە.

من ئەم قسەیەم بە سوعبەتەوە کرد تا دەستخەڕۆیان بکەم. دەمویست ببینم بزانم چۆن هەڵدەستن، خۆیان توند دەکەدنەوەو بەوپەڕی جددی دەستور دەدەن. ئەوان هەستانە سەرپێ.

- با بڕۆین بۆ ئەوێ "موله" تۆ پازده نەفەر له ستوان لوپز وەربگرە.
ئەفسەرە بچوکە خرپنەکە بە منی گوت:- ئەگەر راست بکەی من قەولەکەی خۆم دەبەمە سەر.. خۆ ئەگەر هەڵت خەڵەتاندبین ئەوا سزایەکی توند دەدرێی.
بەدەم هەراو زەناوە چوونە دەرێ. من لەگەڵ پاسەوانە فاشیستەکاندا بە ئاسوودەیی چاوەنوارم دەکرد. هەندێ جار بزەیەکم دەکرد چونکە دەکەوتمە بیری ئەو نەخشەو پلانانەی بۆیان دەکێشام. من خۆمم بە خەڵەفاو دەزانی. ئەوانم دەهێنایە بەرچاوی خۆم کە چۆن بەردی سەر گۆڕەکانیان لادەداو سەری گۆڕە ژێرزەمینیەکانیان هەڵدەدایەوە. وەزع و حاڵەکەم بەجۆرێ لەبەرچاوی خۆم بەرجەستە دەکرد وەکو ئەوەی کەسێکی دیکە بم! دیمەنی ئەم زیندانییە بزێوەی کە گەرەکیەتی لاسایی پاڵەوانەکان بکاتەوە، ئەم سەربازە جدییە فاشیستە سمێڵدارانە و ئەم خەڵکەی کە بە جلی هاوشێوەوە بەنێو گۆڕەکاندا غاریان دەدا بەلامەوە بێ ئەندازە سەیر و مایەی پێکەنین بوو.
پاش نیو سەعاتێك کابرای قەڵەوی خرپن بە تەنیا هاتەوە. پێم وابوو هاتبوو فرمانی ئیعدامی من بدات و ئەوانی دیکە لە گۆڕستانەکەدا مابوونەوە.
کابرای ئەفسەر تەماشای کردم. هیچ شوێنەوارێکی نائومێدی بە سیمایەوە دیار نەبوو، گوتی:
- ئەمە بەرنە حەوشە گەورەکە بۆ لای ئەوانی دی. پاش تەواو بوونی عەمەلیە عەسکەرییەکە دەدرێ بە دادگای ئاسایی.
وام دەزانی حاڵی نەبووم. لێم پرسی:
- یانی من.. من تیرباران ناکەن؟
- بە هەرحاڵ بەم زووانە نا. دواتریش پەیوەندی بە منەوە نییە.
دیسان هیچ حاڵی نەبووم، پێم گوت:- بۆچی؟ بێ ئەوەی وەلام بداتەوە شانەکانی هەڵتەکاند و سەربازەکان منیان برد. نزیکەی سەد نەفەر زیندانی ژن و منداڵ و چەند پیرەمێردێك لەنێو حەساره گەورەکەدا بوون. من گێژ و وڕ بەناو چیمەنی نێو حەوشەکەدا پیاسەم دەکرد. نیوەڕۆ لە ژووری نانخواردندا نیوەرۆژەیان دایێ. دوو سێ نەفەر لێیان پرسیم کە ئایا دەیانناسم. بەلام وەلامم نەدانەوە: نەمدەزانی لەکوێم.
شەوێ یەك دەرزەن زیندانی تازەیان تەپاندە نێو حەوشەکەوە. من گارسیای نانەوام لە نێویاندا ناسی پێی گوتم:- بەڕاستی شانست هەیە! باوەڕم نەدەکرد بە زندوویەتی بتبینمەوە. گوتم: ئەمانە حوکمی ئیعدامیان دام ئیدی نازانم بۆچی پەشیمان بوونەوە.

گارسیا گوتی: سەعات دوو منیان گرت.

- بۆچی؟

گارسیا دوور بوو لە سیاسەتەوە.

گوتی: نازانم، هەرکەسێك وەکو ئەوان بیر نەکاتەوە دەیگرن. ئەوجا دەنگی نزم کرد و گوتی: رامونگریشیان کوشت.

موچڕکێکم پێدا هات و گوتم: کەی؟

- ئەمڕۆ بەیانی. ڕۆژی شەممە لای ئامۆزاکەی هاتبووە دەرێ، چونکە تانەو تەشەریان لێدابوو.. زۆر کەس ئامادە بوون پەنای بدەن و بیشارنەوە بەڵام نەیدەویست منەتی کەس هەڵبگرێ، گوتبووی: دەکرا خۆم لای ئابییتا بشارمەوە، بەڵام ئێستا ئەو گیراوە، دەچم لە قەورستانەکەدا خۆم دەشارمەوە.

- قەورستان؟

- بەڵێ، کارێکی گەوجانە بوو. ئیدی ئەمڕۆ کە لای بەیانی ئەمانە دابوویان بەسەر قەورستانەکەدا و لە دەخمەی قەور هەڵکەنەکاندا دۆزی بوویانەوە. ئیدی ئەو تەقەی لەمان کردبوو و ئەمانیش کوشتیان.

- لە قەورستانەکە!

دنیا لەبەر چاوم سوڕا و لەسەر ئەرزەکە دانیشتم: لە قاقای پێکەنینێکی هێندە توندم دا کە چاوەکانم تەژی روندك بوون.

سەرچاوە:

دیوار- ژان پول سارتر

ترجمە- صادق هیدایت

چاپ دوم- ۱۳۸۳

ص۱۲-٤۱

# دوا گەڵا

چیرۆکی: ئۆ. هنری

لە ڕۆژئاوای مەیانی "واشینگتون"دا لە نیویورک، گەڕەکێك هەیە کە کوچەوکۆڵانە باریك و پێچاوپێچەکانیبە شێوەیەکی سەیر یەکدی دەبڕن و هەر ڕێبوارێکی تازە گێژ و سەرگەردان دەکات. ئەم دەڤەرە کە خەڵکی ناویان ناوە جنۆکەئاوا، کوچەکانی بە ئەندازەیەك پڕ پێچ و پەناو راسست و چەبە کە هەر رێبوارێکی تازە رێی بکەوێتە ئەوێندەر دەبێ بە سەعاتان وێڵ و سەرگەردان بێ تا رێگەی دەرچوون دەدۆزێتەوە. هەندێ لە کۆڵانەکان دوای ماوەیەك جارێکی دی خۆی دەبڕێ و هەر ئەو حاڵەتە سەیر و غەریب و نا ئاساییەیە کە نیگارکێش و شێوەکاران وا لێدەکات روو بکەنە ئەو وێنەو دیمەن و بابەتی جوان و دڵگیر بۆ کارە هونەرییەکانیان بدۆزنەوە.

لەوەیە هەر لەبەر ئەمەش بووبێ کە لەم دەڤەرە دوورە دەستەو کۆنەی گرینویچ دا، ژمارەیەك لە خەڵکانی ئەهلی هونەر و بێکار و هەژار، بۆ ژووری کرێ یان ژێرهەیوان و تەنانەت بۆ ڕاڕەوو داڵانی پەرپوتیش دەگەڕان تا تیای بژین.

بەمجۆرە، بەشی گرینویچ بەرە بەرە بۆ بە شوێنی گردبوونەوەی هونەرمەندانی ئاوارەو بێ نەواو شێوەکارانی کلۆڵ و خێر لەخۆ نەدیوو.

لە تەلارێکی خشتی سێ نهۆمی ئەم گەڕەکەدا، سو و جونسی پێکەوە دەژیان و وەرشەیەکی نیگارکێشیان بۆخۆ پێکەوە نابوو. دراوسێ و ئاشنایان هەموویان بە جونسی–یان دەگوت جوئانا. ئەم دووانە یەکێکیان خەڵکی شاری مین و ئەوی تریان کالیفورنیایی بوو. ئەم دوو کیژە گەنجە بە رێکەوت لە خوارنگەیەکی شەقامی هەشتەمی نیویورك دا یەکتریان دیتبوو و لەو یەکەمین دیدارەدا، بە حوکمی هاوسەلیقەیی و هاوئاهەنگی بیر و بۆچوونەوە، بناغەی دۆستایەتییەکی قووڵ و پایەداریان دارشتبوو.

سەرەتای ئەم دۆستایەتییە لە وەرزی بەهاردا سەری هەڵدا، بەڵام لە زستانی هەمان ساڵدا میوانێکی ناوەخت خۆی بە گەڕەکی گرینویچ دا کرد کە پزیشکەکان پێیان دەگوت "سیل". ئەم نەناسراوە دڵڕەقە، ڕێك وەکو بۆرانێکی سەیر بەسەر خەڵکی ئەم دەڤەرەدا داباری و پاش ئەوە بەڵای بێ شومار و بەدبەختیەکی زۆر دەستی پێکرد. دڵڕەقی و خوێنخۆری و خوێنرێژی ئەم دژمنە سەرسەختە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی واشینگتون سکویردا، زۆر زیاتر بوو تا لە بەشی ڕۆژئاوا.

لەوێندەر ڕۆژ نەبوو کە دەیان قوربانی ڕۆژە ڕەش بەخاکی سارد و تاریك نەسپێردرێن، بەڵام لە بەشی گرینویچ دا ئەم دژمنە زاڵمە نەیتوانی بوو بەو شێوەیە جەور و ستەمی خۆی بەسەر خەڵکیدا داباریێنێ. ڕەنگە کوچەو کۆڵانە تەنگ و تاریك و ڕێگە پڕ پێچ و پەناو ناڕەحەتەکان ڕێگەیان لێ گرتبێ.
ئەم دژمنە تازەیە بۆ نەگبەتی کەمترین پیاوەتی و جوامێری و مرۆڤدۆستی لێنەدەوەشایەوە. بە قامکە خوێنڕێژ و خوێنمژەکانی پەلاماری قەد و باڵای ناسك و جوانی جوئانای داو سەرەنجام لەناو جێگەی ئازار و نەخۆشیدا خستی. نزیکەی یەك هەفتە بوو کە لاواز و بێتاقەت لەسەر تەختە خەوە شەق و شڕە ئاسنینەکەی خۆی کەوتبوو. تایەکی گەرم گەرمی لێهاتبوو، وەکو تەنور دەسووتاو لە هەمان کاتدا لە پەنجەرەی ژوورەکەوە دەیڕوانی حەسارەکەی تەنیشتی.
سو، ئەوەندەی لە توانایدا بوو هەوڵی بۆ ڕزگار کردنی تاقە دۆستەکەی دا. زۆر شەوی سارد و درێژی بەدیارییەوە ڕۆژ کردەوەو وەکو دایکێك ئاگاداری لێکرد. ئەگەرچی لەم دواییانەدا نەخۆشەکە کەمێك چاك بوو بوو و تایە گەرم و دوور و درێژەکەی نەمابوو، بەڵام هێشتا لە مەترسی نەخەلەسی بوو. جۆرە لاوازی و سستی، جۆرە نارەحەتییەکی ئاوێتە بە حەواسپەرتی تێی ئالابوو. هەندێ جار بە سەعاتان دەیڕوانییە خاڵێکی نادیار و غەرقی بێدەنگییەکی تەواو دەبوو.
سەرەنجام کاتێ دکتۆر بۆ دواجار، پاش پشکنینێکی ورد، لە ژوورەکەی ئەو وەدەر کەوت، سو-ی ڕاکێشایە گۆشەیەکەوەو گوتی: مەخابن حاڵی نەخۆشەکە باش نییە. من لە سەدا دەی مانی بۆ دادەنەم. وەزعی ئەو بەجۆرێکە کە دەبێ بڵێم مانی ئەو بەدەستی خودی ئەوە. ئەگەر خۆی ئارەزووی لێبێ دەتوانێ بمێنێ.
سو، کە بە ژنەفتنی ئەم هەواڵە شپرزە بوو بوو گوتی:
- لە مەبەستت حاڵی نابم.
دکتۆری دلۆڤان، بەدەم هەوڵی ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی خۆیەوە گوتی: هەندێ نەخۆشی پاش تەواو بوونیش، کاریگەری بەسەر نەخۆشەوە دەمێنێ واتە دووچاری جۆرە سەنگەلاییەکی دەروونی دەکات. ئەم نەخۆشەی ئێوە دووچاری جۆرێك لەم نەخۆشییە دەروونیانە بووە، تروسکەی ئومێد لە دڵیدا دامرکاوەتەوە، ئەو بەخۆی نایەوێ بژێ و باوەڕی وایە کە هەر سبەی و

دوو سبەیە و ئیدی دەمرێت. دەکرێت پێم بڵێی کە ئایا ئەم دۆستەی تۆ لەم دواییانەدا ئاواتێکی لە دڵ دا هەبووە کە نەهاتبێتە دی؟

سو، دیسان لە فکران ڕاچوو:

– باوەڕ ناکەم، هەمیشە هەر دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش بوو. لەم ئاخر و ئۆخرانەدا تەنیا یەك ئاواتی هەبوو ئەویش بریتی بوو لە کێشانی وێنەیەکی کەنداوی ناپولی.

– نە، باش لە مەبەستم حاڵی نەبوویت، مەبەستم لە ئاوات ئەمەیە کە ئایا پیاوێك لەم دواییانەدا لە چارەنووسی ئەودا شەریك بووە؟ دڵدارییەکی هەبووە کە لەم دڵدارییەدا شکستی خواردبێ؟

– هەرگیز. ڕاستە کە جوئانا جوانە و هەمووان ئەویان خۆشگەرەکە، لێ دڵنیام کە ئەو هەرگیز ئاشق نەبووە، چونکە ئەگەر شتی وا هەبووایە من پێم دەزانی.

– کەواتە، ئەم نائومێدییە زادەی بێتاقەتی و درێژەی ماوەی نەخۆشییەکەیە. هەڵبەتە ئەوەندەی لە توانای زانستی پزیشکیدا بێ من هەوڵی ڕزگاربوونی دەدەم، بەڵام هەڵبەتە وەختێ نەخۆش مەسەلەی مەرگ دێنێتە گۆڕێ و باسی گۆڕستان و گۆڕ و بەڕێکردنی جەنازە دەکات، ئومێدی دکتۆریش کەم دەبێتەوە.

بەهەرحاڵ، ئامۆژگاری من ئەمەیە کە تۆ دەبێ کارێك بکەیت کە ئەو ژیانی خۆش بوێ. باسی ئەشق و لاوی و جل و بەرگ و نیگارکێشی بۆ بکەیت. هەوڵبدەیت کە تیشکی ئومێد بچێتە دڵ و دەروونییەوە. ئەگەر ڕۆژێك بە منت گوت کە ئەو بۆ نموونە باسی جلی تازە یان درێژەی کاری نیگارکێشی کردووە، هەنگێ منیش بەتۆ دەڵێم کە تەقریبەن مەترسی لەسەر نەماوە.

چەند دەقیقەیەك پاش ڕۆیشتنی دکتۆرەکە، سو، خۆی وەژووری نەخۆشەکەدا کرد، جوئانا هەر بە هەمان دەقەوە لەسەر جێگەکەی ڕاکشابوو، و لە گۆشەی پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە ناو حەسارەکە. دیسان وەکو جاران نیگای بڕی بووە یەك خاڵ، یەك خاڵی نادیار و ڕازئامێز. سو، ئاگای لە بێداری ئەو نەبوو. بۆ ساتێك ڕوانییە ڕوخساری مات و ڕەنگپەڕیووی دۆستەکەی و پاشان بۆ ئەوەی ئەو بێدار نەکاتەوە، بە هێمنی بەرەو لای تابلۆ نیوەچڵەکەی خۆی کە بەسەر ستاندەوە بوو ڕۆیی.

ئەو ڕۆژە قەرار بوو بۆ چیرۆکێکی تازە کە لەژێر چەپدا بوو وێنەیەکی خەیاڵی بکێشێت و بۆ بەڕێوەبەری یەکێك لە گۆڤارەکانی بنێرێ. هێشتا دەستی بە کارەکەی نەکردبوو کە گوێی لە

دەنگێك بوو. پێدەچوو جوئانا بە ئەسپایی و لەبن لێوانەوە قسان بکات، کەمێك زیاتر گوێی هەڵخست، بەستەزمان هێدی هێدی هەندێ ژمارانی دەژمارد... پازدە... چواردە... سیازدە... تەمەشای کرد. جوئانا هێشتا هەر لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە خاڵێکی نادیار. ئەمیش دوابەدوای ئەو نیگایەکی هاماجی دەرەوەی کرد، هیچ شتێك نەبوو، هیچ دەنگێك نەدەهات جگە لە شنەبایەکی ساردی سەرماهێنی زستان.

دیسان گوێی لە دەنگی جوئانا بوو:

– دوانزە، یانزە،... دە...

خۆی پێنەگرا. لە کاتێکدا کە زیاتر هەوڵی دەدا تا هۆی ئەم ژمارەکارییە بزانێ پرسی:

– ئەزیزم، چ شتێك دەژمێری؟

جوئانا هەر بەو دەقەوە کە لە گۆشەی پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە دەرێ، بەئەسپایی گوتی: تەمەشا بکە، ئەو لاولاوە نابینی؟ ئێستا تەنیا دە گەڵای پێوە ماوە.

چەند رۆژێك لەمەپێش سەدان گەڵای پێوە بوو، ئەوەندەی گەڵا پێوە بوو کە بەمن نەدەژمێردرا. بەڵام ئێستا بڕوانە، لە دە گەڵا پتری پێوە نەماوە.

سو، جارێکی دیکە روانییە دەرێ. نیگای راستەوخۆ لەسەر دیوارەکەی بەرانبەر گیرسایەوە. لەوێندەر بەقەد دیوارێکی کەرپووچی سپییەوە، یەك بنجە لاولاو بەرچاو دەکەوت کە بەقەد و باڵای رووت و بێ گەڵاوە لە بەردەم شنەبایەکەدا دەلەرزی.

ئەمە هەمان ئەو بنجە بوو کە لە بەهار و هاویندا دیوارەکەی لەگەڵادا غەرق کردبوو. گوتی:

– زۆر باشە، گریمان تەنیا دە گەڵای پێوەیە.

– نە، ئێستا بوو بە هەشت گەڵا. بزانە چەند خێرا دەرژێ. کە دوا گەڵا بکەوێ، منیش بە ئاسودەیی دەمرم. ئەم گەڵایانە هەواڵی نزیك بوونەوەی مەرگی منیان پێیە. کە ئەم لقانە لە رووتبوونەوە نزیك دەبنەوە کۆتایی تەمەنی منیش نزیك دەبێتەوە. دکتۆر ئەم قسانەی بەتۆ نەگوت؟

سو، لە کاتێکا کە پەردەیەکی خەم چارەی داپۆشی بوو، گوتی:

– ئەم قسە بێ سەروبەرانە چییە کە تۆ دەیڵێی؟

رژانی گەڵا چ پەیوەندییەکی بەژیانی تۆوە هەیە؟

چما لە یادت چووە کە تۆ ئەم لاولاوەت چەند خۆش دەویست؟ ئەم خەیاڵانە لەخۆت دوور بخەوە. دکتۆر ئێستا گوتی کە لە هەر مەترسییەك خەلەسیوی و بێگومان چاك دەبیتەوە. بۆچی بە خۆڕایی خۆت ناڕەحەت دەکەیت؟ بۆخۆت بنوو، چەند رۆژێکی دیکە ئیسراحەت بکەو پاشان هەستەوە دەست بەکاری خۆت بکەوە. منیش کارم هەیە. ئەگەر ئەم قسەیە بکەی، ناتوانم بە ئیسراحەت کاری نیگارکێشی بکەم. بەخۆت دەبینی کە پارەمان تەواو بووە. ئەگەر ئەم وێنەیە ئەمڕۆ تەواو بووایە دەمتوانی کەمێك شەراب و خۆراك بکڕم، بەتایبەتی بۆتۆ کە زۆر پێویستت پێیەتی.

جوئانا، بە هەمان دەقەوە کە نیگای بڕی بووە لاولاوە ڕووتەکە، گوتی: نە، چیتر لەبەر من زەحمەت مەکێشە. ئیدی کاتی ئەوە نەماوە کە تۆ زەحمەت بۆ من بکێشیت. تەمەشا بکە تەنیا سێ گەڵای پێوە ماوە. ئەم سێ گەڵایەش بێگومان تابولێڵی ئێوارێ دەکەون.

سو، بەسەر جێگاکەی ئەودا دانەوییەوە:

– ئەزیزەکەم، بەڵێنم بدەیە تا من نیگارەکەم تەواو نەکەم تۆ چاو نەکەیتەوە. لەبەر خاتری من. چاوەکانت بنووقێنەو بخەوە. من گڵۆپەکان پێدەکەم، چونکە ناچارم هەرچۆنێك بووە ئەم تابلۆیە تا سبەی بەیانی تەواو بکەم

– باشە ناتوانی تەنیا ئەمشەو لە ژوورێکی دیکەدا نیگارکێشی بکەی؟

– نە، حەز دەکەم لای تۆ بم، ئەمە جگە لەوەی حەز ناکەم تۆ تەمەشای دەرێ بکەی.

جوئانا بە هێمنی سەری وەرگێڕا، چاوە کزەکانی نووقاند. لەم حاڵەتەدا وەکو پەیکەرێکی مەڕمەڕین وابوو. گوتی:

– زۆر چاکە. من چاوەکانم دەنووقێنم، بەڵام تۆش بەڵێنم بدەیە کە کارەکەت تەواو بوو گڵۆپەکە بکوژێنیتەوە تا من دەرێ بدینم. من حەز دەکەم بزانم کەی ئەم دوا گەڵایە دەکەوێتە سەر زەوی. ئەوەندەم چاوەڕوانی کرد بێتاقەت بووم. حەزم لێیە کەوتنی دوایین گەڵا بدینم و هەنگێ بە ئاسوودەیی بمرم.

– چاکە، بنوو، من دەچم (برمان) بانگ دەکەم بۆ ئێرە تا ببێ بە مودێلی من. دەزانی من وێنەی پیرەمێردێك دەکێشم کە لە کانێك کار دەکات. هیچ نەجۆڵێی، چوون و هاتنەوەم لە یەك دەقیقە زیاتر ناکێشێت.

"برمان" لە قاتی خوارەوە دەژیا. پیاوێکی شەست ساڵە بوو روحیانیەتێکی پاك و دڵێکی لێوان لێوی مەحەبەتی هەبوو. کاری نیگارکێشی بوو بەڵام هیچ کاتێك لەم بوارەدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو. چل ساڵی خشت بوو، لێبڕابوو وێنەیەك بکێشێت، وێنەیەکی جوان و شاکارێکی نەمر، بەڵام هەرگیز ئەو شاکارەی دەست پێ نەکردبوو. بە هەموو کەسێکی دەگوت کە رۆژێك لە رۆژان ئەم کارە بێ نەزیرە دەکێشێت، کارێك کە لە جیهاندا وێنەو نموونەی نەبێ، بەڵام تا ئەو رۆژە چ کەسێك ئەو کارەی نەدیبوو. لە رێگەی وێنەکێشانی ئاگادارییان و هەندێ نیگاری بچووکەوە دەژیا، هەندێ جاریش بەهۆی ردێنە درێژ و لوولەکەیەوە دەبوو بە مۆدێلی نیگارکێشانی تازەکورەو لە هەنبەر ئەوەدا، کرێیەکی کەمی وەردەگرت.

سو، خۆی وەژووری پیرەمێردەکەدا کرد، ژوورەکەی زیاتر لە ژێرزەمینە تاریکەکان دەچوو. برمان وەکو هەمیشە سبیلەکەی بە دەمەوە بوو و لە بەرانبەر ستاندی نیگارکێشییەکەی دانیشتبوو. ستاندێکی سپی بوو کە قەرار بوو شاکارەکەی خۆی لەسەر بکێشێت. سەرسام و حەیران دانیشتبوو و نەیدەزانی چۆن دەست بەکارەکەی بکات. بیست و پێنج ساڵ بوو کە ئەم کارە دووبارە دەبووەوە بەڵام بە درێژایی ئەو هەموو ماوەیە، هیچ کاتێك فڵچەکەی ئەو بەر جانفاز نەکەوتبوو. ئەم پیرەمێردە لە چوونە ژوورەوەی سو، سەرسام نەبوو. یەکەم پرسیاری ئەمە بوو کە حاڵی جوئانا چۆنە؟ سو، بۆی گێڕایەوە کە چۆن دۆستەکەی پاش ئەو نەخۆشییە قورسە، دوو چاوی خەیالاتی بێ مانا بووەو چۆن باوەڕی بەخۆی هێناوە کە وەختێ دوا گەڵا وەری، ئەویش دەمرێت.

پیرەمێردی دڵپاك لە پڕ لە سەرسامی و ناڕەحەتیدا لەجێی خۆی راپەڕی:

– شتێکی سەیرە! مرۆڤ دەبێ چەند گەوج بێ کەوا بیر بکاتەوە تەمەنی بە گەڵای درەختێکەوە بەندە. تۆ بۆ هێشتت ئەم کیژە کلۆڵە دووچاری ئەم خەیاڵاتە پوچانە ببێ؟ نە، من چیتر ئامادە نیم پێ بنێمە ژوورەکەی ئێوە، چەندم بەزەیی پێدا دێتەوە، کیژۆڵەی کلۆڵی بێ گوناه!

سو، قسەکەی بڕی:

– گوێ بگرە، جوئانا زۆر لاواز و بێتاقەت بووە، نەخۆشیەکە کەسیرەی کردووە. تای توند، مێشکیشی نەخۆش خستووە و ئەم بیرە غەڵەتە چووە بە مێشکی دا کە ئیدی چاك نابێتەوە. من دەمویست خێرا وێنەیەك بکێشم تا پارەی دەرمان و خواردنی بۆ پەیدا بکەم، ئێستا کە تۆ نایەی، دەبێ بیرێکی دیکە بکەمەوە.

ماکی سووکە بزەیەك کەوتە سەر سیمای چرچ و لۆچی برمان:
– بەراست تۆش ژنی، ئاخر چۆن دەشێت لە کاتێکی وەهادا کە جوئانای ئازیزم ئەوەندە نەخۆشە، لەگەڵتدا نەیەم؟ خوابکەم چاك بێتەوە، هەرکاتێ چاك بووەوە، ئەوسا کە بەیادی ئەو، ئەو شاکارە گەورەیەی خۆم دەست پێدەکەم، شاکارێك کە هەمیشە لە جیهاندا پایەدار بێ.
هەردووکیان بە قاردڵمەکانا سەرکەوتن و پاش یەك دەقیقە گەیینە لای جوئانا. چاوەکانی نوقاندبوو و خەوی لێکەوتبوو. سو، بەئەسپایی پەردەی پەنجەرەکەی دیار جێگەکەی ئەوی دادایەوە و برمانی بۆ ژوورەکەی دیکە برد.
هەردووکیان هەر کە وەژوور کەوتن، چوون بۆلای پەنجەرەکە، چرە تاریکییەکی خەست باڵی بەسەر دنیادا کێشابوو و بەفر هێدی هێدی دەباری. پیرەمێردەکە ئاهێکی هەڵکێشاو لەسەر کورسییەك دانیشت. پاشان سو، تفاقی کارەکەی خۆی هێناو مژولی نیگارکێشی خۆی بوو. ئەم وەزعە هەر یەك سەعاتی خایاند، ئەو سا برمان بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە.

* * *

یەکەمین سەرقافڵەی بەرەبەیان لە شێوەی گزنگێکی کەم روناکی دا لە میانەی پەردە ئەستورەکانی پەنجەرەی ژوورەکەوە وەژوور کەوت و بەمجۆرە کۆتایی ئەو ئێوارە تاڵ و مەینەت ئامێزەی ڕاگەیاند.
تازە سەعاتێك بوو کە سو، شەکەت و ماندوو خەوی لێکەوتبوو. بەدرێژایی شەو بەدیار نەخۆشە هیلاکەکەوە دانیشتبوو. جوئانا تەنانەت وەسێتیشی بۆ کردبوو، پێی گوتبوو: جلەکانم بدە بە کیژە دراوسێکەمان، یادگارییەکانم بۆخۆت هەڵگرە، و لەم گۆڕستانەی تەنیشتمانەوە بمنێژە.
سو، هەرچییەکی گوت فایدەی نەبوو. هەرچی مەنتیقێکی دەزانی، هەرچی پەند و ئامۆژگارییەکی لەیاد بوو، هەرهەمووی، یەك بەیەك بە دۆستە ناکامەکەی خۆی گوت و گوتەوە، بەڵام بێ سوود بوو. جوئانا بەردەوام یەك ڕستەی دووبارە دەکردەوە: دڵنیام دوایین گەڵا کەوتووە، تەنیا گەرەکمە بەچاوی خۆم بیدینم و هەنگێ بەئاسوودەیی بمرم.
سەرەنجام کیژەی نەخۆش خەوی لێکەوت، خەوی لێکەوت تا لەگەڵ یەکەمین گەردی بەیانی دا، قەدی رووتی لقە لاولاوەکە بدینێ. کاتێ ئەو خەوت، "سو"ش شەکەت و ماندوو خۆی دا بەسەر جێگەکەیدا.

* * *

– سو، هەستە بەیانییە. هەستەو ئەو پەردەیە لابەرە.
سو، چاوی هەڵێنا. هێشتا هاماجی ناو ژوورەکە تاریك بوو. لە پڕێکادا بیرەوەری پڕ ئازاری بنجە لاولاوەکەی هاتەوە یاد: دواهەمین گەڵا!
دیسان دەنگی کزی جوئانا بەرز بووەوە:
– بم بورە کە خەبەرم کردیتەوە. لەبەر خاتری من هەستەو ئەو پەردەیە لادە لاوە.
چار چی بوو سو، بە هەنگاوی لەرزۆکەوە بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیی دەست و دڵی دەلەرزین. بە ئەسپایی پەردەکەی راکێشایە لاوە: خودایە! دوا گەڵا... دوا گەڵا هێشتا نەکەوتبوو.
جوئانا تەمەشای کرد. دیسان بە چاوانی ئەبڵەقەوە تەمەشای کرد. بەڵێ، دوا گەڵا هێشتا بە لقە لاولاوەکەوە دیار بوو. لەگەڵ بارینی بەفرا، وێڕای ئەو بایە توندە، هێشتا دواهەمین گەڵا بەقەد ئەو دیوارە کەرپووچەوە خۆی دەنواند.
سووکە بزەیەك بەسەر لێوانی بێڕەنگی جوئاناوە هەڵهات: چۆنە کە دواگەڵا نەکەوتووە. من بەخۆم بەدرێژایی شەو گوێم لەدەنگی بایەکە بوو. من دڵنیا بووم کە ئەم گەڵایە کەوتووە.
سو، لە کاتێکا کە دوو دڵۆپە روندك بە روخساریا شۆڕ دەبوونەوە، سەری بەلای جوئانادا دانەواند:
– ئازیزی دڵەکەم، ئاخر بەزەییەکت بەحاڵی منیش دا بێتەوە. ئەگەر تۆ بەتەنگ خۆتەوە نایەی، ئەگەر خۆت و ژیانی خۆت خۆشنەگەرەکە، بەلای کەمەوە بەزەییت بە بێکەسی و تەنیایی مندا بێتەوە.
لێ جوئانا چ وەڵامێکی نەدایەوە. ئەو ئیتر بیری لە هیچ شتێك نەدەکردەوە. ئەمە یاسایەکی ئاساییە، لەو ساتانەدا کە روح جەستە بەجێ دێڵێ و بەرەو جیهانی پڕ نهێنیان دەچێ، نەخۆش ئیدی بیر لە کەس ناکاتەوە. داوی وەهم و خورافات، بەجۆرێ مێشك و هۆشی جوئانای تەنی بوو کە بە هیچ جۆرێ نەیدەتوانی هەست بە سۆزی خەڵکانی دیکە بکات.
ئاسمانی تورە سەر لەنوێ دەستی بە شێتایەتی خۆی کردەوە. بای ساردی جەمسەری سەر لەنوێ هەڵیکردەوەو دوابەدوای ئەو بەفر سەر لەنوێ دەستی بە بارین کردەوە، بەڵام وێڕای ئەم تۆف و بۆرانە، دواهەمین گەڵای لاولاوەکە، خۆی راگرت و لە باڵای ڕووتی بنجە لاولاوەکە دوور نەکەوتەوە. ئەو شەوو رۆژەش هەر بەفر باری. جوئانا تەمەشای کرد، زۆری چاوەنۆڕ کرد تا

رژانی دوا گەڵاکە بدینێ، تا دەمەو ئێوارەیەکی تاریك، گەڵای سەرسەخت هەر بەقەد دیوارەکەوە مایەوەو نەکەوت.

ناچار خۆی بۆ سبەینێ دایە دەست رەوتی زەمەنەوە. ئەمجارەیان دڵنیا بوو کە قەدی گەڵاکە چەند بەهێز و سەرسەخت و خۆڕاگر بێ، خۆی لە بەردەم تورەیی ئاسمان ڕاناگرێ. لێ کاتێ لەگەڵ یەکەم گزنگی رۆژدا، لە پەنجەرەکەوە تەمەشای فەزای نیمچە روناکی ناو حەوشەکەی کرد، سەیری کرد، گەڵاکە بەدەقی خۆیەوە ماوەو جوڵەی نەکردووە. بۆ چەند ساتێك لە فکران ڕاچوو، ئەوجا سو–ی گازکرد: سو، ئەم گەڵایە دیسان نەکەوتووە، بۆ؟ رەنگە خوا نەیەوێ من بەم زووانە بمرم؟ بەڕاستی من چەند کیژێکی خراپ بووم؟ ئەمە گوناه نییە کە مرۆڤ ئەوەندە مکووڕ بێ لەسەر مردنی خۆی؟ هەستەو تۆزێ شیرم بدەیێ. زۆر برسیمە.

بزەیەکی کاڵ نیشتە سەر سیمای سو. گوتی: زۆر شوکر بۆ خوا ئەمڕۆ زۆر باشتری. من پێم نەگوتی بەو زووانە چاك دەبییەوە؟ بەڕاستی دەتەوێ کەی وێنەی کەنداوی ناپولی بکێشێت؟

جوئانا، رووی گەشایەوەو وەڵامی دایەوە:

هەرکاتێ توانیم ڕێ بکەم.

ئەو ڕۆژە نزیکی نیوەڕۆ، دکتۆر لە ناوەختدا خۆی بە ژوورەکەی سو–داکرد، کە هەواڵی جوئانای زانی زۆر خۆشحاڵ بوو، و گوتی:

– هاتبووم بۆ موعایەنەی دراوسێکەی ئێوە. پیرەمێردی کلۆڵ وەزعی یەجگار خراپە، دەمرێت، هیچ ئومێدێکی چاکبوونەوەی نییە. پێرێ شەو لە پڕ تووشی سیل بوو، ئەمڕۆ رەنگە بمرێ.

سو، بەرەوماڵەکەی برمان غاری دا. چەند هاوسێیەك لە دەوری جەستەی نیوەگیانی خڕ بوو بوونەوە. یەکێك لەوانە بەمجۆرە پوختەی رووداوەکەی گێڕایەوە:

دوێنێ بەیانی بەم حاڵەوە دۆزیانەوە. جلەکانی هەموو تەڕ و بەستەڵەك بوو. هەموو شەوەکەی لە دەرێ ڕا لەژێر بەفر و بۆراندا قەتاند بوو. لەبەر فانۆسێکی دەستیدا، لە کەنار بنجە لاولاوەکەدا نیگارکێشی دەکرد. دەیویست شاکارەکەی خۆی بخولقێنی و ئاقیبەت گیانی خۆی لەسەر دانا.

بەڵێ، برمان سەرەنجام بە کێشانی وێنەی دواهەمین گەڵا، شاکاری نەمری خۆی خولقاندبوو.

**سەرچاوە: داستانهای کوتاه ازنویسندگان امریکا**

**ترجمه حسن شهباز/ چاپ دوم ١٣٥٨**

**ص٥٩–٧٢**

# ماسیگرە سپییەکە

**چیرۆکی سارا ئۆرن جیویت**

"١"

هەتاوی مانگی یەکەمی تاوسان بەئارامی لە پشت دارە زەلامەکانی بێشەکەوە ئاوا دەبوو و تاریکی شەو بەرە بەرە باڵی بەسەر ئەو بێشەو جەنگەڵە بێ سنوورەدا دەکێشا. دواهەمین زەردەپەڕی خۆر لە پەراوێزی سووری ئاسۆوەو بەنێو لق و پۆپی چڕ و پڕی درەختاندا تێدەپەڕی و ئەو تولە ڕێگەیەی کە بە قوڵایی تاریکی بێشەکەدا دادەکشا، روناك دەکردەوە.
کچۆڵەیەکی بچوك بەوپەڕی شەکەتی و بێ توانایییەوە، مانگایەکی بەهێزی، کە بە هێواشی و نە بەدڵییەوە هەنگاوی دەنا، بە تولەڕێیەکی تاریکدا لێدەخوڕی. هەردووکیان ڕێیان دەکرد، بەڵام هەردووکیان شەکەت و ماندوو بوون، و ئەوەندە لە خەمی ئەو تولە ریگەدا نەبوون کە پێیدا رەت دەبوون، دیارە ئەم ریگەیەو ئەم ماندوویەتییە بەلای هەردووکیانەوە ئاسایی بوو و بە بەشێك لە بەرنامەی رۆژانەیان دەژمێردرا.
هەر لە هەوەڵی بەهار و سەوز بوونی دەشت و دەر و بێشەو کوسارانەوە، بەدەگمەن، شەوێك رێك دەکەوت کە ئەم مانگا خۆشبەزە، پاش لەوەڕی رۆژانە. لە پاوەنەکەی خۆیدا یان لە حەسارە تەلبەندەکەدا بمێنێتەوە، پێدەچوو زۆری حەز لەوە بێ خۆی بە قوڵایی بێشەکەدا بکات، خۆی لە پشت گوڵبەنە چڕەکاندا بشارێتەوەو کچۆڵەی داماو کە هەموو شوێنێکی بەدوودا دەگەڕا، تووڕەو قەڵس بکات. هەرچەندە زەنگوڵەیەکی بە ملەوە کرابوو، بەڵام دۆزینەوەی ئاسان نەبوو. دەیزانی کە ئەگەر لە جێی خۆی هێدی و بێ جوڵە بوەستێ، زەنگوڵەکە دەنگی دەرنایەت و ئەنجام نازانن ئەو لەکوێیە.
زۆر جاران رێك دەکەوت کە سیلویا بە سەعاتان لە گۆشەو کەناری ئەو پاوەنە بەرین و بێشەڵانە بێ سنوورەدا دەکەوتە گەڕان. بەدەنگی منالانەی خۆی، مانگا سەرکێشەکەی بانگ دەکرد و گوێی بۆ بچوکترین دەنگ هەڵدەخست بەو ئومێدەی دەنگی مانگاکەی بێ و لەو دەورووبەردا بیدۆزێتەوە. هەندێ جار ئەم گەمەی چاوشارکییە ئەوەندە درێژەی دەکێشا کە سەبری کچۆڵەکە دەسواو سوێندی دەخوارد هەر کە بیدۆزێتەوە دارکارییەکی باشی بکات و هەقی خۆی بنێتە مستی، بەڵام هەرکە مانگاکەی دەدۆزییەوەو چاوانی پڕ سۆزی ئەو حەیوانەی دەبینی، لە بڕیارەکەی خۆی ژێوان دەبووەوە و لێی خۆش دەبوو. هەڵبەتە ئەم

مانگایە ئەگەر حەیوانێکی شیردارە نەبووایە، خاوەنەکانی بەجۆرێکی دیکە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرد. شیرە زۆرەکەی جۆرە هەستێکی ڕەزامەندی لەلا دروست کردبوون. بۆیە سیلویا، لەبەر خاتری داپیرەی ناچار بوو ڕەفتاری لەگەڵ حەیوانەکەدا هێدی و ئارام بێ. ئەمە جگە لەوەی کاتی ئەو ئەوەندە گرینگ نەبوو کە بۆ کارێکی دیکەی تەرخان بکات. لەو ژینگەیەدا، تاقە هاووازی و هاودەمی ئەو ئەم مانگایە بوو، و ئەم هەموو هەوڵ و تەقەلایە بۆ دۆزینەوەی و تەماشاکردنی دیمەنە جوانەکانی سروشت و گوێگرتن بۆ ئاوازی مەلان، بۆ سیلویا بە جۆرە لەزەت و سەرگەرمییەك دەهاتە ژماردن. بەڵام ئەو ڕۆژە، ئەم ئاشنا نامیهرەبانەزەحمەتێکی زۆری بۆ سیلویا دروست کردبوو. هەرچی شوێن هەبوو بەدوویدا گەڕا، و هێندەی لە توانای گەرووە بچووکەکەیدا بوو هاواری کرد، کەچی نەیدۆزییەوە. پاش چەندین سەعات گەڕان و عەودالی، سەیری کرد لە پشت شیشبەندی حەوزەکەدا، بە هێمنی ڕاوەستاوەو بەچاوە بێگەردەکانی تەمەشای ئەو دەکات. بەر لەوەی سیلویا تۆفانی توڕەیی خۆی بەسەریا ببارێنێ و بەر شولکانی بدات، ڕێگەی گرتە بەر، گوانەکانی تەژی شیر بوون و ئامادەی دۆشین بوون، بۆیە بێ ئەوەی سەری خۆی بە هیچ لایەکدا وەربگێڕێ، هێدی و ئارام ملی ڕێگەی ڕۆژانی گرتەبەر.

سیلویا، شەکەت و ماندوو هەنگاوی سست و خاوی دەنا و لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ حاڵی دایە گەورەی سەبارەت بەم دواکەوتنە زۆرەی ئەوان چۆنەو چی دەڵێ. لە پاش نیوەڕۆوە، لە سەعات پێنج و چەند دەقیقەیەکەوە هاتبووە دەرێ تا مانگاکە بۆ ماڵ بەرێتەوەو ئێستا سەعات نزیکەی هەشت بوو. هەموو دەیانزانی کە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە کارێکی ئاسان نییە. خودی خانم تی لی زۆر شەوانی تاوسان تا درەنگانێ بەدوای ئەم مایەی سەریەشەیەدا، سەرانسەری ئەم دەڤەرەی تەی کردبوو و هەنووکە بێگومان هەستی بە ڕەزامەندی و ئاسوودەیەکی فرە دەکرد کە سیلویای هەیە تا ئەم ئەرکە قورس و دژوارەی بۆ ئەنجام بدات. هەڵبەتە دوور نەبوو لە دڵی خۆیدا وا بیر بکاتەوە کە سیلویا بەدەم ڕێگەوە، ماوەیەکی بە یاری و گەمانەوە بردۆتە سەر، چونکە ئەم کیژە تا یەك-دوو ساڵ لەمەوبەر کە نەهاتبووە ئەم گوندە ، ماوەی هەشت ساڵی تەمەنی خۆی لە شارێکی پیشەسازی و لە ژینگەیەکی قەرەباڵغ دا بەسەر بردبوو. هەموو ئاشنایانی دوور و نزیکی ئەو دەیانزانی کە سیلویا، تا کاتێ چاوی بەم مەزرا سەوز و دەشت و بێشەو کۆسارانە نەکەوتبوو، خۆی بە زیندوو نەدەزانی. لە ژیانی ئاڵۆز و تاڵی شاران بێزار بوو. هەندێ جار ئەوەندە تاسەو

ئـارەزووی دیـتنی دیمـەنێکی جوانی دەکـرد کـە بـە سـەعاتان لـە کۆڵانـدا، لـە بەرانبـەر ماڵـە هاوسێیەکدا دەوەستاو تەمەشای گوڵدانێك یان مۆمدانێکی کۆنەی پشت پەنجەرەیەکی دەکرد. رۆژێ کـە (خـا تـی لـی) دەچێتە سـەردانی مـاڵی کیژەکـەی لـە شـار، لـە گەڕانـەوەدا لێـدەبڕێ یـەکێك لـە کچـەزاکانی لەگـەڵ خۆیـدا بـۆ گونـد بـێنێ، کیژەکـەی پێـی گوتبـوو: سـیلوی ببـە: چونکە ئەم کیژۆڵە گەوجە لە بنیادەمان دەترسێت! هەمیشە بە تەنیایـە و خـۆی لـە خـەڵکی دوور دەگرێ. ئەو ببە بەڵکو لە گوندیدا دەبێ بە بنیادەم!

ئەوەبوو، رۆژێ داپیرە لەگەڵ کچەزاکەیدا هاتنەوە بـۆ مەزراکـەیان و گەیینـەوە ماڵـە چـکۆلەو دووره دەستەکەیان. سیلویا کە چاوی بە گوربە قەڵەوو پیرەکەی داپیرە کەوت کە لە ئـەنجامی راوە چۆلەکەو گۆشت خواردنـدا بـەحاڵ دەیتـوانی رێ بکات، یەکسـەر لـە دڵـی خۆیـدا گـوتی:- چەند شوێنێکی باشە، ئیدی لێرەدا ناڕۆم.

⋆ ⋆ ⋆

دوو هـاودەم، بـە ئـارامی رێگـەی باریـك و ناهـەمواری جەنگـەڵیان تـەی دەکـرد، یـەکێکیان هەنگاوی هەڕاوی دەناو ئەوی دیکەیان ناچار بوو بۆ ئەوەی بەمدا بگات، بەپەلەو خێرا خێـرا هەنگاو بنێ. حەیوانەکە لە قەراخ جۆگەیەکدا وەستا و دەستی بە ئاو خواردنەوە کرد. سیلویا ئەم چەند دەقیقەیەی بە هەل زانـی و بـۆ ئـەوەی پێیـە مانـدووە پەتییـەکانی کـەمێك فێنـك بکاتەوە، خستنییە ئاوەکەوەو لەسـەر بـەردێك دانیشت. مێشولەی ورد لـە دەوری دەموچـاوی خڕ دەبوونەوەو ناچار بوو پەیتا پەیتا دەستە چکۆلەکانی تەکان بدات و دەریان بکات.. کـاتێ مانگاکە، هێدی هێدی کەوتە جوڵە، ئەویش هەستاو دوابەدوای ئەو ملی تولە ڕێگەکـەی گـرت و بەدەم ڕێوە گوێی لە دەنگ و ئاوازی دڵگیری مەلان دەگرت کە بەسەر سـەرییەوە لـەم لقـەوە بۆ ئەو لق دەفڕین. ئاواز و نەغمەی خۆشی مەلان تۆفانێکی شادییان لە روحیدا بەرپا دەکرد. لە ڕێگەدا، لە هەموو شوێنێك دا دەنگی فـڕین و ئـاوازی دڵگیری مـەلان دەهاتـە گوێ. وێـڕای ئەوەی کپی و تاریکی شەو بەرە بەرە باڵی بەسەر هەموو شـوێنێکدا دەکێشا، وەکو ئـەوە بـوو کە هەموو گیانلەبەرانی ئەو بێشـە و جەنگەڵـە پـان و پـۆرە بێـدار بـن. لـەوە دەچـوو بـەهۆی هاتنی شەوەوە، شـەو بـاش و خواحـافیزی لێکدی بکـەن. سـیلویا بـەدەم لـەزەتی گـوێگرتن لـە ئاوازی ئەوانەوە، هەستی دەکرد پڕ بە دڵ حەز دەکات وەکو ئەو مەلە ئازادانە، بتوانێ بچێتە سەر درەختێك و لەسەر لقێکی سەوزدا ئارام بگرێ.

زۆری نەمابوو لە بێشەکە وەدەر بکەوێ، بۆیە خۆشحاڵ بوو کە بەر لە تاریک بوونی دنیا دەتوانێ خۆی بگەیەنێتە پاوەنەکە. سێبەری لەرزانی درەختان و ورتە ورتی بە سامی بێشەکە بەرە بەرە دڵە چکۆڵەکەیان دەهێنایە ترپە ترپ. بەتایبەتی بیری کەوتەوە کە پارەکە لە هەفتەکانی هەوەڵی هاتنیدا بۆ گوند، رۆژێ، دەورووبەری خۆرئاوا، رێگەی ماڵی گوم کرد و لەو دەمانەدا کە سەرگەردان و حەیران نەیدەزانی چ بکات، کوڕیژگەیەکی هەرزەکاری بێ تەربێت هاتبووە سەر رێگەی و کەوتبووە گاڵتە پێکردن و ئەزیەت دان و تەنانەت ترساندنی.

لەو دەمەدا کە هەوڵی دەدا کە بە پەلە تولە رێگەکەی ناو جەنگەڵەکە تەی بکات، لە پڕ و لە مەودایەکی نزیکەوە گوێی لە دەنگی فیکەیەك بوو. ئەم فیکەیە لە دەنگی باڵندەیەك نەدەچوو کە نەرمی و ئازادی پێوە دیار بێ، بەڵکو لە دەنگی مرۆڤێك دەچوو کە بتەوێ و نەتەوێ، بۆنی زێدەگاڤی و داگیرکاری لێدەهات.

دوای چەند ساتێك لێبڕا کە مانگاکە بە دەقی خۆیەوە بەرەڵڵا بکات و خۆی لەنێو دەوەن و لق و پۆپ و گەڵاکاندا بشارێتەوە بەڵام فریای ئەنجامدانی ئەم بڕیارەی نەکەوت. دژمن لە پڕ بەرانبەری لێگرت، بەڵام بە دلۆڤانی و زمانی شیرینەوە کەوتە قسە کردن. بە بزەیەکی تەژی مەحەبەتەوە پێی گوت:

- سەلام کچۆڵەی جوان، دەتوانی پێم بڵێی لێرەوە تا جادەکە چەند دەبێ؟

سیلویا کە لە هەوەڵەوە زۆر ترسابوو، تۆزێك هێور بووەوە. جورئەتێکی زیاتری بەخۆی داو هەستی بە ئاسودەییەکی زیاتر کرد. گوتی: جەناب، زۆر دوور نییە.

ئەوجا ڕوانییە چاوەکانی. پیاوێکی گەنجی باڵا بەرز بوو، تفەنگێکی بەشانەوە بوو. سیلویا سەر لەنوێ بەغار دوای مانگاکەی کەوت، لێ کابرای نەناس خۆی گەیاندێ و بەدەم ڕێکردنەوە گوتی: من لێرەدا ڕاوم دەکرد. بەدوای باڵندەیەکدا دەگەڕام و ڕێگەم گوم کرد. باش بوو تۆم بینی دەنا لە ناوەندی ئەم جەنگەڵەدا بەتەنێ دەمامەوە...

کە بینی ئەم کچۆڵەیە هەندێ ناڕەحەتە و وا دیارە لەو دەترسێت، بە میهرەبانییەوە گوتی:- هەرگیز مەترسە... من هەقم بەسەر تۆوە نییە. تا ماڵی ئێوە دێم و ڕێگاکە دەدۆزمەوە. خۆ ئەگەر لە ماڵەوە شوێنێکتان هەبێ، شەوێ لە ماڵی ئێوە دەمێنمەوە و سوزو دەڕۆم بۆ دەشت و دەر...

سیلویا، له جاران پتر ناڕەحەت بوو. ئەگەر ئەم پیاوە تا بەردەرگا لەگەڵی ڕۆییشتبا، داپیرەی چی دەگوت؟ ئایا سەرزەنشتی نەدەکرد کە بۆچی بێگانەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە؟ بەڵام ئەو چ خەتایەکی هەبوو؟ ئەمە ڕێکەوتێکی ناگەهانی بوو و هیچ گوناحێکی ئەوی تێدا نەبوو.

وەکو لقە دارێکی شکاو، سەری بەسەر سینگیدا خوار بوو بوو و بە زەحمەت ڕێی دەکرد. بەڵام کاتێ هاودەمە نەناسەکە ناوی پرسی، بەزەحمەت توانی تەنیا بە وشەی "سیلوی" وەڵامی بداتەوە.

خاتیلی لەبەر ماڵەوە وەستابوو و لە دوورەوە نزیك بوونەوەی ئەو سێ تەنەی دەبینی. هەر کە مانگاکە گەییە چەند شەقاوی ئەو، بۆڕاندی. خا تی لی بە تورەیی ڕووی دەمی کردە مانگاکەو هاواری کرد: مەگەر هەر بەخۆت بڵێی لە چ جەهەننەمێکدا خۆت مات دابوو. سیلویا، دیسان زۆری ئەزیەت دایت؟ زۆر بۆی گەڕای؟ نارەسەنە کێوە چوو بوو؟

لە تۆوایە سەرپۆشێکیان بەسەر روحی ئەو منداڵەدا دابوو، بە دروستی نەیدەتوانی قسان بکات زۆر شەکەت و بێ تاقەت بوو. ئەمە جگە لەوەی بەتەمابوو کە داپیرەی بارانی تورەیی و ناڕەحەتی خۆی بەسەر ئەودا دابارێنێ و لێی بپرسێت کە ئەم پیاوە کێیەو بۆچی دوای خۆیی خستووە.

کابرای لاو نیگایەکی داپیرەی کرد و بە ئامـاژەی سـەر سڵاوی لێکرد. ئەوجا کۆڵە پشتییە قورس و تفەنگەکەی داگرت و لە عاردی داناو گوتی:

- من بۆ ڕاوی باڵندەیەك بۆ ئەم دەڤەرە هاتبووم و لەو جەنگەڵستانەدا وون بووم. ئەگەر ئەم کچۆڵەیە نەبووایە، رەنگە شەوێ لەو جەنگەڵەدا وێڵ و سەرگەردان بوایەم. من شارەزای ئەم دەڤەرە نیم، نازانم دەتوانم رووت لێ بنەم کە ئەگەر شوێنتان هەبێ ئەمشەو لە ماڵی ئێوە بمێنمەوەو سووزوو بڕۆم بەلای کاری خۆمەوە؟

خا تی لی بەروو خۆشییەوە گوتی: چ قەیدییە. کابرای گەنج لەسەری رۆیی:- گرنگ نییە شوێنی خەوتنم هەر کوێیەك بێ، نامەوێ زەحمەتتان بدەم. راستت دەوێ زۆر برسیمەو ئەگەر سوکە خۆراکێکتان لەماڵەوە هەبێ... ئەگەر شیریش بێ قەیناکە...

خانمی خانەخوێ دیسان بەزەردەخەنەوە گوتی: هەڵبەتە خواردنمان هەیە. فەرموو وەرە ژووری و ئیسراحەت بکە تا من خێرا مانگاکە بدۆشم و بێمە خزمەتتان... ئێمە لێرەدا هەم دۆشەکی پەڕمان هەیە و هەم دۆشەکی کەپەکی گەنمە شامی. ئیدی بە کەیفی خۆت...

هەڵبەتە لەم نزیکانەدا ئوتێلێکی چکۆلەش هەیە ئەگەر بەخۆت دەتەوێ ئاسوودەتر بی دەتوانی بۆ ئەوێندەر بچی.. هەر یەك میل لێرەوە دوورە. بەڵام دەرگای ماڵەکەمان بۆتۆ کراوەیە. فەرموو ژووریّ و ماندوویەتی خۆت دەربکە...

ئەوجا رووی کردە کچۆڵە خەواڵووەکەو گوتی: سیلوی، ئاغا بەرە ژووریّ تا هەر ئێستا دەگەڕێمەوە...

سیلوی بە پەلە بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت، وا دیار بوو بەم پێشوازییە گەرم و گوڕەی داپیرەی لە میوانە نەناسەکە، خۆشحاڵ بوو.

کابرای بێگانە بەدەم هەر هەنگاوێکی بچووکەوە لەم ماڵەدا، پتر سەری لە پاك و خاوێنی و رێك و پێکی ماڵەکە سووڕ دەما. لەو دەشتە بەرینەدا و لە قەراخ ئەم جەنگەڵە قووڵەدا، بوونی ماڵێکی ئاوهای بەلاوە سەیر بوو، کابرای بێگانە شارەزای ژیان و گوزەرانی گوندنشینانی ئەو دەڤەرە بوو، ئەوەی سەرنجی رادەکێشا ئەمە بوو کە ئەم کوانگی ژیانە لە رووی بچووکی و دوورییەوە پتر لە خانەقا و دێری خەڵکانی گوندنشین دەچوو.

میوانی نەناس لە سوچێك دا دانیشت و بە ئیسراحەت هەناسەیەکی هەڵکێشا. دەنگی خانمی خانەخوێی دەژنەوت کە بەدەم دۆشینی مانگاکەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوا یان لە بن لێوانەوە گۆرانییەکی دەگوتەوە. روخساری بێ ڕەنگ و ئەندامی ناسك و ڕیوەڵەو نیگای پڕ مەحەبەتی سیلویای دەبینی کە لە چاوە کەوەیی و جوانەکانییەوە دادەچۆڕا، و کاتێ شیو ئامادە بوو بە سێ قۆڵی لە دەوری مێزێکی پەرپوت دانیشتن، میوانەکە بەوپەڕی راشکاوی دانی بەوەدانا کە لەم چەند هەفتەیەی دوایی دا، ئەمە باشترین خواردن بوو کە خواردبووی، چونکە پاکی و بێ ریایی ئەم ژیانە زۆر کاری تێکردووە.

پاش شیو، هەرسێکیان هاتنە دەرێ و لەسەر قاڵدرمەکان دانیشتن تا تەمەشای هەڵهاتنی مانگ بکەن، دەتگوت گەرد و تۆزی زیویان بەسەرانسەری ئەو دەشتە سەوز و بێ سنوورەدا کردووە. کابرای گەنج غەرقی دنیای خەیاڵ بوو، و بەو دەقەوە دەیڕوانییە ئەو دیمەنە خەیاڵئەنگێزانە و داپیرە سەری قسەی کردەوە، باسی ژیانی خۆی و ئەو کۆمەڵگە گەورەیەی کە سیلویا لە واری بەخێوکردنی مانگاکەو داندانی مریشکەکاندا و لە کۆکردنەوەی تودا کە بەرهەمی سەرەکی ئەو بوو، بەوی دەکرد، بۆی گێڕایەوە، هەروەها ئەو دەردە دڵەشی بۆ کرد کە چۆن لەو ساڵانەی دوایی دا هەر چوار مناڵەکەی بەهۆی نەخۆشی جۆراوجۆرەوە مردوون و چونکە هەر خۆی بەتاقی تەنیا لەم دەشتە بەرینەدا ماوەتەوە، ناچار بووە بچێ بۆ ماڵی

کیژەکەی لە شار، و سیلویا، کە یەکێك بووە لە کچەزا بێدەنگ و گۆشەگیرەکانی، لەگەڵ خۆیدا بۆ ئێرە بێنێ ئەوسا، باسی ڕاوی باڵندەو حەیواناتی کێوی هێنایە پێشێ و بەدەنگێکی گیراوەوە گوتی: کوڕەکەم منی بەجێ هێشت و چوو بۆ کالیفورنیا، تیرەندازێکی چاك بوو. باشترین یارو یاوەرو یارمەتی دەری من بوو. تا ئەو لێرە بوو، ماڵەکەی من هەمیشە تەژی کەوو کەروێشك بوو. هەروەها قازانجێکی زۆرمان لە فرۆشتنی پێستی سمۆرەو دەڵەك دەکرد. ئیدی لێرە بێتاقەت بوو و بەرەو رۆژئاوا سەفەری کرد. زۆر دەمێکە کاغەزی بۆ نەناردووم و نازانم ئێستاکێ زندووە یان مردووە. من بەتەمای هیچی ئەو نیم. هەرئەوەندە بزانم زندووە ئیتر بەسە.

بێدەنگییەکی کورت باڵی بەسەرداکێشان. داپیرە هەمدیس ئاهێکی هەڵکێشاو درێژەی بە قسەکانی دا: سیلویا شارەزای بست بە بستی ئەم دەڤەرەیە. ئەم چێڵە تاقە سەرمایەی راستەقینەی ژیانی ئێمەیە، بەڵام زۆرمان ئەزیەت دەدات، لەتۆوایە دەیەوێ سیلوی توڕە بکات. بەرۆژەوە پاش لەوەڕ، خۆی لە پەنایەکی دوورە دەستدا دەشارێتەوەو سیلوی بەستەزمان دەبێ هەموو ئەم دەورووبەرەی بەدوودا بگەڕێ و بانگی بکات...

سلیوی، بووە بە هاوڕێی هەموو باڵندەو پەلەوەرەکانی ئەم دەڤەرە، بەدەستی خۆی خواردن بەزۆریان دەدا. سمۆرە بڕ بڕ دێنە لای گەمەی لەگەڵدا دەکەن، سیلوی هیچ لێیان ناترسێت. لەم ناوە چەند رەنگاڵەیەك هەن کە دەبن بە شەریکی نیوەڕۆژەی سیلوی، خۆ ئەگەر من بهێڵم، هەموو خواردنەکەی خۆی دەدا بەو تەیرانە. هەڵبەتە من خۆیشم حەزم لە باڵندەیە، بەڵام تەنیا رقم لە قەلەڕەش و رقم لە سێبەری سەرێتی.

لێرەدا ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

... ئەگەرچی "دان"ی کوڕم، قەلەرەشێکی ماڵی کردبوو و تا ماوەیەکی زۆر پاش رۆیشتنی ئەو، دەهاتە ئێرەو بەدەنگە شوومەکەی بۆی دەخوێندین...

کابرای میوان گوێی دەگرت و ورتەی نەدەکرد. نیگای بڕیبووە ئاسۆی دوور و بیری دەکردەوە. پاش ئەوەی داپیرە بێدەنگ بوو، رووی کردە کچۆڵەکە کە لەم کاتەدا بەتاسەوە چاوی بڕیبووە ئەو، و گوتی: کەواتە سیلویا هەموو باڵندەکان دەناسێت. کەشتێکی باشە... کەواتە دەتوانێ یارمەتی من بدات. کاری من کۆکردنەوەی باڵندانە. هەر لە منالییەوە حەزم لەم کارە کردووەو هەر ئەمەش منی گەیاندووەتە ئێرە. دوو-سێ جۆرە باڵندەی زۆر دەگمەن لەم دەڤەرەدا هەیە و ئەوە ماوەی پێنج ساڵە بەدوایانەوەم و ناتوانم ڕاویان بکەم.

خاتیلی، بەسەرسامی و تاسەوە نیگای کرد و پرسی: چییان لێدەکەی؟ بە گوللە دەیانکوژی یان لە قەفەزدا بەخێویان دەکەی؟

کابرای باڵندە ناس بە غرووڕێکی تایبەتییەوە گوتی: نە، وشکیان دەکەمەوە بەکا دەیانئاخنم. سەدان باڵندەم هەن کە هەرهەموویانم یا بە زندوویەتی گرتووە یا بە گوللە کوشتومن. شەممەی رابردوو لە چەند میلی ئێرەدا ماسیگرەیەکی سپیم بەئاسمانەوە بینی، بەدوایدا هاتم بۆ ئەم دەڤەرە بەڵام تا ئێستا نەمدۆزیوەتەوە. من زۆر شارەزای ئەم ناوچەیە نیم و ئەمە یەکەمجارە کە بۆ ئەم دەڤەرە دێم...

و رووی خۆی بۆ لای سیلویا وەرگێرا تا کاریگەری قسەکەی خۆی لەوەدا ببینێ و بزانێ کە ئایا باڵندەیەکی واهی لەم ناوەدا دیتووە یان نا، بەڵام سیلویا لەم کاتەدا، بەچاوانی خەواڵووەوە دەیڕوانییە قورباقەیەك کە هێدی هێدی بەرەو لای ئەوان هەڵدەقوونا.

میوانی بێگانە، درێژەی بە قسەکانی خۆی دا: تۆ هەر کە ئەو ماسیگرەیە بدینی یەکسەر دەیناسیت، چونکە دوو لاقی زۆر باریك و دێژی هەیەو پەڕەکەی سپی و نەرمە. لە زۆر رووەوە لە لەقلەق دەچێت. هێلانەکەی وەکو باز، بە چیلکەو دار لەسەر ترووپکی درەختانی زۆر بەرز دروست دەکات تا دەستی مرۆڤی نەگاتێ...

دڵی سیلویا لە پڕ کەوتە ترپە ترپ. ئەو باڵندەیەکی سپی لەو جۆرەی بینی بوو و جارێکیش لە کەناری حەوزەکەدا و لە پشت نەیجەکانەوە خۆی لێ مەڵاس دابوو، و تەمەشای کردبوو کە چۆن راوە ماسی کردبوو.. لە دووری دووری کوختەکەی ئەوانا، لە رۆژئاوای بێشەکەدا، دەشتێکی تا چاو بڕ بکات راستانی و بەرین هەبوو کە خۆر بە شێوەیەکی دڵگیر گەردی زێڕینی خۆی بەسەر درەختان و روبار و چەمەنزارەکانیان. پەخش و بڵاو دەکردەوە. بەشێك لەم دەشتە لە ئاوی کوێستانەکانی ئەو دەورووبەرانەدا غەرق بوو بوو، بوو بوو بە زەلکاوێکی گەورە، زەل و نەیجە داپۆشی بوو. داپیرە بەردەوام سیلویای ئاگادار کردبووەوە کە توخنی ئەو زەلکاوە نەکەوێ، نەبادا زەوییە نەرم و تەڕەکە، لە پڕ رۆبچێ و هەڵیلوشێ.. لە مەودایەکی دوورتر و لە پشت درەختە سەوزەکانەوە، ئۆقیانووسێکی بێ سنوور هەبوو و سیلویا دەیتوانی بە پیاسە بچێ بۆ ئەو ناوەو شکۆو دڵڕفێنی سروشت تەمەشا بکات. هەندێ جاران کە تۆفان هەڵدەستا سیلویا دەیتوانی لە کەناری زەلکاوەکەوە، جۆش و خرۆشی شەپۆلەکانی ئۆقیانووسەکە کە بە هەموو تین و تاوێکییەوە خۆی بە تاوێرانی کەنارەکەدا دەکێشا، بژنەفێ.

ئەم گەنجە قۆزە، لە کاتێکدا دەیڕوانییە تریفەی مانگ لە قوڵایی ئاسمانی شیندا، لەسەر قسەی خۆی رۆیی: رەنگە باوەڕ نەکەی، بەڵام گەورەترین ئارەزووی من لە ژیاندا ئەمەیە کە رۆژێ لە رۆژان هێلانەی ئەم باڵندەیە بدۆزمەوە. تەنانەت ئامادەم خەڵاتێکی دە دۆلاری بەو کەسە بدەم کە لە دوورەوە هێلانەکەیم پێ نیشان بدات. ئامادەم عومرێك بۆ ئەم کارە تەرخان بکەم. ئەمساڵ پێنجەمین هاوینە کە من بەدووی ئەم باڵندەیەدا دەگەڕێم، سەیر لەوەدایە کە جارێك باڵندەیەکی وەهام لە دووری چەند میلی ئەم خانووەوە دیتووە، لێ تا ئێستا نەمتوانیوە بیدۆزمەوە. رەنگە باڵندانی دیکە بەرەو ئەم ناوەیان ڕاونابێ یان هێلانەکەی لەم نزیکانەیە...

خاتیلی بەوردی و بەتاسەوە گوێی لە قسەی کابرای بێگانە دەگرت، لێ چاوی سیلویا هەر لەو قورباقەیە بوو کە هێلانەکەی لەژێر قالدرمەکاندا بوو.

سەرەنجام کاتی جیابوونەوە و ئیسراحەت هات، هەرکەسەو چوو بۆ سەر جێگەی خۆی، بەڵام بتەوێ ونەتەوێ ئارەزووی وەدەست هێنانی دە دۆلار پارە، بیری هەندێکیانی ئاڵۆزاندبوو.

⋆ ⋆ ⋆

بەیانی رۆژی دوایی، کابرا گەنجەکە بە ئومێدی دۆزینەوەی ماسیگرە سپییەکە، رێگەی جەنگەڵستانی گرتە بەر و سیلویا-ش بەدوایدا. ئیدی ئەو ترس و نارەحەتییەی دوێنێ سیلویای ئازار نەدەدا، چونکە کابرای گەنج بە کردەوە نیشانی دابوو کە مرۆڤێکی بەبەزەیی و میهرەبانە. لە رێگەدا حیکایەتی زۆری دەربارەی باڵندان و چۆنیەتی ژیانی باڵندان بۆ سیلویا گێڕایەوە. هەروەها قەڵەمبڕێکی جکۆلەشی بەدیاری دایێ، کیژەی دڵساف، بەوپەڕی دڵخۆشییەوە دیارییەکەی وەکو گەنجینەیەکی بێ وێنە لێوەرگرت. بەدرێژایی رۆژ، کە پێکەوە بە جەنگەڵستانەکەدا دەگەڕان، سیلویا هەستی بە کەمترین ناڕەحەتی نەکرد، تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە کابرای راوچی سێرەی لە کۆمەڵێك باڵندە دەگرت و ژمارەیەکی لێ دەکوشتن و خەڵتانی خوێنی دەکردن. لەم کاتانەدا سیلویا ناڕەحەت و خەمبار دەبوو و خۆزیای دەخواست کە ئەم پیاوە میهرەبان و قۆزە چەکی پێ نەبووایە.

وێڕای ئەمەش، کاتێ رۆژ تەواو بوو گەڕانە دوور و درێژەکەی ئەوان کۆتایی هات، هەستی کرد کە ئەم دۆستە میهرەبانەی خۆش دەوێ. لەزەتی لە قسەکردنی ئەو، لە رەفتاری ئەو، لە پێکەنینی ئەو، لە هەموو شتێکی ئەو دەبینی. دەتگوت لەم کەلەشە بچووکە کەم تەمەنەدا،

دڵێکی گەورەو هەستیار و پڕ ئارەزوو هەیە و لە ئەنجامی ئەم سووکە ئاشنایەتی و تێکەڵ بوونەدا، هاتبووە هەڵچوون و ترپە ترپ.
سیلویا بەخۆی کەمدابێژێك لەم حاڵەتە دەگەیی. وەکو چۆن لەزەتی لە دیتنی دیمەنێکی جوان و خەیاڵوڕوژێنی سروشت دەبینی، و وەکو چۆن بە ژنەفتنی ئاوازی دلگیری باڵندەیەك غەرقی خەون و خەیاڵان دەبوو، بەو شێوەیەش بە رەفتار و هەڵسوکەوتی ئەم پیاوە گەنجە دلی دەکەوتە لێدان و هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد. حەزی دەکرد درەنگتر رۆژ ئاوابێ، خۆزی دەخواست هەرگیز ئەم رێبوارە تازە ئاشنایەی لێ دوور نەکەوتبایەوە، بۆ یەکەمجار لە ژیاندا هەستی بە کەسایەتی، خۆیبوون، مەحەبەت و نەوازش کردبوو.
کابرای گەنج بە هەنگاوی هەڕاوەوە بەرەو کوختەکە دەگەڕایەوە و سیلویاش بەدوویدا غاردی دەدا. لە نزیکی دەشتەکەدا، کچۆڵەی دڵپاك وەکو جاران کەوتە هەوڵی بردنەوەی چێڵەکە، چێڵەکەی خستە سەر هەمان باریکە رێگای رۆژان و بەخۆشی دوای کەوت.. کە گەییە نزیکی ئەو جۆگەیەی کە دوێنێ لەوێندەر گوێی لە دەنگی فیکەی بێگانەیەك بوو بوو، بزەیەکی کەوتە سەر لێوان و هەستی بە شادی کرد. ئەمڕۆ رێك بەپێچەوانەی دوێنێوە، نەك هەر لەو کابرا بێگانەیە نەدەترسا بەڵکو خۆشیشی دەویست.

"٢"

نزیکی نیو میلێك دوورتر لە ماڵەوە، لە قەراخی جەنگلستانەکە و بەو دەستەدا کە گردێکی گەورەی لێ بوو، دار سنۆبەرێکی پیری لێ بوو کە دەمێ ساڵ بوو، بەرەو ئاسمان هەڵکشابوو. ئەم درەختە بەرزە، تاقە سنۆبەرێکی پیر بوو کە بەسەر ئەو گردە زومرڕودینەوە دەبینرا. هەموو درەختەکانی دیکەی هاوتەمەنی ئەو لەلایەن موهاجیرانی ئاژاوەچییەوە، کە لە زەمانی زۆر کۆندا هاتبوونە ئەو دەڤەرە، بڕابوونەوەو لەنێو برابوون. بەڵام ئەم تاقە درەختە لە چەپۆکی رۆژگار و تاڵانکاران خەلەسی بوو، رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە نیشانەی سنووری نێوان دوو موڵك یان سنووری نێوان دوو گوندی جیاواز و ئەو شتانە بووبێ. بەهەرحاڵ درەختانی هاوتەمەنی ئەو هەموو لە بەین چووبوون، تەنانەت درەختانی جەنگەڵی دیکەی وەکو "بەڕوو ئەفرا"ش بەدەستی زاڵمان لەناو چووبوون، و ئێستا پاش تێپەڕبوونی ساڵانی درێژ، تازە نەونەمامانیان لە شوێن روابووەوە. بەڵام ئەم درەختە، مکوم و جێگیر، وەکو قەڵایەکی پۆڵایین لە جێی خۆی وەستابوو و جوڵەی نەدەکرد. تەنیا لق و پۆپە پڕ گەڵاکانی لە بەرزییەکی زۆر بەرزەوە بەدەم شنەی بای دەریاوە دەشنایەوە.

سیلویا ئەم کەونە درەختەی بەچاکی دەناسی. زۆر جاران لەپاڵ قەدە ئەستورەکەیدا وەستاوەو سەری هەڵبڕیوە، تا بڕوانێتە لق و پۆپە چڕ و تاریکەکانی کە بەردەوام بەدەم باوە شناوەتەوە.. دەیزانی ئەگەر کەسێك زات بکات و بەقەدی درەختەکەدا هەڵزنێ و خۆی بگەیەنێتە ئەو لق و پۆپە پڕ گەڵایانە، دەتوانێ لەوێندەرەوە تا چاو هەتەر دەکات، شەپۆلە شینەکانی ئۆقیانووس بدینێ.

ئێستا کە کابرای ڕێبوار تامەزرۆی وەدەست هێنانی ئەو باڵندە سپییە بوو، و هەرچی دەکرد، و بۆ هەرکوێ دەیڕوانی نەیدۆزییەوە، سیلویا لە پڕ پیرە درەختەکەی وەبیر کەوتەوە. ئایا ئەگەر کەسێك لە کاتی سپێدەدا بچوایەتە سەر ترۆپکی ئەو پیرە دارە نەیدەتوانی بەهەر چوار نکالی ئەو دەڤەرە بەرینەدا بڕوانێ و ڕێگەی فڕین و شوێنی هێلانەی ئەو باڵندە تیژباڵە بدۆزێتەوە؟

ئۆه، چ روحێکی سەرکێش و چ ئارەزوویەکی هۆڤی چەمووشە! ئەگەر پەی بەم رازە سەیرەببردایەو ئەوەی بە دۆستە تازەکەی بگوتبایە، ئیدی لە خۆشیاندا لە پێستی خۆی نەدەهێوری. ئیدی دڵە چکۆلانەکەی لێوانلێوی غروور و شادی دەبوو و بۆخۆی خەنی دەبوو، چونکە میوانەکەی خۆی بەوە رازی دەکرد. بەدرێژایی شەو، لە ماڵە چکۆلەکەدا مایەوەو لەگەڵ دڵی خۆیدا رازونیازی کرد. کابرای ئاشنا لەلایەك و داپیرە لەلایەکی ترەوە، غەرقی دنیای خەو بوون. تەنیا سیلویا لە جێگەکەی خۆیدا دانیشتبوو و بیری لە نەخشە خەتەرناکەکەی خۆی دەکردەوە. شەوی کورتی تاوسان وەکو تاریکی قووڵی زستان، دوور و درێژ بوو، سەرەنجامناڵەی تاق تاقکەرە خامۆش بوو و دنیا هەندێك روناك بووەوە، بە پەریشانی هەستا تا بەر لە کازیبەی بەیان خۆی بگەیەنێتە پیرە داری گۆڕین.

هێشتا ئاخر و ئۆخری شەو بوو، ڕێکردن بەو دەشتە بەرینەدا و بە قەراخ جەنگەڵستانەکەدا زۆر ئاسان نەبوو. تریفەی دڵگیری مانگ سەرانسەری ئاسمانی گرتبووەوە، لەگەڵ ئەمەشدا سیلویا لەو سپێدەیەدا هەستی بە جۆرە ئاسودەییەك دەکرد. یەك بە یەکی باڵندەکان لەناو هێلانەکانیاندا کەوتنە جم و جۆڵ و هەندێك لە چۆلەکەو پاسارییە بزێوەکان، دەستیان بە جریوەجریوی خۆ کردبوو. ئەو لەم کەش و هەوایەدا، بە هەنگاوی بتەوەوە بەرەو ئارمانجی خۆی دەڕۆیی و نە لە تاریکی شەو دەترساو نە لە ناهەمواری ڕێگە سڵی دەکردەوە. هەمیشە وایە، ئەگەر سێڵاوێکی خرۆشاوی گەورە بڕژێتە ناو شیوو نشێوێکی بچکۆلەی سنووردارەوە، یەکسەر پڕی دەکات و لە خۆیدا ونی دەکات. بەو ئاوایە مەشخەڵی سەرکێش و بەهێزی

عیشق، پانتایی دڵە چکۆڵەو ناسکەکەی سلیویای تەژی کردبوو و بوونی ئەوی دەکرد بە ژیلەمۆیەکی گەرم.
بێ ئەوەی بزانێ چی دەکات، هەردوو پێیە رووتەکانی نا بەقەدی سنۆبەرەکەوەو بەیارمەتی دەستە چکۆڵەکانی دەستی بە سەرکەوتن کرد. رێگەکە زۆر لەوە دژوارتر بوو کە تەسەوری دەکرد. لقە باریك و کورت و وردەکان وەکو هەرەو مێخ، دەست و پێ و دەموچاویان دەڕوشاند و لە خوێنیان دێنا، بەڵام بە حوکمی ئەو ئاگرەی لە ناخیا هەڵایسا بوو، هەستی نە بە ساردی دنیا، نە شنەی بەیانی، نە دڵۆپەی ئاونگ، نە سەختی رێگا و نەرۆشان و برینداربوون و نە ئەگەری کەوتنە خوارەوە نەدەکرد.
لە تۆوایە درەختەکە، سنگی ئاسمانی شەق کردبوو و لق و پۆپەکانی سەریان کردبووە ناو هەوران. هەرچەندە دەچووە سەروتر و قەدی ناهەمواری درەختەکەی دەبڕی هێشتا هەر نەدەگەییە ترۆپك. وای لێهات نەیدەوێرا سەیری خوارەوە بکات. ئەوەندە چووبووە سەرەوە کە سەری گردە بەگیا داپۆشراوەکە، سەرانسەر وەکو مەخمەلێکی سەوز دەهاتە بەرچاوی.
ئەگەر کەسێك لەو ساتەدا تەمەشای ئەو پیرە دارەی کردبا، ئەو بوونەوەرە وردیلەیەی کە زۆر بە زەحمەت پێیدا سەردەکەوت، وەکو قالۆچەیەکی چکۆڵە دەهاتە بەرچاو کە بەقەدی ئەستوری درەختەکەوە هەڵدەزناو بەو پەڕی دژواری دەچووە سەرێ. درەختەکە بەرز و باڵا لەجێی خۆی وەستابوو و جوڵەی نەدەکرد. سیلویا، هەندێ جار لقێکی کورتی دەدۆزییەوەو بۆ تاوێك پێی خۆی لەسەر دادەناو پشوویەکی دەدا. پێدەچوو ئەم پیرە دارە دڵی بەحاڵی میوانە تازەکەی خۆی بسووتێ، بۆیە لە هەر هەموو ئەو باڵندەو شەمشەمە کوێرەو قالۆچانەی کە هێلانەیان لەسەر کردبوو، زیاتر پێشوازی لێدەکرد. پێدەچوو گوێی لە دەنگی لێدانی دڵە چکۆڵەکەی ئەو بێ، دەست و پێ و سەروچاوە خوێناوییەکەی بدینێ، بەڵام لە جێی خۆی نەدەجوڵا.
لە دووری دوورەوە، لە رۆژهەڵاتەوە، سپێدەی بەیانی شەپۆلی دەدا و دنیای روناك دەکردەوە. لەنێو ئەم روناکییە سازگارەوە، ئەگەر کەسێك لەژێر درەختەکەدا بوەستایەو تەمەشای سەرێی کردبایە، سیمای سیلویای وەکو ئەستێرەیەکی کز دەهاتە بەرچاو کە لە ژێر لق و پۆپی سەوز و تاریکی درەختەکەوە دیار بوو. ئیدی هەر یەك بستی بۆ سەری سەرەوە مابوو. دوا تەکانی داو بە قامکە ناسکەکانی لقەکەی گرت، پاشان بە زەحمەتێکی زۆر، خۆی هەڵبڕی و شەکەت و نیوەگیان پاڵی پێوەدا.

ئۆه، دنیای ئەو دەڤەرە لەوسەری سەرەوە چ شکۆو سامێکی هەبوو. لەلایەکەوە ئۆقیانووسی بێ سنوور سەرانسەری ئاسۆی گرتبووە خۆو شەپۆلەکانی لەژێر کازیوەی بەیاندا، وەکو دەریایەکی زیوی تواوە دەدرەوشایەوە. لەلایەکی دیکەوە جەنگەڵستانە قوڵەکە، پەردەیەکی شینباوی بەسەر سەرانسەری دۆڵەکەدا دابوو و دوو بازی تیژ باڵ مەغروورانە بەسەر سەریەوە لە حاڵی فڕیندا بوون. هەموو شتێك لەسەر ئەو درەختەوە بچووك و ناچیز دەهاتە بەرچاو، تەنانەت بازە تیژباڵەکانیش کە لە داوێنی شینباوی ئاسۆدا دەسوڕانەوە بچووك و ناچیز دەهاتنە بەرچاو.

چەندی حەز دەکرد کە ئەویش بیتوانیایە وەکو باڵندان بە ئاسمانی بێ سنووردا بفڕێ و وەکو شابازێکی خۆپەسند، باڵ لە بەرۆکی ئاسمان بسوێ، بەسەر سەری ئەو دار و درەخت و دەشت و دەرو رووبار و کۆسارانەدا تێبپەڕێ و بەسەر ئەو خانووە دوورە دەستانەی گۆندیاندا، کە یەك یەك لەنێو کێڵگەو مەزراکاندا خۆیان دەنواند، لە شەقەی باڵ بدات. مات و سەرسام وەستابوو دەیڕوانییە ئەو دیمەنە خەیاڵ ئەنگێزانەی ئەو دەوروبەرە. لەم ساتەدا، دەنگی جۆش و خرۆشی باڵندان و ئاواز و نەغمەی مەلانی خۆشئاواز باشتر دەگەییە گوێ. هەتاو بە تیشکی زێڕینی خۆی هەموو شوێنێکی لەئامێز گرتبوو پەردەی خەوو تەمەڵی لادابوو. دیمەنەکانی دەوروبەر هێندە رۆشن بوون کە سیلویا دەیتوانی تەنانەت ئەو بەلەمە چارۆکەدارانەش بدینێ کە لەناو دەریادا دەسوڕانەوە.

هەرچەند چاوی دەگێڕا، دڵخوازەکەی خۆی نەدەبینی. ئەدی ئەم ماسیگرە سپییە لەکوێ بوو، هێلانەکەی لە کوێی ئەم دنیا پان و بەرینە بوو؟ دڵی لەنێو قەفەزی سینەیدا بەدژواری لێی دەداو سەبر و ئارامی لەبەر دەبڕی.. ئایا پاداشتی ئەو لەسەر ئەم سەرکەوتنەو ئەم خەتەرخوازییە، هەر ئەمە بوو کە جوانی سروشت ببینێ؟

دەتگوت دەنگێك لە غەیبەوە ئەم ڕستانەی پێگوت.

سیلویا ئاوڕێکی ئەولای دایەوەوباڵندەیەکی سپی بینی کە لەنێو لق و پۆپی "دار شەوکەران"ێکەوە هاتە دەرێ و بە غرورو متمانەیەکی زۆرەوە لەو نزیك بووەوە. هات و هات تا گەییە چەند مەتری ئەوو پاشان بەدەوری لق و پۆپەکانی دار سنۆبەرەکەدا کەوتە سوڕانەوە. سیلویا! سیلویا، مەجوڵێ! روخساری خۆت بە باڵندەی تیژ فڕ نیشان مەدە! مەگەر نابینی کە خەیاڵی وایە لە پاڵ تۆدا لەسەر یەکێك لە لقەکان بنیشێتەوە؟ کیژۆڵەی بچووك، بەو چاوە پرشنگدارانەت، تیری نیگای تێمەگرە! لە خۆتی دوور مەخەوە! ئەم ماسیگرەیە ئەم

درەختەی خۆش دەوێ و هەموو ڕۆژێك چەندین سەعات لەگەڵ جووتەکەی خۆیدا لەسەر بەرزترین لقی دەنیشتەوەو تەمەشای ئەم دەوروبەرە دەکات!

سیلویا بێ دەنگ و بێ جوڵە چاوەڕوانی کرد تا باڵندەی بەرزە فڕ لەسەر بەرزترین لق نیشتەوە. ئێستا دەیتوانی بەچاکی بیدینێ. لاقە درێژەکانی، دەنووکە درێژەکەی، چاوە خڕەکانی و پەڕە سپیە قووئاساکانی لە دووری دوو مەتری خۆیەوە دەبینی. ئیدی هەموو جیهان و تێپەڕبوونی سەعاتانی لەبیر چووبووەوە و تەنیا بیری لەم باڵندە ئەفسووناوییە دەکردەوە.

کاتێکی بەخۆ زانی پۆلە (باستراك)ێك بەدەنگی ناسازەوە بەرەو درەختەکە هێرشی هێناو ژینگەی ئارام و بێدەنگی ئەوێندەریان شڵەقاند. باڵندەی هێمنی خواز ناچار، باڵەکانی لێك کردنەوەو بەرەو ئاسۆی دوور کەوتە فڕین. بێگومان لەوێوە بەرەو داری شەوکەران و گۆلاوە سەوزەکە دەگەڕایەوەو لە هێلانەکەی خۆیدا و لەگەڵ بێچووەکانیدا پشووی دەدا.

ئیدی مانەوە لەوێدا، لەو بەرزاییە سامناکەدا چ سوودێکی هەبوو؟ تازە شوێنی هێلانەی باڵندەکەی کەشف کردبوو و پەی بەو ڕازە بردبوو کە بەلای میوانە ئازیزەکەیەوە ئەوەندە گرنگ بوو. کەواتە دەیتوانی بەخۆشی و شادییەوە بۆ ماڵ بگەڕێتەوە. نیگایەکی خوارەوەو ئەو ڕێگەیەی کرد کە دەبووایە تەی بکات، و لە ترساندا چاوی خۆی نوقاند. هێشتا سوێی برینەکانی دەست و پێ و سەروچاوی نەنیشتبووە، و دەبوایە سەر لەنوێ بکولێنەوە. چار چی بوو؟ بە پارێزەوە دەستە بچووکەکانی لە دەوری یەکەم لق هاڵاند و خۆی بەقەدی درەختەکەوە چەسپاند. ئەوجا هێواش هێواش، لە کاتێکدا کە وردە لقە کورتەکان لەشیان دەڕوشاند و خوێنی پێدا دەهاتە خوارێ، هاتە خوارەوە.

⋆ ⋆ ⋆

- سیلوی! سیلوی! سیلوی!

ئەمە ناوێك بوو کە داپیرە بەردەوام لە دەوروبەری ماڵەکەیدا و لە ناخی ماندووی خۆیەوە بانگی کردبوو و هیچ وەڵامێکی نەژنەوتبوو. لەوساوە کە لە جێگەکەی هاتبووە دەرێ و ئەوی لە شوێنی خۆیدا نەبینی بوو، تا ئەم دەقیقەیە کە هەتاو بە تیشکی زێڕینی خۆی ژیان و هێزی بە هەموو شوێنێ بەخشی بوو، بە دووی ئەودا گەڕابوو و بانگی کردبوو. میوانە گەنجەکەشیان بەیانی زوو لەخەو هەستابوو و جل و بەرگی لەبەر کردبوو و تا زووتر دووی کاری خۆی بکەوێ.

هەر لە یەکەم ساتەوە کە کچۆلەکەی بینیبوو بەو جۆرە دڵبەندی حیکایەتەکەی ئەو بوو بوو، هەستی دەکرد کە ئاگای لەم ڕازە هەیە، یا بەلای کەمەوە ئەو باڵندەیەی دیتووە و دەتوانێ ڕێنوێنی ئەو بکات. بۆیە کە نانی بەیانی خوارد، نەڕۆیی و چاوەڕوانی کرد تا سیلویا بگەڕێتەوە، چونکە هەستی دەکرد بە مەبەستێك لەماڵ چووەتە دەرێ.

سەرەنجام، ماوەی چاوەڕوانی و شپرزەیی تەواو بوو و کچۆڵەی گومبوو دەرکەوت... ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، جلەکانی دڕابوون و دەست و دەموچاو و پێی هەمووی هەر برین بوو کابرای گەنج غاری داو دەستی گرت: سیلویا ئەوە لەکوێ بووی؟ بۆچی وا زامدار بووی؟ داپیرەش بە سیمای پەرێشان و تووڕەوە لێی ڕوانی و پرسی: ئەوە زمانت بڕابوو کە بڵێی بۆکوێ دەچی؟

سیلویا، شەکەت و پەریشان بوو. هەرچەندە بەتاسەو شادییەکی زۆرەوە ڕێگەی ماڵەوەی تەی کردبوو و لێبڕا بوو هەر کە گەڕایەوە یەکسەر ڕازی دۆزینەوەی هێلانەی ماسیگرەکە بگێڕێتەوە، بەڵام ورتەی نەکرد، هەرچییەکیان لێی پرسی، وەڵامی نەدایەوە. نە نیگای پڕ لوتفی کابرای گەنج و نە تووڕەیی داپیرە، هیچیان نەیانتوانی بیهێننە قسە. هەرچەندە پاداشتی قسەکردنی ئەو دە دۆلار بوو. ئەمە پارەیەکی کەم نەبوو، دەیتوانی بەو پارەیە ژیانی خۆی بگۆڕێ، چێڵێکی دیکەو کۆمەڵێ مریشك و جووجەڵە بکڕن، لێ سیلویا، بێدەنگ و غەمبار، لێوی لەبەر یەك هەڵنەهێنان.

چ شتێك مایەی ئەم خامۆشی و بێدەنگییەی ئەو بوو؟

کەس پەی بەم نهێنییە نەبرد، بەڵام ئەگەر کەسێك لەو ساتەدا ڕێی بکەوتبایە ناو دڵە چکۆڵەو پڕ مەحەبەتەکەی ئەوو گوێی لە بانگی ڕوحی پاك و بێگەردی ئەو بگرتایە، تێدەگەیی کە هیچ شتێك جگە لە هەستی غەمخۆری بۆ گیانلەبەران و ڕێزی بۆ ژیانی ئەو باڵندانە مایەی ئەم خامۆشی و نهێنی پۆشییە نەبوو، ئەو خۆی بە ڕۆڵەی ئەو دەڤەرەو بە یەکێك لە گیانلەبەرانی لاوازی ئەو ئەرز و بوومە دەزانی. وێڕای ئەوەی کە تەمەنی لە نۆ ساڵ زیاتر نەدەبوو، بەڵام زۆرچاك پەی بە نهێنی ژیان و بەهای زندووبوون بردبوو. لەگەڵ هەموو باڵندان و حەیواناتی بچووك و گەورەی ئەو دۆڵەدا، دۆست و هاوڕاز بوو. هێشتا زەمزەمەی لق و پۆپە و پێچاو پێچەکانی سنۆبەرەکەو فڕینی مەغرورانەی ماسیگرەکە لە بەرانبەریدا بەرجەستە بوو. ئایا بێ ویژدانی و بێدادی نەبوو کە باڵندەیەکی ئاوا ئازاد و بێ

خەم و خەیاڵ لە خوێنی خۆیدا بگەوزێنێ، تا کۆی تەیر و توی کەسێکی خوێنمژی دیکە، تەواو بێ؟

★ ★ ★

میوانەکە، بۆ رۆژی دوایی ئەو دەڤەرەی بەجێ هێشت و رۆیی، هەڵبەتە تا دوا ساتیش هەر دڵنیابوو کە سیلویا شوێنی هێلانەی باڵندەکە پێ دەزانێ. سیمای رەنجاوو پڕ نائومێدی ئەو، دڵی میهرەبانی کیژەی دەگوشی. هەرچەندە هەستی دەکرد کە ئەو میوانە گەنجەی خۆشگەرەکە، بەڵام هەر قاییل نەبوو کە ئەو نهێنییە بدرکێنێ. لەوە بەدواوە زۆر شەوان لە خەوا ئەوی دەبینی کە هێشتا هەر عەوداڵی باڵندە ماسیگرەکە بوو، زۆر رۆژانیش کە بەلای جۆگاکەدا رەت دەبوو، گوێی لە دەنگدانەوەی فیکەکەی ئەو دەبوو کە گازی دەکرد. ئەوساو لە هەمان کاتدا، هاژەی گوللەکانی ئەوی لە بەرچاوی خۆیدا بەرجەستە دەکرد کە چۆن لەگەڵ هەر گوشارێکی پەلەپیتکەدا، یەك دنیا چۆلەکەو پاساری و تەیر و توی دیکە لە خوێنی خۆدا دەگەوزین و لەسەر لقە دارەکانەوە بەردەبوونەوەو دەکەوتنە سەر عاردی. ئاواز و نەغمەکانیان لە گەروویان خەفە دەبوون و باڵە لەڕ و لاوازەکانیان لە بەدەنیا جیا دەبوونەوە.

ئایا ئەم باڵندە جوان و بێ وەیانە، لەو ڕاوچییە باڵادەستە، ئەمەکدارتر و میهرەبانتر نەبوون؟ ئێوە ئەی دیمەنەکانی سروشت، ئێوە ئەی باڵندانی دەم بەخەندەو تیژباڵ، ئەی بەهارانی دلگیر و ئەی هاوینانی دڵخۆش، باشتر پارێزگاری لەم دۆستە دڵپاك و دلۆڤانەی خۆتان بکەن. ئەگەر ئەو لەبەر خاتری ئێوە چاوپۆشی لە ئەشقی مرۆڤانی خۆی کرد و دڵە چکۆلەکەی خۆی بریندار کرد و تەنانەت چاوپۆشی لەو یاداشتەش کرد کە ژیانی ئەوی دەبوژانەوە، ئەوا ئێوەش رێزی بگرن و خۆشتان بوێ و گۆرانی دلگیر و خۆشی بۆ بچڕن و دیارییە ئاسمانییەکانی خۆتانی پێشکەش بکەن، چونکە ئەو ئاشق و دۆستی گیانی بەگیانی ئێوەیە...

**سەرچاوە:**

**داستانهای کوتاه از نویسندگان امریکا**

**انتخاب و ترجمه: حسن شهباز**

**چاپ دوم: ۱۳۵۸**

**ص: ۳۱۹-۳۴۲**

# ئەو ڕۆژەی کە وونبووم

**چیرۆکی: ئیزاك باشویش سینگر**

ناسینی من کارێکی ئاسانە، ئەگەر لە جادەدا پیاوێکتان بینی چاکەتێکی درێژی لەبەر و پێڵاوی گەورەی لە پێ و کڵاوێکی چرچ و لۆچ و قەراخ پانی لە سەر و شووشەی عەینەکەکەی کەوتبوو و بە ڕۆژی هەتاو چەترێکی ڕەشی هەڵدابوو ئەوا بزانن ئەو پیاوە منم "پرۆفیسۆر شمیل"

هەڵبەتە نیشانانی دیکەش بۆ ناسینی من هەن. گیرفانەکانم هەمیشە پڕن لە ڕۆژنامەو جانتایەك بەدووی خۆمدا بکێش دەکەم پڕە لە وردەواڵەی بێ کەڵك. لە هەموو شتێ خراپتر ئەوەیە کە بەردەوام هەندێ هەڵە دەکەم کە پینە ناکرێت و.. پتر لە چل ساڵە لە نیویورك دەژیم، بەڵام هەرکاتێ دەمەوێ بۆ باکووری شار بڕۆم، لە باشووری شاردا سەردەردێنم، کە بمەوێ بۆ ڕۆژهەڵات بڕۆم بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆم. هەمیشەش هەر درەنگ دەگەم و هیچ کەسێکیش ناناسمەوە. زۆربەی کات شتەکانم لەبیر دەچێ و بەجێیان دێڵم. ڕۆژی سەد جار لە دووی قەڵەم، پارە، دەستەسڕ و دەفتەرچەی یادداشتەکانم دەگەڕێم. من بەڕاستی پرۆفیسۆرێکی حەواس پەرتم.

چەندین ساڵە لە یەك زانکۆدا، دەرسی فەلسەفە دەڵێمەوە، کەچی هەمیشە پۆلەکەی خۆمم لێ دەگۆڕێ و بەزەحمەت دەیدۆزمەوە. بەینم لەگەڵ ئا سانسۆرەکانیشا باش نییە. کە بمەوێ بۆ قاتی سەرەوە بڕۆم، لە ژێر زەمینە ساردەکەوە سەر دەردێنم. بیرم نایەت کە تاقە جارێك بەرەو ئاسانسۆرەکە چووبم و دەرگاکەیم لێ بووبێتەوە.

جگە لە هەڵە هەمیشەییەکانم و گوم کردنی شتومەکەکانم، کەسێکی فەرامۆشکاریشم. کە دەچمە خواردنگەوە چاکەتەکەم بە عەلاگەوە هەڵدەواسم. لێ پاشان بەبێ چاکەت دێمە دەرێ. بیرم دەکەوێتەوە کە چاکەتەکەم لەبیر چووە. بەڵام دوایی نازانم کێوە بچم و لەکوێ بۆی بگەڕێم. تاکو ئەمڕۆ گەلێك کڵاو، کتێب، و چەتر و شتی ترم گوم کردووە. لە هەموو ئەمانە خراتر دەستنووسەکانیشم گوم کردووە. هەندێ جار ناونیشانی ماڵەکەی خۆیشم لەبیر دەکەم.

عەسرانێك زۆر بە پەلە بووم کە بۆماڵ بچمەوە. ئەو شەوە شەوی لەدایك بوونم بوو. ژنەکەم دۆستەکانمانی داوەت کردبوو. لەبەر ئەمە سواری تاکسی بووم. شوفێرەکە پرسی: (کێوە دەچیت؟) بەڵام من ناونیشانی ماڵەکەم بیر چووبوو.
گوتم: "بۆ ماڵەوە."
بەسەرسامی پرسی: "ماڵت لە کوێیە؟"
وەڵامم دایەوە: "نایەتەوە بیرم."
- ناوت چییە؟
- پرۆفیسۆر شمیل.
شوفێرەکە گوتی: "پرۆفیسۆری ئازیز! من دەتگەیەنمە نزیکترن کابینەی تەلەفۆن. لەوێندەر لە دەفتەری رێنوینی دا دەتوانی ژمارە و ئەدرەسی ماڵەکەت بدۆزیتەوە."
گەیاندمییە نزیکترین تەلەفۆنی گشتی کە لەناو دەرمانخانەیەکدا بوو، بەڵام چاوەڕوانی نەکردم و رۆیی. کە خۆم بە دەرمانخانەکەدا کرد ئەوجا زانیم کە جانتاکەم لەبیر کردووە.
هاوارم کرد: "جانتاکەم، جانتاکەم."
لێ تازە درەنگ بوو بوو تاکسییەکە رۆیی بوو. کە لە دەفتەری رێنوێنی دا پیتی (ش)م دۆزییەوە سەیرم کرد پڕە لە ناوی (شمیل) بەڵام ناوی منی تێدا نەبوو. بیرم کەوتەوە کە چەند مانگێك بەر لە ئێستا لەسەر پێشنیازی ژنەکەم ژمارە تازەکەمان بە دایەرەی تەلەفۆنات نەداوە. چونکە هەندێ لە قوتابییەکانم ئیش و کاریان نەبوو ئەوە نەبێ کە لە نیوەشەودا بێدارمان بکەنەوە. بیرێکی باشمان کردبووەوە بەڵام ئێستا چۆن ئەدرەسی ماڵەکەمم بدۆزایەتەوە.
بەزۆری ئەو نامانەی بۆم دەهاتن لە بەرکم دەنان. لێ بۆ نەگبەتی ئەو رۆژە گیرفانەکانیشم بەتاڵ کردبوون. رۆژی لەدایك بوونم بوو و ژنەکەم، دۆستەکانمی بۆ عەسر دەعوەت کردبوو. کێکێکی گەورەی دروست کردبوو و بە شەمالك رازاندبوویەوە. سیمای دۆستەکانم دەهاتە بەرچاو کە بەبێ قەراری چاوەنۆڕی گەڕانەوەی من بوون. لێ من لە کابینەی تەلەفۆنات گیرۆدە بوو بووم و نەمدەتوانی ئەدرەسی ماڵەکەم وەبیر بێنمەوە. دوای تۆزێك بیر کردنەوە ژمارەی یەکێك لە دۆستەکانم وەبیر هاتەوە. دکتۆر "مادیرهد". بڕیارمدا تەلەفۆن بۆ ئەو بکەم و یارمەتی لێ بخوازم. ژمارەکەم وەرگرت، کچۆڵەیەك تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.
- ببورە. جەنابی دکتۆر لە ماڵێیە؟

- نەء
- ئەی ژنەکەی؟
- کچۆڵەکە گوتی: "نە، هەردووکیان چوونەتە دەرێ."
- دەکرێ بزانم بۆ کوێ چوون؟
- کچۆڵەکە گوتی: "من ئاگاداری مناڵەکەیان دەکەم. بەڵام پێم وایە چوون بۆ ماڵی پرۆفیسۆر شمیل. کارێکت پێیان هەیە؟
گوتم: "من پرۆفیسۆر شمیل"م.
کچۆڵەکە گوتی: "سەعاتێك بەر لە ئێستا بۆ ماڵێ ئێوە رۆیشتن."
پرسیم: "گوتت بۆ کوێ چوون؟"
- گوتم بۆ ماڵی ئێوە چوون.
- بەڵام ماڵی ئێمە لە کوێیە؟
- رادەبوێری؟
ئەمەی گوت و تەلەفۆنەکەی داخستەوە.
هەوڵمدا پەیوەندی بە دۆستەکانی دیکەمەوە بکەم. بەڵام هەر شوێنێکم وەردەگرت هەمان وەڵامیان دەدایەوە: "چوونەتە میوانی پرۆفیسۆر شمیل."
لە کاتێکا بەو حاڵەوە لە جادەدا وەستابووم و بیرم دەکردەوە، باران دەستی پێکرد. ویستم چەترەکەم هەڵدەم. بەڵام ئەویشم لەبیر کردبوو. خۆمدایە ژێر کەپرێك، باران شوڕە شوڕ دەباری. ئاسمان بڵاچەی دەدا. بە درێژایی ئەو رۆژە دنیا گەرم و هەتاو بوو کەچی ئێستا چونکە هەم خۆم گوم بووبووم و هەم چەترەکەم بزر کردبوو. دەبوایە باران بباری. دنیا شێوا بوو و وا دەهاتە بەرچاو کە باران بەو زووانە خۆش نەکاتەوە. جا بۆ ئەوەی خۆم مژوول بکەم هەوڵم دا بیری خۆم بە یەکێك لە دژوارترین مەسەلە فەلسەفییەکانەوە مژوول بکەم، "مریشك لە هێلکە بووە یان هێلکە لە مریشك بووە؟" ئەمە پرسیارێك بوو کە هیچ فەیلەسووفێك تا ئێستا نەیتوانی بوو وەڵامی بداتەوە. لێ وەڵامی خۆی هەبوو و تەقدیر وای هێنابوو کە من (پرۆفیسۆر شمیل) حەلی بکەم.
هێشتا هەر دەرباری. تەواو تەڕ بوو بووم و سەرمام بوو. دەستم بە پژمین کرد. ویستم کەپووم بسڕم، بەڵام دەستەسڕەکەم دیار نەبوو، ئەویشم ون کردبوو. لەم کاتەدا چاوم بە سەگێکی رەشی گەورە کەوت. تەڕ بوو بوو و بە چاوانی خەمینەوە دەیڕوانییە من. لە

گرفتەکەی حاڵی بووم. ئەویش وەکو من گوم بوو بوو و ئەدرەسی ماڵەوەی بیر چووبووەوە. دڵم بەم گیانلەبەرە بێ تاوانەدا چوو. فیکەم بۆ کێشا. بەرەو لام هات. کەوتمە دواندنی. گوتم "سەیرکە دۆستی من، چارەنووسمان یەکە، من پیاوێکی فەرامۆشکارم و تۆ سەگێکی فەرامۆشکاری. بێگومان ئەمڕۆ رۆژی لەدایك بوونتە و ئاهەنگیان بۆ ساز کردوویت، بەڵام تۆ لێرەدا و لەم بەر بارانەدا لە سەرما هەڵدەلەرزی. ئێستا خاوەنەکەت هەموو شوێنێکت بە دوودا دەگەڕێ و بێگومان وەکو من برسیتە. هاوڕێ من تا کۆتایی رێگەکە لەگەڵتدا دێم. ئەگەر خاوەنەکەمان پەیدا نەکردیتەوە، تۆ لەگەڵ خۆمدا دەبەم. وەرە با دەست دەنێو دەستی یەکتر بنەین. سەگەکە دەستی بەرز کردەوە. زانیم کە لە هەموو قسەکانم حاڵی بووە.

تاکسییەك بەلاماندا رەت بوو و ئاوەکەی پێدا پرژاندین. تاکسییەکە تۆزێ لە پێشترەوە وەستا. کەسێك بانگی کرد: "شمیل! شمیل!"

سەرم هەڵبڕی. دەرگای تاکسییەکە ڤەبوو و یەکێك لە دۆستەکانم سەری هێنایە دەرێ: "شمیل! لێرە چ دەکەی؟ چاوەنۆڕی کێی؟

پرسیم: "ئەدی تۆ کێوە دەچیت؟

- مەعلومە کێوە دەچم! بۆ ماڵی ئێوە. من تۆزێ دواکەوتووم، داوای لێبوردن دەکەم گرتبوویانم. پاشان بۆتی دەگێڕمەوە. بەڵام بەهەرحاڵ خۆم گەیاند، درەنگ بگەی نەك هەر نەیەی. بەڵام تۆ بۆ لەماڵەوە نیت؟ ئەم سەگە هی کێیە؟

گوتم: "خوا تۆی بۆ من ناردووە. چ شەوێکە! ئەدرەسی ماڵی خۆمانم بیر چووە، جانتاکەم لە تاکسیدا بەجێ هێشتووە و چەترەکەشم گوم کردووە."

برادەرەکەم گوتی: "شمیل تۆ فەرامۆشکارترین پرۆفیسۆری دنیایت!"

کە لە دەرگای ماڵەوەم دا، ژنەکەم دەرگای لێ کردمەوە، کە منی بینی هاواری کرد "شمیل، هەموو چاوەڕوانی تۆن تا ئێستا لەکوێ بووی؟ ئەدی جانتاکەت کوا؟ چەترەکەت کوا؟ ئەم سەگە هی کێیە؟"

دۆستەکانم دەوریان گرتم: "لەکوێ بووی؟ دڵمان لە لات بوو. پێمان وابوو بەڵایەکت بەسەر هاتووە!" ژنەکەم لێکدا لێکدا دەیپرسی: "ئەم سەگە هی کێیە؟"

ئەنجام گوتم: "نازانم، لەوسەر جادانە دۆزیمەوە. جارێ ناوی دەنەین "بوڤو".

ژنەکەم بە ناڕەحەتییەوە گوتی: "چ ناوێکە! بوڤو! تۆ بەخۆت دەزانیت پشیلەکەمان چەند لە سەگان دەترسێت. ئەدی تووتییەکانمان چی لێ بکەین؟ دەیانترسێنێت."

گوتم: "سەگێکی بێ وەیە. دەبێ بە هاوڕێی پشیلەکەمان. حەز لە تووتییەکانیش دەکات. نەمدەتوانی بەرەڵای بەر ئەو بارانەی بکەم. حەیوانێکی باشە."
کە ئەو قسەیەم کرد، سەگەکە قورسەکەیەکی کرد و سوپاسی کردم. پشیلەکە هەر کە چاوی بە سەگەکە کەوت رایکردە ژوورەوەو خۆی گیڤ کردەوە، ئامادە بوو چاوانی سەگەی داماو دەربێنێ. تووتییەکانیش لەنێو قەفەزدا کەوتنە باڵە فرتێ و هاواریان دەکرد. لە پڕ هەرهەموو کەوتنە قسە کردن. هەرایەك بەپا بوو بوو نەبێتەوە.

⋆

حەز دەکەن بزانن سەرەنجامی سەربورەکە چ بوو؟
بوڤو هێشتا لەگەڵ ئێمەدا دەژی. لەگەڵ پشیلەکەدا موو بە بەینیانەوە ناچێت. توتییەکانیش سواری پشتی بوڤو دەبن، لەتۆ وایە سواری ئەسپ بوون. سەبارەت بە ژنەکەشم، ئێستا بوڤوی زۆر خۆش گەرەکە، تەنانەت زیاتر لە من. هەر کاتێ بمەوێ سەگەکە بۆ گەڕان بەرمە دەرێ، یەکسەر دەڵێت: "ئاگاداربن گوم نەبن، لەگەڵ هەردووکتانمە!"
نە جانتاکەم دۆزییەوە نە چەترەکەم. وەکو فەیلەسووفانی بەر لە خۆمیش دەستم لە خێری حەلکردنی دژوارترین پرسیاری فەلسەفی کە ئایا مریشك لە هێلکەیە یان هێلکە لە مریشکە، هەلگرت، خەریکی نووسینی کتێبێکم بەناوی "بیرەوەرییەکانی شمیل". ئەگەر دەستنووسەکانم لە تاکسیدا یان لە خوارنگە یان لەسەر تەختی باخێك لەبیر نەکەم، رەنگە رۆژێ لە رۆژان بیانخوێننەوە. جارێ ئەمە بەشێکی کتێبەکەیە.
⋆ ئیزاك باشویش سینگر":
لە ساڵی ١٩٠٤دا لە پۆڵاندا هاتۆتە دنیاوە. لە ساڵی ١٩٣٥دا چوو بۆ نیویۆرك و لەوێندەر ئاکنجی بوو. لە ساڵی ١٩٧٨دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت. سینگر زۆرجار موبالەغە دەربارەی قارەمانانی چیرۆکەکانی دەکات. لە چیرۆکی "ئەو رۆژەی کە گوم بووم"
ئاشنایەتی دەگەڵ قارەمانێتی لەو بابەتە پەیدا دەکەین.

## بەیانی جەژن

### چیرۆکی: پیرل ئێس. باك*

لە پڕ لە خەو رابوو. سەعات چواری بەرەبەیان بوو، هەمان ئەو سەعاتە بوو کە بابی هەمیشە گازی دەکرد تا لە دۆشینی چێڵەکاندا یارمەتی بدات، سەیر بوو کە هێشتا عادەتەکانی دەورانی جاحێڵی پاراست بوو! پەنجا ساڵێك بەسەر ئەو زەمانەدا تێپەڕیبوو و بابی سی ساڵێك دەبوو کە مردبوو، و ئەو هێشتا هەر سەعات چواری سفێدە لە خەو رادەبوو، لێ دووبارە دەخەوتەوە. ئەمڕۆ رۆژی جەژن بوو و هەوڵی نەدا کە بخەوێتەوە.

جا نهێنی جەژن لە چ دا بوو؟ منداڵیەتی و لاویەتی بەسەر چوو بوو، منداڵەکانی گەورە بوو بوون و لەو جیا بوو بوونەوە. ماڵی هەندێ لە مناڵەکانی لەو دەورووبەرە بوون، بەڵام ژیانێکیان بۆ خۆ پێکەوە نابوو، وێڕای ئەمەش چەند رۆژێك بەر لە جەژن دەهاتنە لای ئەوو بە شێوەیەك کە ئەو ناڕەحەت نەبێ پێیان دەگوت حەز دەکەن جەژنی کریسمیس لە ماڵی خۆیان بکەن و ئیدی ئەوو ژنەکەیان بە تەنێ جێ دەهێشت. دوێنێ ژنەکەی گوتبووی: "یانی ئەوە دێنێ، لەوەیە.." و ئەو گوتبووی: "بەڵێ، هەڵبەتە ئەوە دێنێ، تەنانەت ئەگەر هەر هۆردوکمانیش بین جەژن دەگێڕین."

ژنەکەی وەڵامی دابووەوە: "کەواتە جارێ درەختەکە مەڕازێنەوە، دایبنێ بۆ سبەی بەر لەوەی مناڵەکان بێن، من ئێستا شەکەتم."

ئەو قەناعەتی کردبوو، درەختەکەی بە دەقی خۆیەوە لە حەوشەکەی پشتەوە دانابوو.

بەڵام بۆچی ئەمشەو خەوی زڕابوو؟ هێشتا شەو بوو. شەوێکی ساف و پڕ ئەستێرە. هەڵبەتە هەیف لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو، لێ ئەستێرەکان پرشنگێکی سەیریان دەهاویشت. ئێستا کە بیری دەکردەوە وای دەهاتە بەرچاو کە ستێران لە شەوی جەژندا هەمیشە درشتتر و پرشنگدار تر بوونە. و ئەمشەو ئەستێرەیەك بە ئاسمانەوە بوو کە لە ئەستێرەکانی دی درشت تر و بە پرشنگتر بوو. تەنانەت وای دەهاتە بەرچاو کە ئەستێرەکە دەجووڵێ وەکو چۆن ساڵانێك لەوە پێش وای هاتبووە بەرچاو کەوتە یادی رابردوو. لەم رۆژانەدا زۆر بە ئاسمانی نوقمی بیرەوەری و یادگارەکانی خۆی دەبوو. تەمەنی یازدە ساڵان بوو و هێشتا لە مەزراکەی بابی دا بوو. بابی خۆش دەویست و ئەمەی چەند رۆژێك بەر لە

جەژن بۆ دەرکەوتبوو. رۆژێك کە بابی بە دایکی گوت: "میری هیچ دڵم نایەت بەم بەیانی زووە روب لە خەو هەستێنم. ئەو ئێستا پێویستی بە خەوو ئیسراحەتە. ئەگەر دەیبینی بەیانیان بە چ زەحمەتێك لەناو جەرگەی دێتە دەرێ.
کاشکێ توانیبام بە تەنێ هەموو کارەکان ئەنجام بدەم."
دایکی وەڵامی دایەوە: "تۆ تەنیا باڵی، بە تەنێ دەرەقەتی ئەم هەموو کارە نایەیت. ڕوب منالٚ نییە، ئیدی نۆرەی ئەوە." باوکی بە ئەسپایی گوتی: "دەزانم. بەڵام هەر دڵم نایەت بەیانی زوو لە خەو بێداری بکەمەوە."
کە ئەو قسانەی ژنەفت شتێك لە دەروونی دا بێدار بووەوە بابی خۆشی دەویست، تا ئێستا بیری لەمە نەکردبووەوە و خۆشەویستی ئەوی بە پەیوەندی باب و فەرزەن زانیبوو. باب و دایکی هەرگیز باسی خۆش ویستنی منالٚەکانیان نەدەکرد، بەیانی دەرفەتی ئەو جۆرە قسانەیان نەبوو، کاروباری مەزراکە دەرفەتی نەدەدان.
ئێستا کە زانی بووی بابی خۆشی گەرەکە، بەیانیان نەدەبوایە خاوە خاو بکات تا بابی دووبارە گازی بکاتەوە. پاش ئەوە هەر کە گوێی لە دەنگی بابی دەبوو، بە هەر گیانەهارییەك بووایە، لە خەو رادەبوو و بە چاوی خەواڵووەوە جلەکانی لەبەر دەکرد و دەکەوتە ڕێ.
ئەو جەژنەی کە ئەم تەمەنی ١٥ سالٚ بوو ، شەوەکەی لەسەر تەختێك راکشابوو و بیری لە سبەی دەکردەوە. هەندێ بێ پارە بوو. تاقە خۆشی شەوی جەژنیان شیوی ئەو قەلەموونە بوو کە بە خۆیان بەخێویان کردبوو لەگەڵ ئەو کێکە بەنەعنایەی کە دایکی دروستی کردبوو. خوشکەکانی کاری دەستییان دروست دەکرد. باب و دایکی هەمیشە شتێکیان دەکڕی کە ئەو پێویستی بوایە، چاکەتی گەرم و هەندێ جاریش کتێب. ئەویش بە پارەی دەغیلەکەی خۆی دیاریی بۆ دەکڕین.
حەزی دەکرد لەو جەژنەدا کە تەمەنی پازدە سالٚ بوو، بیتوانیبا دیارییەکی باشتر بۆ بابی بکڕێ، وەکو هەمیشە چووبوو بۆ فرۆشگای "هەموو شتێك بە دە سەنت" و بۆینباخێکی بۆ کڕیبوو. شتێکی خراپ نەبوو. لێ ئەگەر زووتر گوێی لە قسەکانی دایك و بابی بوو بووایە، پارەیەکی زۆرتری کۆ دەکردەوەو دیارییەکی باشتری دەکڕی.
خۆی بەلادا وەرگێڕا. سەری خستە سەر ئانیشکی و لە پەنجەرەکەوە چاوی بڕییە ئاسمان. ئەستێرەکان پرشنگدار بوون، پرشنگدارتر لە هەر زەمانێکی تر کە ئەو بە بیری بێ. لەو

بەینەدا ئەستێرەیەك لە هەموو ئەوانی تر پرشنگدارتر بوو کە پێی وابوو ڕەنگە ئەستێرەی داود بێ. کە هەندێ بچووکتر بوو، ڕۆژێ لە بابی دەپرسێت: "بابە ئاغەڵ یانی چی؟"

بابی وەڵامی دەداتەوە:"ئاغەڵ شوێنێکە کە پەزی تێ دەکەن."

کەواتە حەزرەتی عیسا سڵاوی خوای لێ بێ لە ئاغەڵ دا هاتبووە دنیا و شوانان و پیاوانی ئاقڵ لەوێندەر چووبوونە حوزوری و دیاری خۆیان پێشکەش کردبوو. بیرۆکەیەك وەکو بروسکە بە هزریدا هات کە بۆچی ئەو نەتوانێ دیارییەکی بەهادار بە باوکی پێشکەش بکات. چۆنە لە هەمان شوێن، لە ئاغەڵەکەدا. بەیانی زوو لە خەو رابێ، زووتر لە سەعات چوار، بچێ بۆ ئاغەڵەکەو مانگاکان بدۆشێ و عەمارەکەی پاك بکاتەوە، بە تاقی تەنیا هەموو ئەو کارانەی بکات. کە بابی بێ و ببینێ هەموو کارەکان ئەنجام دراوە سەیری پێ دێ. نیگای ئەستێرەکانی کرد و پێکەنی. ئەمە ئەو شتە بوو کە دەیویست بیکات. کەواتە نەدەبوو بە قووڵی بنووێ. پتر لە بیست جاران لە خەو ڕاپەڕی و هەموو جارێك دەنکە شقارتەیەکی پێ دەکرد و دەیڕوانییە سەعاتە کۆنەکە. دوانزە، دوانزەو نیو، یەك، یەك و نیو و دوو.. ئەنجام سەعات سێ کەم چارەك هەستا. جلی لەبەر کرد و بە ئەسپایی بە قاردلمەکاندا داگەڕا. ئەستێرە زێڕینەکەی ئاستی ئاغەڵەکە سووری دەنواند. مانگاکان خەواڵوو حەیران نیگایان کرد. بۆ ئەوانیش هێشتا زوو بوو.

بە ئەسپایی گوتی:" چاکە، دەست پێدەکەین."

مانگاکان بە ئارامی وەستان. تۆزێك ئالیکی کردنە بەر و سەتڵە شیردۆشەکانی ئامادە کرد. پێش ئەمجارە بەتەنێ شیری نەدۆشی بوو، لێ کارێکی قورس نەبوو. بیری لە باوکی دەکردەوە کە بە دیتنی سەتڵە پڕ لە شیرەکان چەند سەرسام دەبێ. بابی دەهات و ئەوی گاز دەکرد و دەیگوت تا ئەو جلەکانی لەبەر دەکات ئەم دەڕوات و کەرەستەکان ئامادە دەکات و دەچێ بۆ ئاغەڵەکە، دەرگا دەکاتەوە ئەوجا سەتڵەکان بە پڕی شیرەوە دەبینێ و تەماشا دەکات هەموو شتێك ئامادەیە.

بابی بە خۆشحاڵییەوە هاوار دەکات و دەڵێت: "چ قەوماوە؟" پێکەنی و درێژەی بە شیر دۆشین دا. شیری کەفکردووی بۆن خۆش بە خوڕ بۆ ناو سەتڵ داڕژا. چێڵەکان بە سەرسامی وەستابوون. بۆ یەکەمین جار ڕەفتاریان باش بوو وەکو بڵێی ئەوانیش زانی بوویان جەژنە. کارەکە زۆر بە چاکی دەڕۆیی، شیر دۆشینەکەی هیچ بەلاوە زەحمەت نەبوو، دیارییەك بوو بۆ

باوکێك که ئەوی خۆش گەرەك بوو. کارەکەی تەواو کرد. سەتڵەکان تەژی شیر بوون. سەری داپۆشین و له سووچێکدا داینان و ئەوجا چوارپایەکانی له جێی خۆ داناوەو سەتڵە پاك و خاوێنەکانی به دیوارەکەوە هەڵواسین. له ئاغەڵەکه وەدەر کەوت و دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست. بۆ ژوورەکەی گەڕایەوە. که دەنگی بابی ژنەوت یەکسەر جلەکانی داکەند و چووە ناو جێگا. لێفەکەی دا به سەرو چاوی خۆیدا تا هەناسەی ئارام ببێتەوە. دەرگا کرایەوە.

بابی گازی کرد: "ڕۆب، ڕابە کوڕم، وەختی کارە. کار جەژن و عەزا نازانێ."

به دەنگی خەواڵو وەڵامی دایەوە: "به چاوان، ئێستا هەڵدەستم."

باوکی گوتی: "من دەڕۆم تفاقەکان حازر دەکەم." رۆب هێشتا له نێو جێگەکەدا بوو و پێدەکەنی. تا چەند ساتێکی دی بابی هەموو شتێکی بۆ بەدیار دەکەوت. دڵی دەیویست له سینەی بێتە دەرێ. ساتەکان به خاوی دەڕۆیشتن. ده دەقیقە، پازده دەقیقە. نەیدەزانی چەند دەققە بوری که دیسان دەنگی پێی باوکی هاتە گوێ. دەرگا ڤە بوو. خۆی کردە خەو.

- رۆب!

- بەڵێ باوکە.

- هەی فێڵباز.

بابی پێدەکەنی. پێکەنینێك که ماکی گریانی لەگەڵ بوو.

- ویستت غافلگیرم بکەی وانا؟

بابی له کەنار تەختەکەدا وەستابوو. هەستی پێدەکرد، لێفەکەی لادا

- دیاریی جەژن بوو باوکە!

هەستا و بابی له هەمێز گرت. هەستی به دەستی بابی له دەوری پشتی کرد. ژوورەکه تاریك بوو و نەیاندەتوانی یەکدی بدینن.

- سوپاس کوڕەکەم. تا ئێستا دیاریی وەهام.. ."

- باوکە، حەز دەکەم بزانی که پێم خۆشە کوڕێکی باش بم!

ووشە خۆ بەخۆ له زاری دەڕژا. نەیدەزانی چ دەڵێت. دڵی لێوان لێوی ڤیان بوو.

بابی دوای تۆزێك گوتی: "پێم وایە ئێستا دەتوانم بڕۆم و بخەوم دەنگە دەنگ مەکە با ئەوانی تر خەبەریان نەبێتەوە. که بیر دەکەمەوە کوڕم هیچ کاتێ بەیانی زوو ئێوەم بەدیار

درەختی کریسمیسەوە نەدیتووە و لە ناوتاندا نەبووم. هەمیشە هەر کارم هەبووە. ئێستا وەرە با بڕۆین!"

هەستا و دووبارە جلەکانی لەبەر کردەوە. پێکڤە چوونە خوارێ. ئەستێرەکان وردە وردە جێی خۆیان بۆ خۆر چۆڵ دەکرد. چ جەژنێ بوو. کاتێ بابی حاڵ و حیکایەتەکەی ڕۆبی بۆ دایکی و ئەوانی دیکە دەگێڕایەوە، دڵی تەژی شەرم و نازین بوو. بابی گوتی: "تا ئێستا ئەمە باشترین دیارییە کە وەرمگرتووە، تا ماوم لە بیری ناکەم."

ئێستا باوکی کۆچی دوایی کردبوو و ئەو بە تەنێ ئەم بیرەوەرییەی پاراست بوو. چ جەژنێکی پیرۆز بوو. لە ئاغەڵدا مانای ڤیانی راستەقینە فێر بوو بوو.

لە دەرێ ڕا، ئەستێرە درشتە پرشنگدارەکە کاڵتر دەبووەوە. هەستا، نەعلەکانی لە پێ کرد و چووە ئەو ژوورەی بنتاقەکە. پاکەتی رازاندنەوەی درەختی کریسمیسەکەی هەڵگرت و چووە خوارەوە. درەختەکەی لە حەوشەکەی پشتەوە هێنا. درەختێکی چکۆلە بوو. لەوساوە کە مناڵەکانیان لەوان جیا بوو بوونەوە ئیدی درەختی گەورەیان نەدەکڕی. درەختەکەی لە ناوەندی مێزی ژێر پەنجەرەکە قایم کرد و بە وردی کەوتە رازاندنەوەی.

کارەکەی زوو تەواو بوو. کات بە هەمان خێرایی ئەو ڕۆژەی کە لە ئاغەڵەکەدا بوو تێدەپەڕی. چوو بۆ ژووری خوێندنەوە. دیاری هاوسەرەکەی لە کاغەزێکی جوانەوە پێچا. ئەستێرەیەکی ئەڵماس نیشانی بۆ ژنەکەی کڕی بوو. ئەستێرەیەکی گەورەو گرانبەها نەبوو بەڵام زۆر ناسك بوو. ئەو نووسینەی کە ڕۆژی پێشوو نووسی بووی، خستییە سەر دیارییەکەو بە درەختەکەوەی هەڵواسی و چەند هەنگاوێ لە دواترەوە وەستا. دیارییەکی جوان بوو زۆر جوان. بێگومان پەسندی دەکرد و غافڵگیر دەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا لە ناخی دڵەوە رازی نەبوو. حەزی دەکرد بە ژنەکەی بڵێ کە چەندی خۆش گەرەکە، لەوساوە کە ئەم رستەیەی بە ژنەکەی گوتبوو ساڵانێك بوری بوو. هەمیشە هەر خۆشی ویستبوو. بەڵام ئێستا لە سەردەمی لاوی زیاتری خۆش دەویست و چەند بەختیار بوو کە دەیتوانی خۆشەویست بێ! و ئەمە لەزەتی راستەقینەی ژیان بوو. خۆشویستن! دڵنیابوو خەڵکانێك پەیدا دەبن کە ناتوانن کەسیان خۆش بوێ. لێ عەشق و ڤیان هێشتا لە بوونی ئەودا زیندوو بوو. لە پڕێکدا پەی بەم بابەتە بردبوو. عەیام و ساڵانێ لەوە پێش کە زانی باوکی خۆشی گەرەکە ئیدی ڤیان و خۆشەویستی لە بوونی دا ڕواو زندوو بووەوە. ڤیان، ڤیان دەپارێزێ.

دەیتوانی هەمیشە ڤیانی خۆی ببەخشێ بێ ئەوەی تۆزقاڵێکی لێ کەم ببێتەوە و ئەمڕۆ بەیانی، لەم جەژنە پیرۆزەدا خۆشەویستی و ڤیانی خۆی بە هاوسەرەکەی پێشکەش دەکرد. دەیتوانی لە پارچە کاغەزێکدا بینووسێت تا ژنەکەی بیخوێنێتەوەو هەڵیگرێ. لە پشت مێزەکەیەوە دانیشت و نووسی: "ژنی ئازیزم.. ."

کە نامەکەی تەواو کرد، خستییە زەرفەوە، دایخست و بە درەختەکەوەی هەڵواسی، بە جۆرێ هەڵیواسی کە ژنەکەی هاتە ژوورەوە یەکسەر و بەر لە هەر شتێکی دی بیدینێ، ئەوسا نامەکەی دەکردەوە، دەیخوێندەوەو بۆی دەردەکەوت کە مێردەکەی چەندی خۆش گەرەکە. گڵۆپەکەی کوژاندەوەو بە ئەسپایی بە قاردڵمەکاندا سەرکەوت. تاقە ئەستێرەیەك بە ئاسمانەوە نەبوو، خۆر بە ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە. چ جەژنێك! چ جەژنێکی پیرۆز!

* پرل ئیس باك (١٨٩٢-١٩٧٣) لە یەکێك لە شارەکانی ویلایەتی (ڤیرجینیا) هاتۆتە دنیاوە. باب و دایکی هەردووکیان مژدەبەری مەزەبی بوون. پرل هێشتا پێنج ساڵان بوو کە بە ماڵەوە چوون بۆ چین. پاشان ماوەیەك لە قوتابخانەکانی چین و ئەمریکادا دەرسی گوتووەتەوە و دواتر رووی کردۆتە نووسینی کورتە چیرۆك و رۆمانان.

پرل باك لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٠-١٩٦٦دا نزیکەی سی رۆمان و چیرۆکی کورتی نووسیوە کە گرنگترینیان: (بای رۆژهەڵات و رۆژئاواو، خاکی چاك)ن. ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٣٠ لەسەر چیرۆکی (خاکی چاك) خەڵاتی بولیتزەر)ی وەرگرت و لە ساڵی ١٩٣٨دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت.

پرل باك لە کارێن خێرخوازیشدا چالاکی هەبووەو ئەنجومەنێکی خێرخوازی بۆ هاوکاری منالان دامەزراندووە.

باك لە چیرۆکی (بەیانی جەژن)دا ئەوە نیشان دەدات کە ڤیان و مەحەبەت باشترین دیارییە کە مرۆڤ دەتوانن پێشکەش بە یەکتری بکەن.

**سەرچاوە:**

**هزار توی داستان**

**ترجمە:نسرین مهاجرانی**

**چاپ اول، بهار ١٣٧٨ تهران ص ٥٩ — ٦٩**

# چیرۆکێکی سەرکەوتوو

**نووسینی: جیمس.ت. فاریل**

سیمای قوتابی دانشکا بەئاشکرا بەرووی "دان هول ویل"ەوە دیار بوو بەرزی بالآی شەش پێ و یەك گرێ بوو، زۆر بایەخ بە روالەتی گشتی خۆی دەدات. زمان سواری، سالاری و کەمتەرخەمی لە هەلسوکەوتیا زالّ بوون.. چوار سالّی رەبەقی لە کۆلێجێکدا بردە سەر کە دەکەوێتە ناوەڕاستی بەری رۆژئاواوە. دەتوانی بە زیرەکی لەقەلّەم بدەیت، بەلام بیرکردنەوەی نەگەیشتبووە رادەی خەملێن و قوولّ بوونەوە.. وەکو پێویست گوێی بە ئەرکەکانی قوتابخانەی نەدەدا، زۆرجار لەگەلّ قوتابیەکانیدا کە دەکەوتنە موناقەشەوە رێك نەدەکەوت. زۆر کەڕەت موناقەشەکەی بەم رستەیە دادەخست "ئای.. کە جیهان پڕە لە جاشولکە و نیمچە کەر" خۆ ئەگەر ئەم سەرنجەی تۆزێ کالّتر بکردایە ئەمەشی زیاد دەکرد: "منیش.. لە نیمچە کەرێکی بەرەللا زێدەتر نیم!".

—دان— زەردەخەنەیەکی دلڤێنك کەرەوەی هەبوو، بەم زەردەخەنەیە قەلای گەلێ دلّی داگیر کردبوو، بەلام هەرگیز نەیدەویست خۆی بخاتە گێژاوی سەریەشەیەکەوە کە پێویستی پێی نییە، لە راستیدا، پێوەندی قولّ و پتەوی لەگەلّ کچاندا نەدەبەست، بەو چاوەشەوە دەیڕوانیە خۆشەویستی کە شتێکی ئاساییە، مرۆڤ وەکو هەرشتێکی دی ژیان بەکاری دێنێ، کە هەستی بە قۆزێتی خۆی دەکرد، با دەچووە کەولّیەوەو هێندەی دی بلّند دەیخوڕی، حەزی دەکرد بە قیز و فیزەوە باسی کچان بکات. هێندێ جار سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەڤین یارییەکەو هیچی دی. بگرە و بەردەی سۆز و لاوانەوەی رۆمانسیانەش بەشێکن لەو یارییە.. زۆر لەسەر ئەم بیرانەی خۆی دەرۆییشت. زەردەخەنە ناسکەکەی، برواببوونی بەخۆی و قۆزێتییەکەی کردبوو بە پەردەیەك و هەستە تالّ و تفتەکانی پێ وەدەشارد.

هەرچۆنێ بێ —دان— وڕینەکەر نەبوو، قسەکەرێکی گەورەش نەبوو، لەگەلّ ئەوەشا بەدلّ گوێی بۆ خەلّکی نەدەگرت، مەگەر هێندێ جار ئیشارەتێکی ئالّۆزی بدابایە. وەکو ئەوەی ناوبەناو بێژێ "لە نیمچە کەرێك زێدەتر نییە" یان بلّێ "تەنێ وڕێنەیە". خۆ ئەگەر یەکێك لێی زویر بوایە، زەردەخەنەیەکی بێگەرد رووی دەگەشاندەوەو دەیگوت: "... گوێ بگرە... منیش وەکو هەر یەکێکی دی جاشولکەیەکم. چاوەنۆڕی ئەوەش مەکە جاشولکەیەکی وەکو من پیاوەتی و گەورەیی لێ بوەشێتەوە..".

—دان— بەتوانابوو لە نووسیندا، توانی ستایش و پیاهەلّدانی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی بباتەوە. لە گۆڤاری ئەدەبی زانکۆدا چەند چیرۆکێکی خەیالّی بلاو کردەوە. بەلام ئەم چیرۆکانەی دەکرد بە مەزەی گالّتەجاڕی و تەوس و توانج و دەیخستنە سەر خەرمانی قسە بەلەزەتەکانی، بەتایبەتی ئەگەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکان لەمەڕ دلّداری بوونایە. هەرچەند سەرقالّی نووسینی رۆمانێ بوو، بەلام نە کەس دیبوی و نە کەس خوێندبویەوە، هاوڕێکانی هەمیشە هانیان دەدا،

چیرۆکەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو بکاتەوە، کەچی پێی دەگوتی: "ئەو چیرۆکانەی بڵاو دەکرێنەوە هێندەیان کەرێتی و خوێڕێتی تێدایە کە ناشێ شتێکی تازە ببەخشن".

سەرەڕای ئەوەی زۆری دەخواردەوە، توانای خواردنەوەیەکی مشەی هەبوو، کەچی قێزی لێ دەکردەوە، بواری ئەوەی نەدەدا بەراستی سەرخۆش ببێت. هەر هێندەی چەند پەرداخێکی بخواردایەوە هەستی بە نەشئە ئەکرد و رووخۆش دەبوو، ئەوسا بێدەنگی دەکرد بە هاولف، بەدەگمەن قسەیەکی دەکرد، مەگەر ناوبەناو هەندێ سەرنجی رێبواری دەربڕیایە، وەکو ئەوەی بە یەکێکیان بڵێ:"تۆ چۆنی؟". خۆ ئەگەر پرسیارێکی لێ بکرایە خێرا دەیگوت: "هیچ شتێك لە ژیاندا لە خواردنەوە بە نرختر نییە بۆ ئادەمیزاد".

—دان— ناسیاوی زۆر بوون، بەڵام لەگەڵ کەسیاندا خۆی نەخستبووە داوی دڵدارییەکی قوڵەوە، تا رادەیەك لەگەڵ هەموو کەسێکدا وەکو یەك بوو، پێوەندی لەگەڵ کچاندا زۆر جیاوازتر نەبوو لە هی هاوڕێ کوڕەکانی.. هەرچەند دەیتوانی زۆر بە هاسانی پێوەندی لەگەڵ هەموو جۆرە خەڵکێکا ببەستێ، کەچی هەستی بە تەنیایی دەکرد، بێزاری و نیگەرانی زۆربەی ساتەکانی ژیانیان داگیر کردبوو.. بە یەك پێودان دەیڕوانیە کاروبارەکانی ژیان، بێزاری، نیگەرانی، ساتە گرنگەکانی ژیان.. هاوڕێی زیرەك بەلایەوە هیچیان نەدەگەیاند، ئەمەشیان لەبەر ئەوە بوو، لە راستیدا هەموو شتێك و هەموو خەڵکێکی بە یەك چاو ، یەك پلەوپایە وەردەگرت.. بەلای ئەوەوە هەموو خەڵك یەکسان بوون.. هیچ سەرنجێکی لەم بارەیەوە لە نوکتەو پێکەنین بەدەر نەبوو، دەیگوت: "هەموو کەسێك دەتوانێ لەسەر توێکڵە مۆزێك خلیسکانێ بکات".

ئەوەی لە ناخی —دان هول ویل—دا قوڵپی دەداو ئەوەی خەڵکی چاوەڕوانیان لێ دەکرد، زۆر دوور بوون لە یەکدی، جیاوازیەکی تیژ و دراماییان لە نێواندا بوو، هەستی بە تەنیایی دەکرد، ژانەکانی لە ناوەوە دەسووتێن و قووڵ دەبنەوە، ژیانی خۆی بەلاوە شتێکی تووڕەهات و بێ کەڵك بوو، نەی دەوێرا هیچ کارێك بکات، لەوە دەترسا ئەنجامەکەی سەرنەکەوتن بێ، ژیان بەلایەوە هیچی نەدەگەیاند، بریتی بوو لە بەرەڵڵایی و رابواردن، کۆمەڵە گیاندارێکی بەدبەخت و کلۆڵ تیایدا دەبرژێن و بەرەو پیری کەنەفتەیی و نەخۆشی و مەرگ و بۆگەن بوون دەچن.. پیری مەرگ بە تەواوی بەسەریدا زاڵ بوو بوو، مەرگ چالێك بوو هەموو هەست و نەست و بیری ئادەمیزادی تێدا دەنێژرا.. هەرکە لە خۆی رادەما، تاك دەکەوتەوە، تاپۆی مەرگ لە بەردەمیا قووت دەبووەوە، چنگی دەخستە هەناوی، ژیان هەموو واتایەکی دەدۆڕاند مادام مەرگ هەموو زیندەوەرێك دەپێچێتەوە.. دەتوانرێ هەموو ئادەمیزادێ بە نیمچە کەر بزانرێ چونکە ئاکامی مەرگە.. چاکترین شت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم چارەنووسە تاڵەش ئەوەیە، بخرێتە سەر باڵی زەردەخەنەیەکی لاسار و کەمتەرخەم.

بۆیە —دان— لە ناخا لە خەڵکی دەترسا، لە هەمان کاتیشا بەخیلی پێ دەبردن، بەلایەوە سەیر بوو، چۆن دەتوانن نەخشە بۆ ژیانیان بکێشن، دڵ و هەستیان بە خەڵکی تر ببەخشن، یان بەوپەڕی تواناوە کاتی خۆیان بۆ هێندێ شتی تووڕەهاتی ژیان تەرخان بکەن، لە کاتێکا چاك دەزانن لە رۆژی لەدایك بوونیانەوە چارەنووسیان دیاری کراوە؟ یان چۆن تاقەتیان هەیە بایەخ بە شت بدەن!.. یان چۆن هاوتەمەنەکانی خۆی ، دڵداری دەیانسووتێنێ و لە پێناوی کچێکدا

خۆیان ناگرن، له کاتێکا هیچی له کچانی دی جیاوازتر نییه.. یان چۆن هاوڕێکانی ڕێگا به خەم و نیگەرانی دەدەن ژیانیان بکات به خۆراك ئەگەر له کارێکدا سەرنەکەوتن؟.. بەڵێ، بۆچی، چۆن خەڵکی دەوێرن بەردەوام بن له ژیان؟.

زۆر کەڕەت، که لەنێو خەڵکیدا خۆی دەبینێتەوە، بەزەیی پێیاندا دێتەوە، بەستەزمانە، ئەگەیشتە ئەو سەرەنجامەی، کەم کەس هەن پەی به نهێنییەکانی ژیان بەرن، دەیویست یەکێك بێ لەو کەمانە.. وای دەهات به خەیاڵدا لەوە زیرەکترە، مل بۆ هەندێ شت کەچ بکات که له درۆ و دەلەسەو هەڵخەڵەتاندن زێدەتر نییە.. دەهاتە سەر ئەوەش هەڵەی سەرەکی له بوونی ئادەمیزادەوەیە، له ڕۆژی لەدایك بوونیەوە.. وەختێ دەیڕوانییە کچان، سەراپای دەپشکنین، نیگای لەسەر سکیان رادەگرت، لەگەڵ بیرەکانی خۆیدا تەرە دەبوو، بڕیاری دەدا کەسك سەرچاوەی هەڵەو هەڵخەڵەتاندنە بۆ هەموو پیاوێك، بگرە بۆ گشت مرۆڤایەتی .. که ئەم بیرانە هێرشیان بۆ دەهێنا، بێزار دەبوو، که خۆی لەگەڵ ئافرەتدا دەبینیەوە پتر بێزار دەبوو، لەو چڵپاوە دەترسا که لێیان دەچۆڕێتەوە.

که هەستی به کێشەیەکی دەروونی سەخت دەکرد و گەلێ بیری خەمناك سەریان تێ دەژەند، پەنای دەبردە بەر ڕۆژانی سەردەمی منداڵی خۆی، وورد وورد لێی رادەما، ماوەی نێوان ٨–١٠ ساڵەی تەمەنی، به خۆشترین ماوەی ژیانی دەژمێرێ. ڕووداوەکانی ئەوسا یەکالا دەکردنەوە، به قووڵی پێیاندا دەچووەوە. له ڕۆژانی باراندا دەرنەئەچوو، یاری دەکرد.. هەندێ کەڕەت به تەنێ و هەندێك جاریش لەگەڵ هاوەڵەکانیدا، ئەوسا جڵەوی بۆ خەیاڵ شۆڕ دەکرد، به خەیاڵ دەبوو به ئەندازیار ، له پڕ دەنگی یاری کردن و گڕە گڕی بوو که شووشەکانی وەئاگایان دەهێنایەوە.. بابی له نووسینگەیەکدا دادەنیشت، بوونی دایکی لەگەڵیا دڵنیاییەکی گەورەی پێ دەبەخشی. که خۆی لەگەڵ هاوەڵەکانیا دەبینی، لێرەوە رادەکات، لەوێوە یاری تۆپێن دەکات، یان به پەرە دار گوێزەکەی ناو حەوشەدا هەڵئەگژا، هەستی به شادیەکی سەیر دەکرد.. ڕۆژگارێ بوو تەنێ دەنگ دانەوەی مابوو... به خۆڕاییش هەستی منالێتی کاوێژ دەکردەوە، که دەهاتەوە سەر خۆی، تینوێتی بەو هەستانە نەدەشکا، سەردەمی منالێتییە و بەس، مەحاڵە جارێکی تر ببێتەوە به مندال، کەچی پڕ بەدڵ حەزی دەکرد ببێتەوە به منالە تەمەن ٨، ٩، ١٠ ساڵەکە.. ئەفسوونی ئەو ماوەیە له ناخیا بلاچەیان دەدا.. چەند جوان و پاك و درێژن ئەو ڕۆژگارانە، له ناخیا پێدەکەنی.. بەیانی دوای بەیانی له خەو هەڵدەستا، مێشکی ساف، هیچ شتێك گەردی نەدەخستە سەر شادی، خۆشیی له هەموو شتێك دەبینی.. له یاری کردن، پێکەنین، تەنانەت لەو ئازارانەش که تووشی دەبوون.. ژیانی بەلاوە فێنك و رازاوە بوو، هەرگیز ئەوەی به بیرا نەدەهات کەسێك هەستی له هەستەکانی ئەم جیاواز بێ.

هەرچەند ئەم بیرەوەرییانە هەستیان دەوروژاند، بەلام بەلەزەتیش بوون، بەرەو جیهانێکیان دەبرد، که جەمەی دەهات له خەونی بەلەزەتی رەنگاورەنگ، بەمانە خۆی لەو راستیە تالانە دەشاردەوە که تیایاندا دەژیا، خۆی له بیری مەرگەوە دەشارد، که خۆی لەسەر ترۆپکی ئەو ناکۆکیانە دەبینی زیاتر کەمتەرخەم دەبوو، شانازی بەوەوە دەکرد، شتێك نییە ناچاری بکات خەمخۆر بێ.. ئەو کارەی دەیکەیت هیچ بایەخێکی نییە. هەستەکانت نەزۆکن، ئارەزووەکان

ئفليجن، تێكڕاش لێك دەچن.. شتێ نییە مانا ببەخشێ، ئەو شتانەی بایەخدا دیارن تەنیا ڕەواڵەتە و بەس، لەو تام و چێژە دەچێ کە بوونی مرۆڤایەتی دەگرێت بەدەمەوەو وای لێ دەکات لە دەریای درۆدا مەلە بکات..

هەرچەند –دان– کەرەستەی تەواوو، پشوو درێژی فەیلەسووفی نەبوو، بەڵام خۆی بە نیمچە فەیلەسووف دەزانی، هەر ئەم واهیمەیەش وای لێ دەکرد، زیاتر بوغرا ببێ، وای دەهات بە خەیاڵدا بووەتە فەیلەسووفێکی گەورە.. دڵبەندی فەیلەسووفەکانی یۆنان بوو، لە هەمان کاتیشدا لە رووی ژیرییەوە بە منالی دا دەنان.. لەو دەمەیدا ئەمریکییەکانی سەرەتا، لوتکەی ژیانی راستەقینەیان بە دۆزینەوەی کیشوەرێك یان هەوڵی بێ وچان رووەو سەرکەوتن، دەزانی.. شتێ لەم واهیمە ئەمریکییە لەلای باوکی ئەمیش چێ بووبوو، لەم بارەیەوە بەزەیی پێدا دەهاتەوە..

ئەم پیاوە پیرە لە کێڵگەدا لەدایك بووبوو، هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو بچێتە زانکۆ، لە هیچەوە دەستی پێ کرد تا توانی ببێ بە ئەوقاتێکی سەرکەوتوو، تاکو بینا قاقای لە کێشەی یاساو یاسا ناسیدا نوقوم بووبوو.. دان بەوە راهاتبوو، چەند ساڵێکی دوور و درێژ باوکی وا ببینێ، کە شەوی دەدایە دەم رۆژەوە لە نێو پارچە کاغەزەکانیا، خۆ ئەگەر سەرقاڵی نووسینەوەی یاداشتەکانی بوایە ئەوا تەواو مژول و نیگەران دەبوو.. ئەم پیاوە پیرە هێندەی سامان هەبوو، کە شتە پێویستەکانی بۆ خێزانەکەی دابین دەکرد.

دایکی دان بەبێ هیچ هۆیەك، لە دەردی سەری و هەڵچوون و نارەحەتیدا دەژیا، هەرچەند شتێکی وا نەبوو نیگەرانی بکات، بەڵام زۆربەی کاتەکانی هەڵچوو، توڕە بوو، دان نەیدەتوانی بە هاسانی پەی بە شتەکانی نێوان داك و بابی بەرێ.. هەستی نەدەکرد کە سۆزێکی بەهێز بەوانیەوە ببەستێ، بگرە گوێی بە ژیانی خۆیشی نەدەدا.. بە قسەی بابی کرد، کە بچێتە زانکۆی "هارفرد" بۆ وەی کۆلێج تەواو بکات و ببێ بە پسپۆری یاسا.. بابی دەیویست کوڕەکەی ببێ بە رۆشنبیرێکی چاك، چونکە خۆی ئەمەی بۆ هەڵ نەکەوت. وای دەزانی ئەو سەردەمەی مرۆڤ خۆی خۆی تیادا پێ دەگەیەنێ بەسەر چوو، تاقە پشتیوانی سەرکەوتن لە پاشەڕۆژدا هەر خوێنەواری و رۆشنبیرییەکی تەواوە.

بۆیە بابی –دان– لەزەتی لە کارەکەی خۆی دەبینی، کە خۆی لە هۆڵی دادگەریدا دەبینییەوە یان لە پشتی مێزەکەیەوە دادەنیشت و قسەی بۆ یەکێك لە موشتەریەکانی دەکرد، باسی توانای یاساناسی خۆی دەکرد، یا لەگەڵ هاوڕێ پارێزەرەکانیدا سەرگەرمی باسی یاساناسی دەبوو، یان کە سەری دەژەنیە پەڕە کاغەزەکانیەوەو سەرنجەکانی تۆمار دەکرد، هەستی بە دڵنیاییەکی تەواو دەکرد.. هەست و نەستەکانی لە خودی خۆیەوە هەڵدەقولان و، وەکو ئەوەی کانیەکی لە بن نەهاتووی شاراوە بێ.. بەدەگمەن وەکو باوکێك قسەی لەگەڵ کوڕەکەیدا دەکرد، یان سۆزێکی ئینسانی بۆ دەنواند مەگەر ناو بەناو لە هێندێك بۆنەی پێویستدا نەبێ.. پێویستییەکانی کار هەموو شتێك بوون.

لە گەنجێتیدا تووشی گەلەك ناڕەحەتی بووبوو، هەموو بایەخ و هەست و ئەڵهایەکی لە کارکردندا دەدۆزیەوە، بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا تۆزێك ئاسودەیی بچێژێ.. ناچار بوو هەستە ئینسانیەکانی و لەزەتی ژیان بکات بە قوربانی ئەو سەرکەوتنەی وەدەستی هێنابوو، بەڵێ بەزەبری هەوڵی بێ

ووچان توانی جێگایەك لەم جیهانەدا بۆخۆی داگیر بکات، بەڵام بڕواشی پێ نەدەکرد.. لەوە دەترسا لەدەستی بچێ و بیدۆڕێنێ.. هەر ئەوەی دەزانی، ئەوەی وەدەستی هێناوە بیپارێزێت، هەموو هەوڵێکی لە پێناوی ئەو سەرکەوتنەدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەناخا هەستی بە نیگەرانی دەکرد، ناو بەناو ویژدان سەرزەنشتی دەکرد، زۆر کەم تەرخەمە دەربارەی سۆزە تایبەتییەکانی، بەڵام بەوە دڵی خۆی دەدایەوە، ئەگەر بیەوێ جێگاکەی بپارێزێ، دەبێت نرخەکەی بدات، نرخەکەیش ژیانە تایبەتیەکەیەتی.. هەموو ئەڵهایەکی ئەوە بوو ببێ بە قازی، پەیوەندی لەگەڵ خەڵکیدا سەرپێیی بوو، پێوەندی قووڵ و پتەوی لەگەڵ هیچ ناسیاوێکیدا نەبوو.

دوو کەڕەت بە قازێتی هەڵبژێررا. بەڵام هێندێك باری تایبەتی بواریان نەدا، ئومێدبڕ نەبوو، دڵنیا بوو درەنگ یان زوو هەر دەیگاتێ، لای وابوو ئەگەر بیگاتێ دەتوانێ پشوویەك بدات و لەم شەڕەشەقەی ئێستای رزگار بێ، هەرچەند بەدەگمەن بیری لە مەرگ دەکردەوە کەچی زۆری لێ دەترسا. وەختێ ئارەزووەکانی لەگەڵ خەم ساردی و بڕ و بیانووی مشتەریەکانیا تێك گیر دەبوون خەمێکی خەست دایدەگرت.. هەموو وورد و درشتێکی کارەکەی خۆی باس دەکرد، خوا نەکات بچێتە سەر باسێك پێوەندی بە کارەکەی خۆیەوە نەبێ.. زۆرجار لە دڵی خۆیدا دەیپرسی تۆ بڵێی خەڵکیش وەکو ئەم بن بەرانبەر جەرگ.. گاڵتەی بە بوونی مرۆڤایەتی دەکرد.. پیاوەتی بەلاوە شتێکی بێ مانایە، تەنێ بەدبەختی، دەوڵەمەندی و هەژاری هێناوەتە گۆڕێ.. بەڵام چار نییە.. یاسای ژیان، لاوازی سەرنەکەوتن و نەخۆشی دیاری کردووە، تەنێ تێکۆشانی بێ ووچانی ئادەمیزاد وای لێ دەکات بەدوور بێت.. تەنانەت هەوڵدانی ملکەچ کردنی دەقەکانی یاسا لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆتدا، خۆی لە خۆیدا واتای بەرگری لە خود دەبەخشێت.. هەروەها سەرکەوتن، هەوڵدان بۆ گەیشتنە سەرکەوتن لە راستیدا بەرگری کردنی ئادەمیزاوە لە خۆی.. ئەمە بوو باوکی دان.

کە دان چووە زانکۆ، باوکی پێشوازی لە پیری دەکرد، رەقەڵەیەکی لاواز، سەری ماش و برنج، چاویلکەیەکی لەچاڤ دەکرد.. هەنگاوی ورد، سەری بەرز، جلوبەرگی ئاسایی لەبەر دەکرد، تەنێ خەریکی کاروبارە تایبەتیەکانی خۆی بوو، هەوڵی دەدا بایەخ بە کاروباری خێزانەکەی بدات، بەڵام وەکو پێویست لە مەیاندا سەرنەدەکەوت.

دایکی –دان– کچە قەسابێك بوو، دوکانچەیەکی هەبوو، باوکی دان لە زانکۆدا ناسی، زۆری نەبرد هۆگری یەك بوون، دوای ساڵێك خواستی.

ژیانی لەگەڵ هۆل ویل دا بریتی بوو لە ناسکی، هەست کردن بە ئەرکی سەرشان، لەو کچانە نەبوو رۆژانیان بە چەنەبازی و خۆهەڵنان دەبردە سەر.. گورج و گۆڵ و ناسك بوو، باوکی –دان– لە سەرەتای ژن هێنانیەوە، پەنای دەبردە بەر ژنەکەی، بە تێپەڕبوونی رۆژگار، کە توانی پشت بە سرووشتی هەستەکانی ببەستێت. دەرکی بەوە کرد، کە یەکێکە لەو ئافرەتانەی پیاو ئیسراحەتیان لەپاڵدا دەکات، ئیتر رووی کردە ئیشەکانی، خۆی بۆ کارکردن تەرخان کرد، بێ ئەوەی هەست بە هیچ نیگەرانی و ماندوو بوونێ بکات، یان ناچار بێت وەختی خۆی لەگەڵ ژنەکەیدا بەسەر بەرێ و بایەخی زۆری پێ بدات، ئەو بایەخەی مەبەست و ئەڵهای زۆربەی ئافرەتانە.. ئەم، بۆیە خواستی، چونکە هاوتەبیعەت بوون. بەو شێوەیە رەفتاری لەگەڵدا دەکرد

وەکو ئەوەی ئەو ئافرەتە نموونەییە بێت کە بەدوویدا دەگەڕا، دیارە بە هەڵەدا نەچووبوو وەکو ژنێکی گوێڕایەڵ و سەلار بە گوێرەی دڵی ئەم دەجولایەوە، کارێکی وای نەدەکرد ببێ بە کۆسپ لە ڕێگای کارە سەرکەوتووەکانی مێردەکەیدا.
دوو ساڵ لە باوکی —دان— منداڵ تر بوو، کە دان چووە زانکۆ ئەویش پیر بوو بوو، داوی سپی کەوتبوونە قژەکەیەوە، گاسنی ڕۆژگار ڕوومەتەکانی کێڵابوو، قسەکردنی پیرێتی دەنواند، لەبەر ئەوەی پزیشکێکی وای وەچنگ نەکەوتبوو، ئازارەکانی دەستنیشان بکات، بیگێڕێتەوە بۆ کەماڵی سیحەت و لەو لاوازی و بێ تاقەتییە ڕزگاری بکات و گوڕێکی بخاتەوە بەر، بێ ووچان دەگەڕا بە شوێن پزیشکێکی تردا، جۆرەها حەب و دەرمانی دەخوارد. خۆی بە گەلێ شتەوە خەریك کردبوو، هەندێك جار یاری بەرزەخی "برج" دەکرد و سەردەمێکیش خەریکی کاروباری کلێسە بوو، یان گوێی بۆ موناقەشەی کتێبە هەڵبژاردەکان ئەگرت کە کۆمەڵەی ئەدەبیاتی ژنان لە ئاهەنگەکاندا دەیکرد.
شانازی بە کوڕەکەیەوە دەکرد، لە هەمان کاتیشدا دڵی هەر لای بوو، لێی دەترسا: زۆر کەڕەت حەزی دەکرد کوڕەکەی لە مێردەکەی هەڵکەوتووتر بێت، کە دەیڕوانیە بەژن و باڵای کوڕەکەی— کە لە مێردەکەی قۆزتر و کەڵەگەتتر بوو— شادیەکی نهێنی لە ناخیا جۆشی دەسەند.. وای دەهات بە خەیاڵدا کوڕێکی بەکەڵك و پیاوانە و پاك بێت.
سروشتی ساردوسڕی دایکی یان خامۆش بوونی سۆز لەلای دایکی وای لە (دان) کرد، وا بیر بکاتەوە کە دایکی خۆشی ناوێت. لە ماوەی نێوان ١٠-١٢ ساڵی تەمەنی خۆیدا، هەستێکی وای لا دروست بوو کە خێزانداری داك و بابی لەسەر بناخەی خۆشەویستی دروست نەبووە، وەختێ چووە زانکۆ پەنای بردە بەر تیوریە گەوجەکانی فرۆید، بۆ لێکدانەوەی پێوەندی نێوان داك و بابی، گەیشتە ئەو سەرەنجامەی کوشتەی دەستی "کبت"ن، ئەوەشی لا دروست بوو کە سۆزیان بەرانبەر ئەم ساختەو دەستکرد بووە.. ئەم دۆزینەوەیە —خۆی وای نێو نابوو— وەکو خەڵاتێك بوو بۆی، سواری کۆڵی بڕوایەك بوو کە ئەم هەمیشە زیرەك بووە.
دان —هەستی دەکرد، ژیان بارێکی قورسە بەسەر شانیەوە، شتێکی قورس و بێزارکەرە، خەڵکیش لە کۆمەڵێ پەیکەری بۆش و بەتاڵ بەولاوە چیتر نین، کوێرانە هەنگاو دەنێن، کەوتوونەتە گێژاوی درۆو دەست بڕین و ڕیاکارییەوە.. ئەگینا کەی ئەمە ڕاستە یەکێك پاشەقولی یەکێکی دی بدات و ئەستۆی ورد بکات، ئەمە تەواو لە دیوی دەرەوەی کۆشکێکی ڕازاوە دەچێ، کە لێی نزیك بوویتەوە هیچ شتێك نابینی.. بیری بە دەوری ئەم هەموو شتەدا دەخولایەوە، کە هەستی دەکرد بایەخ بەم ڕاستیانە دەدات، شتەکانی دی دەکات بە چەند چەپکە پرسیارێکی لاوەکی و لە پەراوێزێکدا دایاندەنێت، هەستی بە شادی دەکرد، ژیان شتێکی توڕەهاتە و هیچ واتایەك نابەخشێت، ئەمە پرسیاری هەوەڵ و ئاخیری بوو، دیارە وەڵامیش ڕوون و ئاشکرایە و هیچ ڕوشانێك هەڵناگرێ..
چونکە وای دەڕوانیە ژیان کە قاپێکی بۆش و بەتاڵە، وای دەهات بە خەیالا کە لە چاوی بینەرێکی هەمیشە وریا و هێمن و لەسەر خۆوە تەماشای شتەکان دەکات.. هەندەك جار واهیمە وای لێ دەکرد خۆی بە دوو کەس بێتە بەرچاو.. یەکێك لەم دوو کەسە چاودێری ئەوی تریان

دەكات، لە پێكەنین، گاڵتە كردن، باوێشك دان، تەنانەت جاری وا هەبوو ئەم لە دەریای بیر كردنەوەدا بوو، دیالۆگێكی خەیاڵی لە نێوان دوو كەسەكەدا چێ دەبوو، یەكێكیان تەوسی بەمی تریان دەكرد.

هەندێ جاریش كە زۆری دەخواردەوە، تەواو خەیاڵ دەبوو، وای دەهات بە خەیاڵدا كە لە رامان و وورد بوونەوەدا دەگاتە لووتكە، خۆی وا دەبینییەوە كە چاودێری –دان هول ویل– دەكات، ئەو –دان–ەی هەموو جیهان دەیناسی كە وەكو بەرد وایەو گەلەك ساردە، زیاتر لە لاشەیەكی بێ گیان دەچێت.

چونكە بە ئارەزووی خۆی نەچووە زانكۆی "هارفرد" دڵنیا بوو مەیلی لە خوێندنی "یاسا" نییە، هەمیشە پەشیمان بوو لە چوونە زانكۆ، باش بوو شەڕ سنوورێكی بۆ ئەو نەخشەیە دانا كە ئەم بۆ ژیانی خۆی كێشابووی، توانی لە ماوەی شەڕدا هەندێ ئیشی كارگێڕی بكات، ئەوجا وەكو ئەفسەرێكی یاریدەدەر خانەنشین كرا.

كە سوپای جێهێشت و گەڕایەوە ماڵێ، بابی بوو بوو بە قازی، بەمە گەییشتە ئەو ئاسوودەییەی بە هیوای بوو، بەڵام پیری بە ئاشكرا لە سیمایدا دیار بوو، سەری تەواو سپی بوو بوو، لۆچ كەوتبوونە دەموچاوی، هەرچەند زۆر كاری نەدەكرد، كەچی هەمیشە نیگەران بوو، بە بچووكترین شت توڕە دەبوو، –دان–ی هاندا بگەڕێتەوە سەر خوێندنی یاسا، بەڵام دان ملی نەدایە خەت، چەند وتەیەكی توند و ناخۆش كەوتە نێوانیانەوە، دان بە ئاشكرا بابی تاوانبار كرد، پێی گوت نایەوێ هەموو ژیانی لە پێناوی ئەودا بەخت بكات كە سەركەوتوو بێ، باوكی دان زۆری پێ ناخۆش بوو، قسەی وەها رەق لە كوڕەكەی ببیستێ، ناچار بێدەنگ بوو، ئەمجا پشتی تێكرد و ژوورەكەی جێهێشت، هەركە دەرچوو، دان هەستی كرد بە هاسانی بەسەر بابی دا زاڵ بوو، ئەم سەركەوتن و زاڵ بوونە هەستێكی بۆش و بەتاڵی لا دروست كرد، گەییشتە ئەو سەرەنجامەی سەركەوتنەكان پاكیان توڕەهاتن و هیچ واتایەك نابەخشن.

زۆر بەسەر ئەم رووداوەدا نەڕۆییشت، دان گەڕایەوە سەر رەشنووسی ئەو رۆمانەی كە ئەوسای لە زانكۆ بوو خەریكی بوو، بە ووردی دەستی كرد بە خوێندنەوەی، زوو بەزوو لەگەڵیا گونجا، لە مێشك و دەرونیا قوڵپی دەدا، لووت بەرزییەكە گرتییەوە، بڕیاری دا سەر لە نوێ بینووسێتەوەو چاپی بكات، وەختێ لەگەڵ باوكیدا دەمەقاڵێیان بوو، بەڕەقی پێی گوت نایەوێ ژیانی بۆ ئەوە تەرخان بكات كە سەركەوتوو بێ، هەرگیز بیری لە نووسین نەدەكردەوە بگرە نەشی دەزانی چۆن ژیان بەسەر بەرێ.. بەڵام ئێستا سەركەوتن و نێوبانگ بە ئاشكرا ختووكەی دەدەن، توانای نووسینی هەیە، رەنگیشە ببێتە دەوڵەمەندێكی چاك و رۆماننووسێكی نێودار.. ئەی بۆ نا؟ ئەو نووسەرانەی ئەم رێزیان دەگرێ، ژمارەیەكی زۆر كەمن، ئەمیش لەوان كەمتر نییە، ئەگەر لە رووی توانا و زیرەكییەوە زیاتر نەبێت.

–دان– لەماوەی شەش مانگدا رۆمانەكەی پاكنووس كردەوە، دەتوانیت بە تۆمارێكی گەش و راستگۆی –دان– و هاوچەرخەكانی زانكۆی و ماوەی شەڕی بژمێری، هەرچەند پاڵەوانەكانی خوازراو بوون، زیاتر شێوازی گفتوگۆی خودی "ارنست همنگوای ئاسایی" بەكار هێنابوو، بەڵام هەموو رووداوە خەست و سۆزە چڕەكان زادەی خەیاڵێكی تیژ و زیرەكانە بوون.. ئاشكرایە ئەو

ڕەنجەی —دان— بە ڕۆمانەکەوەی کێشابوو، گەورە و باڵابوو، گەلێ شتی تێدا دیاری کردبوو، ژیان دوو شتی چەسپاوی گرتۆتە خۆی: ڕێکەوتی ڕووت و ڕۆمانسیەت.. ئەوجا پاڵەوانی ڕۆمانەکەو هاوڕێکانی وەکو کەسانی زیندووی ناوازەو دیار پێشکەش کردبوو، تەنانەت کیژانی زانکۆ لێهاتوو، هێمن بوون، کارەساتی شەڕیان گشت چەشتبوو، شوێنەوارێکی وای لە دەروونا جێهێشتبوون هەر خۆش نەبێتەوە.. کۆتایی ڕۆمانەکە بە تەواوی ناکۆکی نێوان ناوەوەی —دان— و بڕواکانی دەنواند.. —دان— کە لە ڕۆمانەکەی بووەوە، موچوڕەکەی شادی پێدا هات، هێندەی دی با چووە کەوڵییەوە، خۆی بە بەهرە دەگمەنەکەیەوە با دەداو تەنانەت وای دەهات بە خەیاڵدا کە ڕادەی فرۆشتنی ڕۆمانەکەی زۆر زۆر دەبێت.

بڕیاری دا ڕۆمانەکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێ و بچێ بۆ نیویورك، هەوڵ بدات لەوێ کارێك وەدەست بخا، ئەوەندە پێی بژی تا بڵاوکەرەوەیەکی دەست دەکەوێ کە ڕۆمانەکەی بۆ بڵاو دەکاتەوە، هێشتا بە تەواوی جێگیر نەبووبوو بە ڕێکەوت چاوی بەجارێك "اعلان" کەوت، داوای بەشدار بوون دەکات لە گرەوی ڕۆماندا، گرەوێك خەڵاتەکەی ١٠هەزار دۆلارە.. —دان— سێ و دووی نەکرد، ئەم هەلەی قۆزتەوە، ڕۆمانەکەی خستە ئەو مەیدانەوە.

—دان— خەڵاتەکەی بردەوە.. ڕۆمانەکەی لە یانەی نووسەرانیشدا پەسند کرا، ڕەخنەگرەکان کەوتنە پێشوازی کردنی، وەکو بلیمەتێ بناخەی نوێ بۆ ڕێبازی دروستی ئەدەبی ئەمریکی دادەنێت.. یەکێك لە کۆمپانیاکانی سینەما پارەیەکی مۆڵیان بۆ تەرخان کرد، کە ڕۆمانەکەی بکەن بە فلیم.

بەڵێ.. دان هون ویل، دەوڵەمەندی، سەرکەوتن، نێوبانگی وەدەست هێنا.

نێوبانگ و سامان، لە مانگەکانی هەوەڵی سەرکەوتنەکەیدا بە تەواوی باڵیان بەسەریدا کێشابوو، تا ڕادەیەکی زۆر سەرقاڵیان کردبوو، وەکو ئادەمیزادێکی یەجگار بایەخدار ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرا.. هەر ئەوەندە ئەو کتێبەی دەرکرد، لە شەوو ڕۆژێکدا بوو بە گەنجێکی سەلار و ڕێز لێ گیراو هەموو سەرنج و قسە و نوکتە و کاڵتەبازیەکانی بوون بە شتی بەنرخ، بگرە خەڵکی لاساییان دەکردەوە، شتەکانی بوو بوون بە مەزەی قسەوباس، خۆ ئەگەر هاوڕێ لەگەڵ ئافرەتێکدا چووبایە یانەیەکی شەوانە، شتێ بوو شایانی بڵاو کردنەوە بوو.. ئەو سامانەی هاتە دەستیەوە بەلای خۆیەوە هیچ تام و لەزەت و کەڵکێکی نەما.

—دان— هەر تەنێ ئەوەندەی لەگەڵ خەڵکیدا بایە چێژی لە بەری سەرکەوتنەکەی وەردەگرت، کە لەگەڵ خۆیدا دەدواو لە خەڵکی دادەبڕا، لافاوی قین و بێزاری خۆی بەسەر ئەوانەدا دەڕژاند کە مەرایی لەبەر دەکەن و پیایا هەڵدەدەن، ئەوجا دەکەوتە گیان خودی خۆی و ریسوای دەکرد، تەماشای کرد دەربڕینی —نیمچەکەر— لە جاران خۆشترە لەسەر زمانی، قین و بێزاری لە جۆش و خرۆشانی زیاتر دەبوو. نۆ مانگ بەسەر ژیانی ڕابواردن و ئاهەنگی ڕێز لێناندا نەبووری تاکو خۆی لەوپەڕی ماندوێتی بیر کردنەوەدا بینییەوە، هەرچەندە پێوەندی خۆشەویستی دەبەست، کەچی هەستی بەسۆزی ڕاستەقینەو قووڵ نەدەکرد بەرانبەر ئافرەت، تەنێ بە زمان دانی بۆ هەڵدەڕشتن و فریوی دەدان، بەڵام مێشێك میوانی دڵی نەبوو.. تەنانەت بە هەمان گیانەوە دەیڕوانیە کتێبەکەی، هەرچەندە وای دەنواند کە لەوپەڕی شادیدا بێ، بەڵام ئەمە تەنیا پەردەیەك بوو

خودی سارد و سری خۆی لە ژێردا وەشاردبوو، بڕوای نەدەکرد ئەو ئافرەتانەی کە ئەم لەگەڵیاندا رایدەبوارد تۆزقاڵێ سۆزی بەجۆشیان تێدابێ، هەرچەند واش خۆیان نەدەنواند، وای خەیاڵ دەکرد ئەمانە فریوی دەدەن، بگرە خۆشیان فریو دەدەن.. زۆری پێ نەچوو ئەو دەریای نێوبانگەی مەلەی تێدا دەکرد لە چاویا ووشك بوو، تەنێ هەڵخەڵەتاندنێك بوو و بەس، بە تێپەڕبوونی رۆژگار گەیشتە ئەم سەرەنجامەی خەڵکی بۆیە پەنا دەبەنە بەر ئەم جۆرە درۆ و دەلەسەیە کە خەمی دڵیان فەرامۆش بکەن و باخێکی درۆزنانە بۆخۆیان دروست بکەن، دەرگای جیهانی نێوبانگی کردەوە، لەگەڵ هاوبیر و هاوهەستەکانیدا سەرگەرم بوو، چونکە بڕوای وابوو، پێویستە ژیان وا لێ بکرێ بە لای ئەوانەوە کە مژولی ژیانی کۆمەڵایەتی و شادی و رابواردنن، جۆرە واتا و هەست و سۆزێك بگەیەنێت، ئەو نێوبانگەی خۆی بۆ هیلاك کرد، پاکانەیەك بوو بۆ ئەو غەرایی و فیزەی بەسەر خەڵکەکەدا زاڵ بوو بوو.. هەستی بە گەورەیی دەکرد، شانازی بەو زیرەکییەوە دەکرد، کە رێگای بۆ خۆش کرد بە روونی شتەکان ببینێ و خۆی لەوە بپارێزێت بکەوێتە ئەم جۆرە چاڵەوە.

بۆیە سەرکەوتن و نێوبانگ کارێکی ئەوتۆیان نەکردە سەر سروشتی بنەڕەتی —دان هول ویل— نەشیانتوانی لەو رێبازەی لابدەن کە ببێ بە فەیلەسوفێك و لە بونەوەر رامێنێ و وردەوە بێ و بە دووی نهێنییەکانی ژیان و ناخی ئادەمیزادا بگەڕێت.. سەرەڕای ئەو هەموو شتە، هەستی دەکرد تەنیایی لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی داوە، ئەو سەرکەوتنەش کە وەدەستی هێنا، تەنیا تاقی کردنەوەیەك بوو، کە توانا و دەسەڵاتی خۆی بناسێت و بزانێت و دڵنیا بێ بە رەنجێکی کەم سەرکەوتن وەدەست دەهێنێ.

هەرچەند کات بە خێرایی تێدەپەڕی، ئەم وەکو پێویست ئیشی لە کتێبی دووەمیدا نەدەکرد، وورده وورده هەستی بەمە کرد، گەورەییەکەشی هێدی هێدی بنی دەنایەوە، گومانیش پەیتا پەیتا دەرگای مێشکی دەکوتاو هاواری لێ دەکرد کە سەرکەوتنەکەی وەکو خۆی تێی گەیشتبوو، شتێکی مەزن نەبوو، نەك هەر ئەمە بگرە نیگەرانییش سەری ژەنیە گیانی توانای سەرکەوتنی ، ئەگەر ئەمجارەیان سەرنەکەوت، ئەوا دەبێ بخرێتە ئامێزی هەڵدێری بیرچوونەوەوە، بەقین بوونەوەی لە خەڵکی ببێتە مەخسەرەو ئەوجا بکەوێت و ئەمە هێندەی دی نیگەرانی دەکرد، لەوە دەترسا ئەگەر ئەمجارەیان سەرنەکەوت، ئەوا چۆن خۆی بە خەڵکی رادەبوێرێ، ئەوسا ئەوان بەم رادەبوێرن.. تەنێ بە وەدەست هێنانی سەرکەوتنی بێ وچان دەتوانێ بەردەوام بێت لەسەر ئەم یاریەو لەگەڵ ئەو گەوج و گەلحۆیانەدا رەفتار بکات، چاوی جیهان بە توانا و بەهرەکانی بپۆشێت، وای خەیاڵ دەکردەوە داوێکی باریکی بەدەستەوە ماوە هەر کە بچڕا، پەردەی لە روو لادەچێت..

بێ هودە خۆی ماندوو کرد کە دەست بکات بە نووسینی رۆمانێکی نوێ، تەماشای کرد هیچی پێ نەماوە، هەستی دەکرد بە راستی بووە بە نیمچە کەر.. لە هەموو کاتێ زیاتر خووی دایە خواردنەوە، وەکو هار کەوتە راوە ئافرەت، بەتایبەتی ئافرەتی بەمێرد، چونکە بە هاسانی دەهاتنە دەستەوە، زۆری نەبرد هەستی دەکرد پێویستی بەو سامانە هەیە کە بەفیڕۆ داینا و دەستی پێوە نەدەگرت، کەوتە جڵەو گرتنەوەی خۆی، پارەی بۆ هیچ کەسێك، بەتایبەتی بۆ

ئافرەت —خەرج نەدەکرد، چونکی هەر بەوەوە نەدەوەستان هەرەسی پێ بهێنن و ناوی بزڕێنن، بەڵکو دەیانویست بیخەنە سواڵیش.. توانیان کات و توانا و بەهرەو زەین روونی لێ بدزن.. توانیان بیکەن بە دەفری پڕوپاگەوندەو بەبەستە بۆش و بەتاڵەکانی خۆیان.. خۆ ئەگەر فریای خۆی نەکەوێت، ئەوا بەجارێ دەبێ بە گاڵتەچی هەموو لایەك.. وای لێ دەهات سەری دەکرد بە هەموو کونێکا، تێکەڵاوی خەڵکی دەکرد، خووی دایە راوە ئافرەت، بەڵام هەر نەیدەتوانی لەو نائومێدییە رزگار بێت کە دای دەپلۆست، وای دەهات بە خەیاڵدا ئەمیش خەریکە دەبێت بە دەهۆڵێکی بۆش، لە هەموو کاتێك زیاتر قینی لە خەڵکی دەبووەوە.

—دان— بۆ سێهەم جار ئەوەی رەت کردەوە کە لە ستۆدیۆی سینەمادا کار بکات، دۆست و ناسیاوەکانی دوای هێنان و بردنێکی زۆر ئەم رەت کردنەوەیەیان بە تروسکەیەك دایە قەڵەم کە فریای پاراستنی کەرامەتی کەوت، جگە لەوەی پێویستی بە پارە نەبوو، لەوەش دەترسا ئەگەر لە ستۆدیۆیەك دا وەکو سیناریۆنووسێك کار بکات، سەر نەکەوێت.. ئەوجا هەستی دەکرد بڕوای بە خۆی کز دەبێت، هەمووشی سەبارەت بەوە بوو کە لە سەرنەکەوتن دەترسا.. هەتا دەستی کرد بە قسەی قەبەو قەڵەو، خۆی وا دەنواند ئیتر رۆمانی هیچ و پوچ نانووسێت، خۆی بۆ کارێکی بەکەڵك تەرخان دەکات، بەلای کەمەوە کتێبێکی تا رادەیەك خەملیو پێشکەش دەکات.. دۆستەکانی کەوتنە ستایشی ئەم خۆ بەکەم زانینەی . لەوەبەر رۆمانێکی باڵای نووسی، ئەگەر ستایشیان کرد لەبەر ئەوە بوو گەلێ بیری ئەدەبی بایەخداری پێشکەش کرد.. خۆی دەیزانی بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەو هەڵوێستە، تا ناچاریان بکات پیا هەڵبدەن، کارەکەی بخەنە بەر ووردە بینی گفتوگۆوە.. کەچی لە هەمان کاتدا لێیان دوو دڵ بوو، لەبەر ئەوەی ئەوەیان دەکرد.. گەوج بوون.. لێشاوی نەحلەت رای دەماڵێن.

دان، بەرە بەرە هەستی بە بۆشاییەکی فراوانتر دەکرد، ئەم بۆشاییە هەموو دەمێکی ژیانی گرتەوە، هەموو بەیانییەك لەسەر مێزەکەی دادەنیشت، هەوڵی دەدا دەست بە نووسینی رۆمانێکی نوێ بکات.. دوای چەند رۆژێك توانی چەند لاپەڕەیەك رەش بکاتەوە، بڕوابوونی بەخۆی زۆندوو بووەوە، وای خەیاڵ دەکرد ئەوەی کردوویەتی شتێکی باش بووە، بەڵام هەیهوو، ئەم بڕوایە زۆر بڕی نەدەکرد، بە پەلە ئەوەی نووسیبووی دەیخستە لاوە، سەر لە نوێ دەستی پێ دەکردەوە، بەیانییەك تەماشای کرد بە هیچ جۆرێك توانای نووسینی نەماوە.. نیگەرانییەکی بێ ئەندازە سواری سەری بوو، سۆزە لەبن نەهاتووەکەی، زەینە روونەکەی گۆج و ئفلیج بوون..

شەش مانگی پڕ لە نەهامەتی و بۆڕخواردن تێپەڕی، ئەو پارەیەی هەیبوو وردە وردە هاتە کزی، دوو ساڵ و نیوە هیچ شتێکی بۆ بڵاو کردنەوە نەناردووە، نووسەری تازە جێگایان گرتەوە، ناوی لە گۆڤارەکاندا کوێر بووەوە، خەڵکی پشت گوێیان خست، باسی کارەکەیان، یان ئەو رۆمانەی وای دەردەخست خەریکی نووسینێتی نەدەکرد.. کە دەرکی بەوە کرد خووی دایە ئەو شتانەی دەیتوانی قسەیان تیا بکات، زۆر باسی خۆی دەکرد، ئەوەی روون دەکردەوە کە بۆچی بە ساردی و هێمنی خەریکی دووەم رۆمانیەتی.. بەڵام بەچی دەچێت، ئەستێرەی بەرەو کزی دەچێت، خۆشی ئەمە چاك دەزانێ، بەجۆرێ خوی دایە خواردنەوە، وەکو ئەوەی هەرگیز نەیخواردبێتەوە، بەیانیان هەڵدەستا، پەژارە و خەم دەیانگوشی، دەستەکانی دەلەرزین، دوای

ئەوەی قاوەیەکی دەخواردەوە، چەند حەبێکی قوت دەدا، هەوڵی دەدا بنووسێت، بەڵام بێهودە توانای نووسینی هیچ شتێکی نەما.. بەیانییەك بە قێزەوە قسەی لەگەڵ خۆیدا دەکرد، کە چۆن بە هیچ کلۆجێك توانای نووسینی نەماوە، ئەوجا ڤیللاکەی جێهێشت، رووی کردە یەکێك لە بارەکان، ئەوە دوارۆژی بەر لە خۆکوشتنەکەی بوو....

وەختێ لاشەکەی —دان— لە ڤیللا پڕ لە گازەکەدا دۆزرایەوە، کۆمەڵێ پەڕە کاغەزی سپی و بێ گەرد لەسەر مێزەکەی دانرابوو.. لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسرابوو:

چیرۆکێکی سەرکەوتوو..

نووسینی: دان هول ویل.

لە لاپەڕەی دووەمدا نووسرابوو:

پێشکەشە بە باوکم.

لاپەڕەکانی دیش هەموو بە سپێتی مابوونەوە.

# میوان

چیرۆکی: پول دارسی بولز*

لە پشت مێزەکەی قاتی خوارەوە دانیشتووم و دەنووسم، لەو شوێنەی کە هەندێ جار وەزیفەکانم ئەنجام دەدەم و هەندێ جاریش کات بەسەر دەبەم. کاتێ لە پشت ئەم مێزە دادەنیشتم، بریجی دەهات و لە پشتمەوە دەوەستا. من دوای چەند ساتێك هەستم پێ دەکرد، ئەوسا بە ئەسپایی ئاوڕم دەدایەوە، چونکە نەمدەویست بیترسێنم. چاوەکانی درشت و شین، و قژی سوور وەکو رەنگی زەردەپەڕی رۆژئاوا بوو. چەناگەی نەبوو و کولمەکانی وەکو دوو بەردی نەرمی بچووك لەژێر پێستە سپییەکەیەوە دەرپۆقیبوون. کیژێکی جوان نەبوو، بەڵام هەر ئەوە بوو کە هەبوو.

کاتێ ئاوڕم دەدایەوە، ئەو لەوێندەر وەستابوو، وەکو چۆن چاوەنۆڕ بووم. دەمگوت:

– کارێکت هەیە بریجی؟

سەری بادەدا. تەنیا دەیویست لە حاڵم ئاگادار بێ و کە دڵنیا دەبوو، دەگەڕایەوەو دەڕۆیی. باب و داکم دەیانگوت کە هەمان کار لەگەڵ ئەوانیشدا دەکات. چەند ساتێك دەوەستێ و نیگایان دەکات و پاشان دەڕوات، خۆشحاڵە بەوەی کە ساغ و سەلامەتن و لەوێندەر ئامادەن.

ئەو تەنیا بۆ شەش هەفتە لەگەڵ ئێمەدا بوو. ئەمە یەکێك بوو لەو بەرنامانەی کە لە سەرانسەری ئەمریکادا ئەنجام دەدرا. گرێبەستیان دەگەڵ خێزانەکاندا دەبەست تا بۆ ماوەیەك میوانداری هەندێ منداڵانی ئێرلەندی بکەن. مەبەستی ئەم بەرنامەیە ئەمە بوو شوێنانی جیاوازی دنیا بەم منداڵانەنیشان بدەن. من زۆر لەگەڵ ئەم بەرنامەیەدا بووم. برایەکەم پزیشکە و ماوەی ساڵێکە لە رۆم کاردەکات و خوشکم نییە.

شەوی یەکەم کە باب و داکم بریجی–یان لە شارەوە بۆ ماڵ هێنایەوە، قسەی نەدەکرد. لەو کیژە چکۆلانە نەبوو کە کاتێ قسەی دەگەڵ دەکەن، لە وەڵامدا سەر بلەقێنێ یان بڕوانێتە دەرودیوار یان بە کەڵەموستی پێی یاری بکات یان لە پشت قەنەفەوە خۆی وەشێرێ، نە، لەو کیژانە نەبوو، تەنیا قسەی نەدەکرد، دەتگوت دەمیان درو بوو.

جانتایەکی سەوزی چکۆڵەی پێ بوو کە جلەکانی تێ کردبوو. بوکەڵەیەکی کۆنی شپڕێوی بە باخەڵەوە بوو. ئەمە هەر هەموو بارو بنەکەی بوو. رۆژی دوایی دایکم بۆ فرۆشگای برد و چەند

دەستە جلێکی نوێی بۆ کڕی. هێشتاش زۆر قسەی نەدەکرد و تەنیا دەیگوت: "بەڵێ بێ زەحمەت" و "مەمنونم".

کاتێ کە دایکم جلە تازەکانی لە پاکەتەکانیان دەرهێنا تا هەڵیان واسێ، بریجی زۆر بە ئەدەبەوە دەستی بە جلەکاندا هێنا، دەتگوت هی نەفەرێکی دیکە بوون و ئەو بۆی نەبوو هیچ ئیرادێک بگرێ. تەمەنی نۆ ساڵان بوو.

لە هەوەڵەوە زۆر بە پارێزەوە هەڵس و کەوتمان دەکرد تاکو ئەو ناڕەحەت نەبێ. نەدەبوو چ شتێکی لەمەڕ وڵاتەکەی لێ بپرسین. لە بەلفاست هاتبووە دنیاوەو لەوێندەر گەورە بوو بوو. چوار خوشك و برای هەبوو. ئەو دووەمین مناڵی خێزانەکەیان بوو. دایکی ساڵ و نیوێك لەوەپێش مردبوو و بابی بەخێوی دەکردن. ئێمە ئەم زانیاریانەمان بەر لە دیتنی ئەو، لەو فۆرمانەوە بەدەست هێنابوو کە دابوویان پێمان. بەڕێوەبەرانی ئەم بەرنامەیە بەتەما بوون ئەو مناڵانە بێ ئەوەی چ ئازارێك بدینن، لەگەڵ ژینگەی تازەدا رابهێنن. بەڕای من بیرێکی زۆر چاك بوو، بەڵام عەیبی کارەکە تەنیا ئەمە بوو کە نەدەبوو زۆر بچینە بنج و بناوانییەوە.

هەرا و هەنگامەی دەنگی ترومبێلان و هاتووچۆی بنیادەمان بە باشی لە ژووری نان خواردندا دەبیسترا. هەراوهەنگامەکە زۆر نەبوو، تەنیا دەنگی ئەگزۆزی ترومبێلان نارەحەت بوو، کە شوفێرەکانیان وایان دەزانی سواری ترومبێلی پێشبڕکێ بوونەو دەیانەوێ پێشبڕکێ بکەن. کە ئەم دەنگانە لە کاتی نان خواردندا دەهاتە ژوورەوە، بریجی راست دادەنیشت و بێدەنگ دەبوو. ژێراوژێر دەیڕوانییە ئەم لاو ئەولا، دەتگوت بۆ شوێنێکی ئەمین و تاریك دەگەڕێ تا خۆی بشارێتەوە. ئیشتیای لەوەدا نەبوو. هەڵبەتە مەبەستم ئەمە نییە کە زۆری دەخوارد، بەڵکو خێرا خێرا نانی دەخوارد و هیچی لە قاپەکەدا نەدەهێشتەوە. بە هەرحاڵ دەستاوی دایکم زۆر خراو نییە، لێ ئەمە مەسەلەیەکی تر بوو.. دیقەتم دابوو کاتێ خواردنەکەی تەواو دەبوو، دووبارە قاپەکەی نەدەهێنایە پێشەوە تا پڕی بکاتەوە. بەڵام کە خولکیان دەکرد، تۆزێك پێی سەیر بوو، بەڵام هیچ شتێکی رەت نەدەکردەوە.

ڕۆژی سێیەم بوو کە تۆزێ شەرمی شکا و دەستی بە قسان کرد. ئێمە هەموو دانیشتبووین و دەربارەی هەواڵەکانی تەلەفزیۆن قسەمان دەکرد و رای خۆمان دەردەبڕی. تەلاریکیان لە دوبلین بۆردومان کردبوو. بێژەری هەواڵەکان بە دەنگێك کە هەواڵانی باش، هەواڵانی خراپ و هەواڵانێك کە نە باشن و نە خراپ دەخوێننەوە گوتبووی پێکادان لە بەلفاست دا بەر بەرە کۆتایی دێت.

بریجی ڕێك دانیشتبوو و دەستەکانی نابوونە سەر ئەژنۆکانی، لە پڕ گوتی: "بابم جارێکیان لە دوبلین بوو".

هەموو بێدەنگ بووین و پاش ماوەیەك دایکم پرسی: "بۆ پشوو چووبوو"؟

بریجی سەری بادا قژەکەی هۆنی بووەوەو وەکو دوو داوی ئاوریشمین توند بەسەر سەرییەوەی بەستبوو. گوتی:

– نە خانم، بە لۆری چوو بوو بۆ ئەوێندەر تا کۆمەکی دۆستەکەی بکات، ئاخر پێکەوە لە بارەنناۆەکەی ئەوێندەر کاریان دەکرد، باریان دەگواستەوە. کاتێ بابم گەڕایەوە سەگێکی بۆ هێنابووین."

پرسیم:

– چ جۆرە سەگێك؟ چۆنی بوو؟

چاوەکانی بڕینە دووری دوور:

– من ئەو کاتە منداڵ بووم.. شتێکی ئەوتۆم لەیاد نەماوە. بەلەز نیگای بەسەر هەموو شتەکاندا گێڕاو ئەوجا گوتی:

– زۆر جوان بوو. کە کەیفی ساز بووایە، گوێچکە نەرمەکانی قوت دەکردەوە.

رووی لە ئاگرەکە وەرگێڕاو کەمێك شانەکانی بەرز کردەوە:

– دوای یەك هەفتە گوم بوو. دایکم خۆشی نەدەویست چونکە بزێو بوو و شتی دەڕشت، بەڵام خۆ خەتاشی نەبوو، ئاخر زۆر بچووك بوو.

ئەو شەوە پاش ئەوەی دایکم بریجی لە ژوورەکەی تەنیشتی خۆیانەوە خەواند، لێم پرسی کە ئاخۆ دەکرێ بریجی بکەین بە منداڵی خۆمان. دایکم گوتی ئەم کارە مەحاڵە و پێشتر ئەم کارەی کردووە. ماڵی بریجی زۆریان پێویست پێی بوو. بیانووی خۆشیان هەبوو. پاش قسەکانی دایکم، دانیشتم و بیرم لەوە کردەوە. خۆزیم دەخواست کە سەرکۆمارێك یان کەسێکی پارەدار بووایەم تا بمتوانیایە هەندێ لە یاساکان بگۆڕم.

بۆ سبەی کە ڕۆژی سێ شەممە بوو، دایکم بریجی بۆ تەماشای فیلم و گەڕان برد بۆ شار. فیلمەکە بۆ منالان بوو. فیلمێکی شاد و پێکەنیناوی. بەڵام دایکم گوتی بە درێژایی فیلمەکە بریجی نە جوڵەی کردووەو نە پێکەنیوە.

لە مۆزەخانەی (فیلد)ا حەزی لە فیل وماڵباتی ئەسکیمۆکان کردبوو، بەڵام توتەڵە سەگانی ناو موغازەی حەیوانات فرۆشی لە هەموو شتێك پتر سەرنجیان راکێشابوو، دایکم بە زۆر دەستی راکێشابوو و لە موغازەکەی دوور خستبووەوە.

دایکم گوتی:

– ئێمە ناتوانین سەگێکی بۆ بکڕین، چونکە دوایی ناتوانیٚ لەگەڵ خۆیدا بۆ ئیرلەندەی بەرێتەوەو خەفەت دەخوات."

پاش ئەوە دایکم لەگەڵ خۆیدا بردبووی بۆ دوکانی گەمەفرۆشی. هەوەڵجار پێکەوە چووبوونە بەشی بووکەڵان. لیٚ بریجی زۆری بەدڵ نەبووبوو و وتبووی کە بووکەڵەی هەیە. پێکەوە چووبوون بۆ بەشی کاری دەستی. بریجی لەوێندەر شتێکی دۆزیبووەوە کە بەدڵی بوو بوو. پاکەتێکی دەست کرد بوو، چەند پارچە چەرمێکی رەنگاورەنگ و چەند چەقۆیەك و هەندیٚ شتی دیکە لە پاکەتەکەدا بوو. یەکێك بوو لەو کارە دەستییە تەواوانەی کە من تا ئەو کاتە شتی وام نەبینی بوو. لە بریجی–م پرسی ئەگەر قەبوڵ بکات دەتوانم یارمەتی بدەم، بەڵام گوتی:

– نە، خێرا کەتەلۆکەکەی دەخوێنمەوەو فێر دەبم. ئەزیەت مەکێشە.

بەڵام دەمویست کارێکی بۆ بکەم. دوای چەند شەوێك باسی چوونە دەریاچەی بەستەڵەك و سکیت بازیم لەگەڵ کرد. من بەو سکیتەی کە بۆم بە کریٚ گرتبوو، بەدووی خۆمدا رامدەکێشا. دوای ماوەیەك بەفر دەستی بە بارین کرد. لە گەڕانەوەدا بریجی–م کردە کۆڵم، ئەویش سکیتەکانی بۆم هێنا. وەکو ئەسپ لەناو بەفرەکەدا جووتەم دەدا. یەك جار گوێم لە پێکەنینی بوو.

کاتیٚ لە بەرهەیوانەکەیماڵەوە بەفرەکانی سەرشان و ملیم دەتەکاند، گوتی:

– خۆزی نەدەهاتم، هەر نەبوایە پاکەتێکی چەرمیم دروست دەکرد.

گوتم: ئەوەش بۆ خۆی سەرگەرمییەکە وەکو ئەم کارەت، چۆنی لە کارەکەتدا؟

گوتی: خەریکە فێر دەبم. هەوەڵجار زۆر خاو بووم، بەڵام ئێستا باشتر بووم. و ئەوجا زۆر بە خێرایی گوتی:

– حەز ناکەم لە ژووری نووستنەکەم دا کار بکەم.

بەدەم کارکردنەوە لە ژوورەکەدا بینیبووم، زمانی دەرهێنابوو و رووی گرژ کردبوو. زۆر جددی دەهاتە بەرچاو. ئەوەندە سەرقاڵ بوو منی نەبینی. لە سەری رۆیی:

– مەسەلەکە شوێنی گەورەتر نییە. لێرە شوێن هەیە، بەڵام دەترسم فەرشە جوانەکەی ناوەندی ژوورەکە ببڕم. وەرشەیەك لە دەرێی گەراجەکەتان هەیە، تەنیشت ئەو شوێنەی کە ئوتومبیلەکەتانی لێ رادەگری. تەنانەت سۆپاشی تێدایە. هەڵبەتە ئەگەر نەوتی تێبکرێ.

سبەی بەیانی بەر لەوەی بۆ قوتابخانە بڕۆم، وەرشەکەم گسك داو لوولەی سۆپاکەم کردەوە. ئەوێ شوێنێ بوو کە منالێ بووم، زیاتر کاتی خۆم لەوێندەر دەبردە سەرو بۆخۆم فڕۆکەو بەلەمی بچووکم دروست دەکرد.

دوای نیوەڕۆ، کاتێ هاتمەوە ماڵ، زانیم کە زۆربەی ڕۆژەکەی لەوێندەر گوزەراندووە. لە دەرکەی پشتەوە هاتمە دەرێ و بەرەو وەرشەکە رۆیشتم. لە پشت پەنجەرەکەوە تەماشام کرد، بەڵام ئەو لەوێندەر نەبوو. پاشان لە کۆڵانەکەی پشت گەراجەکەوە هات، قژی تێکڕژا. دەتگوت پێشبڕکێی غاردانی کردووە. گوتی:

– دەبووایە کەمێك رێ بکەم. دوای ئەو هەموو کارکردنە لەسەر مێز، ماندوو بووبووم.

– بەرەو وەرشەکە رۆیشتم تا گڵۆپەکان بکوژێنمەوە. بەڵام ئەو زووتر غاری دا:

– من گڵۆپەکان دەکوژێنمەوە:

ئەوسا گڵۆپەکانی کوژاندەوە. زانیم کە نایەوێ من سەر لە کارەکەی دەربێنم. دەرگاکەی داخست. لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵێ، لە کاتێکا چاوی بڕیبووە عاردی گوتی:

– بەکەس نالێی! هەندێ جار حەز دەکەم لەم دەوروبەرە بگەڕێم. گوم نابم.

کە گەیشتینەوە ماڵەوە گوتی:

– چەند خۆشە کە بتوانی بە کەیفی خۆت بگەڕێی، پیاسە بکەیت و مەجبور نەبی لە چوارچێوەو ژینگەیەکی سنووردارا بسوڕێیتەوە.

گوتم:

– مەبەستت چییە؟

– ژینگەی سنووردار شوێنێکە کە تیایدا دەژین و نابێ لێی دەربچین، مەگەر شێت بووبین.

تا ئەو کاتە شتی وام بە بیردا نەهاتبوو، بەتایبەتی کە رێ نەدرێ لەو ژینگە سنووردارە هێوەتر بڕۆی.

سبەی بەیانی پاش قاوەڵتی بۆ وەرشەکە ڕۆیی. دایکم گوتی بۆ فراڤین هات و دووبارە بۆ وەرشەکە گەڕایەوە. پاش شیوی ئێوارەش هەمان کاری کرد تا من چووم بە شوێنی دا و گازم

کرد، چونکە وەختی نوستنی بوو. دایکم هەندێ نیگەران بوو، لێ بابم گوتی رەنگە زیاتر پێویستی بەتەنیایی بێ.
دایکم ئیدی هیچی نەگوت. منیش باسی ئەو شەوەم نەکرد کە بریجی بەتەنیا بۆ پیاسە چوو بوو. ئەوەندە بەس بوو کە بریجی دەیتوانی ئاگای لە خۆی بێ.
چەند رۆژێکی مابوو کە بڕواتەوە. ئێمە هیچمان نەدەگوت. عەسری رۆژێك داك و بابم چوون بۆ شار تا سەری هەندێ لە ئاشناکانیان بدەن. نزیکەی سەعات نۆ و نیو بوو کە داکم تەلەفۆنی کرد و گوتی کەمێ درەنگ دەگەڕێینەوە و سەعات دە بریجی بانگ بکەم تا لە وەرشەکە بێتەوەو بنوێ. پاش ئەوە تەلەفۆنەکە دووبارە لێیدایەوە. یەکێك لە ئاشناکانم بوو. بە قسەوە خافڵام کە خواحافیزیمان لێکدی کرد و تەلەفۆنەکەم داخستەوە سەیرم کرد سەعات دە و نیوە. دەرپەڕیمە دەرێ و بریجی–م گاز کرد، بەڵام وەڵامی نەبوو. شەوێکی کپ و بێدەنگ بوو. شەوی رابردوو بەفر بارییبوو، بەنێو بەفرەکە کەوتم و لە پشت پەنجەرەکەوە روانیم، بەڵام گڵۆپی وەرشەکە کوژابووەوە.
دوای تۆزێك جێ پێی بریجی–م لەسەر بەفرەکە بینی. بەرەو کۆڵانەکە رۆیی بوو. لە ناوەندی کۆڵانەکەدا جێ پێیەکانی تێکەڵاوی جێ تایەی ئوتومبیلان بوو بوو زۆر زەحمەت بوو جێی پێی ئەو بدۆزرێتەوە. بەڵام جێی نیگەرانی نەبوو، چونکە خۆیم بینی. لە کۆتایی کۆڵانەکەدا، لەو شوێنەوە کە بلوارەکە دەستی پێدەکرد و ئەوەندە لە گڵۆپانی سەر شەقامەکەوە دوور نەبوو، بەدیار سەگێکی پیری رەش دا چۆکی دادابوو. چوار پێنج سەگی دیکەش لەوێ بوون. ئەگەر سەگەکە بەپێوە بوەستایە باڵای بەقەد باڵای بریجی دەبوو. نزیکتر بوومەوە. ئاگای لەخۆی نەبوو. لەوەیە گوێی لە دەنگی پێم نەبووبێ. خەریك بوو قرێتەیەکی لە ملی سەگەکە دەکرد. زۆر بە کاوەخۆ ئەم کارەی دەکرد. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "لە ئێستا بەدواوە سەرت بەرز بگرە، بە غروورەوە رێ بکە، هەوڵ بدە گومی نەکەی. ئەمە شانسی تۆیە بۆ چوونە ناوماڵێکی گەرمی باشەوە. خواردنت دەدەنێ و وا دەزانن کە خاوەنەکەت گومی کردوویت و قەناعەت دێنن کە تۆ سەگێکی بەهاداری..."
کە منی بینی جارێکی دیکە دەستی بە قرێتەکەدا هێنا و هەستایە سەرپێ. قریتەکە بە گوڵی جوان جوان رازابووەوە. گوتی: "ئاقیبەت گرتمیت، ئەمە دوا پارچەی چەرمەکە بوو. بە چەرمەکان دوازدە قرێتەم بۆ دوازدە سەگ دروست کرد. جا دوازدە سەگ زەحمەتە لە یەك

شوێندا دەست بکەون، بۆیە ناچار بووم بە دوویاندا بگەڕێم تا بیاندۆزمەوە. هیچیان قرێتەیان نەبوو، بەڵام ئێستا بوون بە خاوەنی قرێتەی خۆیان، لە ئێستا بەدواوە دەتواننماڵێکیان بۆ خۆیان هەبێ، وا نییە؟

قسەم نەکرد. دەستم بەسەریدا هێنا. پێکەوە گەڕاینەوە. گوتی:

– قرێتە وەکو کلیلی ماڵە بۆ ئەوان. مرۆڤ سەگی قرێتەداری لا پەسندترە وا نییە؟

ئەمجارەش چ قسەیەکم نەکرد. سەری هەڵبڕی و تەماشای کردم:

– پێت وانییە بەم کارەم چەرمەکانم خەسار کردبێ؟

گوتم:

– نە، بە هیچ جۆرێ بریجی

ئەوسا هەڵمبڕی "هیچ قورس نەبوو" و خستمە سەر شانم و بەڕێکەوتم. بەر لەوەی کە بڕوات و بنوێ گوتی:

– لە من رازیت؟ ئەگەر وڵاتەکەمان رێ بدات، حەز دەکەی جارێکی دی بۆ ئێرە بێمەوە؟

گوتم:

– بەڵێ، بەڵێ.

خێرا بزەیەکی کرد و بە خۆشحاڵییەوە گەڕایەوەو بە قاڵدرمەکانا سەرکەوت.

من ئەم شتانە لەسەر مێزێك دەنووسم کە هەندێ جار وەزیفەکانمی لەسەر ئەنجام دەدەم. هەمان ئەو مێزەی کە بریجی دەهات و لە پشت منەوە دەوەستا و بەبێ بێدەنگی تەمەشای دەکردم. هێشتاش هەر لەو شوێنەم و خەوم لێ نەکەوتووە. ئەمشەو هەواڵی خراپم لەمەڕ بلفاست ژنەوت. دیسانەوە چەند شوێنێك بۆردومان کراوە. پێش چەند ساتێك گوێم لە حەپەی سەگێك بوو نازانم ئەو بەستەزمانە قرێتەی لە ملە یان نا، ئێستا بریجی لای من نییە. گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی خۆی، بەڵام ئەمە هەموو مەسەلەکە نییە، هەموو حەقیقەتەکە نییە. هەموو دنیا وڵاتی بریجی–یە.

پول دارسی بولز

١٩١٦–١٩٨٤.

لە ئەمریکا هاتووەتە دنیاوە. گەلێك چیرۆك و رۆمان و شانۆنامەی چاپ و بڵاو کردووەتەوە. چیرۆکی میوان–ی لە ساڵی ١٩٧٥دا نووسیوە.. ئەم چیرۆکە دەربارەی کچۆڵەیەکی ئیرلەندای باکورە.